# سانتیمەترێك نزیكتر لە دۆزەخ !!

زمناكۆ بورهان قانع

2008

ژمارە ( 10 )
لە ( بڵاوكراوەكانی پاشكۆی رەخنەی چاودێر )

**سەرپەرشتیاری کتێبی رەخنەی چاودێر:** سامی هادی

- **ناوی کتێب:** سانتیمەترێك نزیکتر لە دۆزەخ !!
- **بابەت:** کۆمەڵە وتار
- **نووسینی:** زمناکۆ بورهان قانع
- **تایپ:** رێگا فریا
- **مۆنتاژ:** تەها حەمەنوری
- **دیزاینی بەرگ:** سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی
- **تیراژ:** (1000) دانە
- **سەرپەرشتی چاپ:** سەردەشت حەمەصالح
- **ژمارەی سپاردن:** (692) ی ساڵی 2008ی وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ.

## پێشکەشە بە :

**گۆرانیبێژی گەورەی ئێران (داریوش) ..**
**هونەرمەندێك پێمان دەڵێت :**
"ژیان دووبارەبوونەوەیەکی بێهودەیە..."

# پێرست

رونكردنەوەیەك: ........................................................ 7
ئارتۆر رامبۆ... هۆمۆسێكسواڵێكی شێتو بۆهیمی!!: ...................... 9
چارڵس بۆدلێر... شاعیری خەمۆكیی پاریس! ............................ 17
ڤێرجینیا ۆوڵف... گێرفانگەلێك پڕ لە بەرد! ............................ 23
رۆبێرت والزەر... شیزۆفرینیاو نەبوونی ئینتیما!! ........................ 33
مارسیل پرۆست.. گەڕان بەدوای زەمەنیونبوودا!! ........................ 39
گۆستاڤ فلۆبێر... مەگەر مەدام بۆڤاری خۆم نیم؟ ........................ 45
جیرارد دۆ نێرڤال.. پێش خۆكوشتن، پیاسەیەك لەگەڵ قرژاڵ!! .......... 51
محەمەد زەفزاف... ئیمپراتۆری ئەدەبی مەغریبی ........................ 59
ئەلفۆنس دی لامارتین... میتافۆرێكی ئۆرێنتاڵ بۆ مەرگ! ................ 65
رێنیە ماریا ریلكە.. شاعیرێك گوڵ دەیكوژێت!! ........................ 71
ستیڤان مالارمێ.. ئیشكردن لەسەر گومان! ............................... 79
فیدیریكۆ گارسیا لۆركا لە قەسیدەكانی "سەیابو بەیاتیو
مەحمود دەرویش"دا ...................................................... 85
كاتێك كافكا دەبێتە قالۆنچەیەكی غول پەیكەر .......................... 107
فلادیمێر مایكۆفسكی.. لەبارەی خۆیەوە دەدوێت ........................ 117
سەیابو جیكۆر.. مرۆڤێكو گوندێك گۆرانی بۆ تارمایی ساڵەكان دەچڕن!! 129
فریدریك هۆڵدەرلین... شیزۆفرینیاو عەشقی زۆزێت!! .................. 137
نازك الملائكە.. دارخورما گەورەكەی عێراق لە میسروشك بوو! ............ 143
جۆرج تراكل، لەنێوان كۆكایینو خۆكوشتن دا !! ......................... 149
رەشبینیو خۆكوشتن لای سێرگی یەسەنینو مایكۆفسكی ..................... 155
لەنێوان گییوم ئەپۆلینێرو لویس ئەراگۆندا.. سوریالیەتو بۆهیمیا!! .... 165

# رونكردنەوەیەك

وتارەكانی نێو ئەم كتێبە لەماوەی دوو ساڵدا نوسراون، لەو ماوەیەدا توشی كێشەیەكی زۆر بووم چونكە بەشێكی زۆری سەرچاوەكان كتێبی ئینگلیزی بوونو لە كتێبخانەكانی كوردستاندا دەست نەدەكەوتن، بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتەش ژمارەیەكی زۆری كتێبەكانم لەڕێی ئینتەرنێتەوە كڕیوەو بەشێكی زۆر كەمیش لە ڕێی هەندێك هاوڕێمەوە كە لە ئەوروپا دەژین چنگم كەوتووە. لەراستیدا نوسینی ئەم كتێبە لەرووی دەرونییەوە زۆر ماندووی كردم چونكە هەموو ئەو نوسەرانەی كە لەم كتێبەدا بەسەر كراونەتەوە یان خۆیان كوشتووە یان شێت بونو یاخود توشی شیزۆفرینیا یان نەخۆشییەكی كوشندە بوون، هیچ نوسەرێكی تێدا بەدیناكەیت كە وەك نازك الملائكة ژیانێكی ئاسایی بەسەر بردبێت، ئەگەرچی ئەویش بەهۆی رژێمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراقەوە بەردەوام ئاوارە بووە، لەبەرئەوە هەموو ئەو وتارانە بەتەواوی ترسناكن بۆ خوێنەرو لەهەمان كاتدا توشی تێكشكانێكی فیكری قوڵی كردوم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چێژێكی زۆرم لەو جۆرە نوسینانە بینیوەو ئەو سیما پڕ لە رەشبینییە لە كتێبو نوسینەكانی پێشوومدا هەروجودیان هەبووەو بایەخێكی زۆرم بەو لایەنە داوە.

لەم کتێبەمدا بە ویستو ئارەزووی خۆم پێم خۆشنەبووە کە خوێنەر توشی ترسو دڵەڕاوکێو گومانو رەشبینی بکەم، بەڵکو ئەوە ژیانی راستەقینەو نوسینو بەرهەمەکانی ئەو نوسەرانەیە کە خوێنەر بەو ئاقارەدا دەبەنو پەلکێشی دەکەنە ناو ئەو دۆزەخەی کە دروستیان کردووە بۆ خوێنەر. دواجار ئەوەی دەمەوێت تەنها ئەوەیە کە ئەم کتێبە لە کتێبخانەی کوردیدا جێگایەکی باش بۆخۆی دەستەبەر بکات.

**زمناکۆ**
**سلێمانی**
**شوباتی** 2008

## ئارتۆر رامبۆ...
## هۆمۆسێكسواڵێكی شێت و بۆهیمی!!



ئەگەرچی لەنێو بنەماڵەیەکی بۆرژوادا لەدایك بوو، وەلێ هەتا مردن کەسێکی یاخیو بۆهیمیو سەرشێتو هۆمۆسێکسواڵو گەڕۆكو بێئینتیماو تێکشکاو بوو. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا یەکێك لە هەرە جوانترینو نایابترین بەرهەمەکانی خۆی دەنوسێت کە قەسیدەیەکی لیریکییەو دەنگدانەوەیەکی زۆر لە نێو کۆڕی ئەدیباندا دروستدەکات. پاشان بە بێ هیچ هۆیەك تا تەمەنی بیست ساڵیواز لە نوسین دەهێنێتو پاش چوار ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی شیعر، ئەگەرچی هەندێك سەرچاوە رایەکی پێچەوانەی هەیەو دەڵێن گوایە لە دوای بیست ساڵیدا بۆ ماوەیەك لە نوسینوەستاوەو پاشان سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ دونیای نوسین.

ئارتور رامبۆ، لە 20 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1854 لە فەرەنسا لە دایكو باوکێکی بۆرژواوە دێتە بوونو باوکی رامبۆ (فریدریك رامبۆ) لە سوپادا ئەفسەر دەبێتو دایکیشی (ماری کاترین ڤیتالی) ژنێکی خانەدانو جوانی فەرەنسی بوو، ئەم ژنو پیاوە بۆرژوایە چوار منداڵیان دەبێت کە یەکێکیان دەبێتە گەورەترین شاعیری ئەوروپاو جیهانوەلێ ئەوانی تر بە بێدەنگی دەمێننەوە.

رامبۆ لەماوەی ئەو تەمەنە کورتەی ژیانیدا کە تەنها 37 ساڵ بوو توانی هەموو دونیا بە توانا لە بن نەهاتووەکانی سەرسامبکات،وەك تەحەدایەك بۆ دایکە خانەدانەکەی بەڵام کۆنسێرڤاتیڤەکەی بڕیار دەدات کە لە تەمەنێکی زۆر منداڵییەوە بچێتە نێو دونیای ئەدەبیاتو هەر لەو ماوەیەدا چەند جارێك لە ماڵەوە رایکردووەو پاشان بە ناچاری گەڕاوەتەوە. لە ساڵی 1875دا بڕیار دەدات کە شارە دڵتەنگەکەی بەجێبهێڵێتو سەفەرێکی دوورو درێژو پڕ لە نامۆیی ئەنجامدەدات بۆ ئەڵمانیاو ئیتالیاو نەمساو هۆڵەنداو قاهیرەو ئەسکەندەریەو عەدەنو

جەزائیرو حەبەشەو سۆماڵو ئەریتریاو ئەسیوپیاو قوبرسو سوریاو لوبنانو یافا لە فەلەستین، پاشانوەك خۆبەخشێك لە سوپای هیندستانو هۆڵەندا دەبێتە سەربازو بۆ ماوەیەك لە (ئەدیس ئەبابا) دەبێتە بازرگانێكی چالاكو ئیترورد‌ەوردە نیشانەكانی شێتیو بێ ئینتیما بوون لە رامبۆدا بەدەر دەكەوێت.

لەساڵی 1878دا لە ئەسكەندەریەوە دەچێتە قوبرسو لەوێشەوە بۆوڵاتانی نزیك دەریای سورو پاشان لە یەمەن دەبێتە خاوەنی كۆگایەكی بازرگانی. رامبۆ نزیكەی دە ساڵ لەتەمەنی خۆی تەرخانكرد بۆ كەشفكردنی شتە نەبینراوو پەنهانەكانو چێژێكی زۆری لە خۆونكردنو سەرهەڵگرتنو نامۆیی بینیوەو ماوەیەك بازرگانی بە شتگەلێكیوەك (چەرمی پێڵاوو لۆكەو تفەنگ)ەوە كردووەو لە هەندێكوڵاتی ئەفریقیدا كلاشینكۆفی ئاودیویوڵاتانی دراوسێ كردووە. یەكێك لە كردەوە شێتئاساكانی شاعیر ئەوە بوو كە كاتێك دەچووە بیابانی حەبەشە بە دەستو پەنجە ناسكەكانی لە ناو لمی بیابانەكەدا چاڵێكی گەورەی هەڵدەكەندو دەچووە ناو چاڵەكەو خۆڵی بیابانەكەی دەكرد بە خۆیداو پاشان لەبەر هەتاوی گەرمی حەبەشەدا كەمێك خەوی لێدەكەوت. سەیر لەوەدا بوو ئەو لە ترسی سەرمای ئەوروپا رایكردبوو (ئەگەرچی ئەمە تەنها یەكێكە لە فاكتەرەكانی سەفەرەكەی) كەچی گەرمای بیابانی حەبەشە پێستە جوانەكەی سوتاندو بۆ ماوەیەك توشی نەخۆشی بوو.

لەم ساڵانەی دواییدا تەلەفزیۆنی فەرەنسی بەرنامەیەكی بەڵگەنامەیی لەسەر ئەو سەفەرانەی رامبۆ هێنایە بەرهەمو بەوردی لەبارەی ئەو سەفەرانەیوڵاتانی ئەفریقاو ئاسیا دەدوا كە رەنگدانەوەیەكی تەواوی هەبوو لە لە هەندێك لە شیعرەكانی رامبۆ دا. لە ساڵی 1884دا شاعیر لە نامەیەكیدا بۆ یەكێك لە كەسە نزیكەكانی دەربارەی حاڵەتو ژیانی خۆی

له عەدەن هەندێك شتی سەرنجڕاكێشی نوسیوەو تێیدا دەڵێت:"ئازارێكی زۆر دەچێژم بەهۆی نەخوێندەواریو نەزانینی خەڵكەوە له بەرانبەرم". كەواتە ئەم ئازارانەی رامبۆ له هەموو جوگرافیاكاندا بەردەوام دەبێت هەروەكو چۆن له پێشووشدا هەر بەو ئازارانەوە دەیناڵاند.

رامبۆ دوای ماوەیەك له ژیانی عەدەن پارەیەكی باش پێكەوە دەنێتو دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا بۆئەوەی كه ژن بهێنێتو كەمێك نیشتەجێو جێگیر بێت، بەڵام هەتا رۆژی مردنەكەی جێگیربوونی بە خۆیەوە نەبینیو بەردەوام كەسێكی تێكشكاو بوو. بەگەرانەوە بۆ قسەكردن لەسەر ئیشەكانی رامبۆ دەتوانین بڵێین كه له ساڵی 1873دا ناوازەترین كاری ئەدەبی خۆی بە ناوی (وەرزێك له دۆزەخدا)ی بڵاوكردەوە كه هەیەجانێكی گەورەی له نێو كۆڕی ئەدیبانی فەرەنسیدا دروستكردو تا ئێستاش به یەكێك له شاكارە ئەدەبییە گەورەكانی فەرەنسا دەژمێردرێت.

رامبۆ له تەمەنێكی كەمی منداڵیدا بەهۆی ئەوەی كەویستوویەتی رابكات بۆ پاریس دەستگیر دەكرێت چونكه بلیتی شەمەندەفەری پێنابێت، لەبەرئەوە دەیگێڕنەوە بۆ شارەكەی خۆی (چارڵفیل)و چەندین شەوو رۆژی لەسەر شەقامەكانو  له كڵێساكاندا كردۆتەوەو پاش ماوەیەك (ڤێرلین) ی شاعیر دەناسێتو ئیتر لەو ناسینەوە پەیوەندییە هۆمۆسێكسواڵیەكانی نێوانیان زیاد دەكات كه لەقۆناغێكی ئەو پەیوەندییەدا شەڕو ئاژاوەیەكی زۆر لەنێوان ڤێرلینو ژنەكەیدا دروستدەبێت تا ئەو رادەیەی كاتێك ڤێرلین له نەخۆشخانه لای ژنەكەی دەبێت لەكاتی منداڵبوندا بەڵام هێندە بە دیارییەوە نامێنێتەوەو هەر زوو نەخۆشخانەكە به جێدەهێڵێتو دەچێت لەگەڵ رامبۆ سێكس دەكات. ئەمانە هەمووی نیشانەی شێتیو یاخیبونن لای رامبۆو پەلكێشی دەكەنە

ناو ژیانێكی بۆهیمییەوەو نوسەرێكی گەورەیەوەك كۆڵنوڵسن لە نوسینەكانیدا زۆرجار بایەخی بە كارەكتەرو بەرهەمەكانی رامبۆ داوەووەك بێ ئینتیمایەكوەسفی كردووە.

رامبۆ چەند جارێك لەگەڵ ڤێرلیندا دەچنە لەندەنو پاشان دەگەرێنەوە بۆ برۆكسل، بەڵام لەوێ رامبۆ هەڕەشە لە ڤێرلین دەكات كە بەجێی نەهێڵێت بەڵام شاعیرە سەرخۆشەكە (ڤێرلین) فیشەكێكی پێوە دەنێتو لەسەر ئەو كارە ماوەیەك دەخرێتە زیندانەوە. رامبۆ لە (وەرزێك لە دۆزەخدا) بە شێوەیەكی زۆر ترسناكوەسفی ئەو دۆزەخەی ژیانی پێشووی دەكاتو لە كاتی خوێندنەوەی ئەو تێكستە نایابەدا خوێنەر بەوردی دەتوانێت هەست بەو نەفرەتانە بكات كە تێیدا شاعیر ئاماژە بەو ژیانە بۆهیمییەی خۆیدەداتو بێزارییەكی زۆری پێوە دیارە.

لە مانگی ژوڵای ساڵی 1891دا رامبۆ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی دایكی بۆ ئەوەی بە هێمنی بمرێت، لەو كاتەدا بۆ ماوەیەك لە جێگادا دەكەوێتو لە سەرەمەرگدا دەبێت، لەنێو ئەندامانی ماڵەكەیدا تەنها (ئێزابێل)ی خوشكی بە تەنگییەوە دەچێتو تا ساتی مردنەكەشی بایەخی پێدەدات. كەواتە رامبۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی كە هەمیشە لە دەستی رایدەكرد، یەكەمین فاكتەری ئەو راكردنەش بۆ ئەوە بوو كە دەیویست لە زێدی خۆی دوور بكەوێتەوەو بە پشوو درێژییەوە لە بارەیەوە بنوسێتو فاكتەرێكی تریش بۆ ئەوە بوو كە بڕێك پارە لە ئەفریقا كۆبكاتەوە. لە كاتی مردنەكەیدا دایكی لە ماڵەوە دەبێتو خوشكەكەشی لە تەنیشتی دەبێت بەڵام دایكی بە هیچ جۆرێك گوێ بە كوڕە نەخۆشەكەی نادات‌و زۆر دڵرەق دەبێت بەرانبەری، هیچ بایەخێك نادات بە ئازارەكانی كوڕە یاخیبووەكەیو زۆر بێزار دەبێت لە پەیوەندییە هۆمۆسێكسواڵییەكانی نێوان كوڕەكەیو ڤێرلینی شاعیر. دایكی رامبۆ هەمیشەوا هەستی دەكرد

که کوڕەکەی کلیلێکەو دەرگای دۆزەخی بۆ دەکاتەوە. دوای نزیکەی (30) ڕۆژ رامبۆ بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئەفریقاو لەویٚ بڕێك پارەی تر کۆبکاتەوە بەو هیوایەی جارێکی تر بتوانێت لەویٚ هاوڕیٚ کوڕە خۆشەویستەکەی که ناوی (جامی) بوو ببینێتەوە، بەڵام ڕۆژێك پێش ئەوەی سەفەر بکات کۆچی دوایی دەکات. هۆکاری مردنەکەشی ئەوەیە که برینێك له قاچیدا دروست دەبێتو توشی هەڵاوسانێکی دەکاتو دواتر برینەکه تەشەنه دەکاتو له ڕۆژی 10ی نۆڤەمبەری ساڵی 1891دا له مەرسیلیا دەمرێت. قەسیدەی (بەلەمە سەرخۆشەکە) ئەگەر بە ژیانی راستەقینەی رامبۆ بچوێنرێت ئەوا دەتوانین بڵێین که ئەو بەلەمە زۆر زوو نقوم بوو چونکه تەنها 37 ساڵ توانی له کەنارەکانی ژیانو شیعرو ئەدەبیاتدا لەنگەر بگرێت.

ژیانی رامبۆ ڕۆمانێکی نەنوسراوە، پڕە له سەرکێشیوو یاخیبوونو ئاوارەییو نامۆییو سەرەڕای شاعیر بوونی نیگارکێشێکی باش بووەو چەند تابلۆیەکی جوانی له بەیروت کێشا بوو که چیرۆکی ئەو تابلۆیانه دنیایەك گێڕانەوەی دژ بەیەك لەخۆ دەگرێتو تا ئێستا دیراسەیەکی تەواووردو درشت لەو بارەیەوە نییە که گومان هەڵنەگرێت.

سەفەرە بەردەوامەکانی رامبۆ ئاماژە بەوە دەکەن که شاعیر هیچ شوێنێکی بە نیشتیمانو زێدی خۆی نەزانیوەو کەسێکی غەوارە بووە، ئەو هەمیشه بێزار بووەو تا ڕادەیەکی ترسناك ڕەگی شێتی له ناخیدا چەکەرەی کردبوو. یەکێکی تر لەو حاڵەته پڕ له پێکەنینەی که له ژیانی رامبۆداوجودی هەبووە ئەوەیە که له 12ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1887دا له عەدەنەوە نامەیەك دەنێرێت بۆ قونسوڵی فەڕەنسا له بەیروت بۆ ئەوەی که لەڕێی قونسوڵیەتی فەرەنساوە پاسپۆرتێکی دەست بکەوێتو بچێت بۆ سوریا چوار گوێدرێژ بکرێتو لەگەڵ قافڵەی حوشترەکانیدا یەکیان بخاتو دواتر بە نرخێکی باش بیانفرۆشێتەوە.

دەربارەی گەشتەكانی رامبۆ كۆمەڵە ریوایەتێكی تر هەیە كە ئاماژە بەوە دەدەن گوایە شاعیر پێویستییەكی زۆری بە پارە بووەو بەڕەنگی ئاوی سێ تابلۆی نەخشاندووەو چووە لە بەیروت فرۆشتویەتی بەڵام تا ئێستاش كاتی تەواوی ئەو گەشتانە نەزانراوە ئەگەرچی هەندێك سەرچاوە دەڵێن لە كۆتایی سێپتەمبەری 1887دا لە بەیروت بووە.

دوای نزیكەی 117 ساڵ بەسەر مردنی رامبۆ دا تا ئێستاش بەشێكی زۆری نوسەرانو مێژوونوسان نەك بە تەنها لە فەرەنسادا بەڵكو لە تەواوی‌وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریكادا خۆیان تەرخان دەكەن بۆ نوسینەوەی بایۆگرافیای ئەو شاعیرە مەزنەی كە لەتەمەنی شازدەساڵیدا نیشانەكانی بلیمەتی تێدا دەركەوتو بە هەردوو شاكاری (بەلەمە سەرخۆشەكە)و (وەرزێك لە دۆزەخدا) پانتاییەكی گەورەی لە جوگرافیای شیعری فەرەنسیدا داگیركرد. نوسەرانو مێژوونوسان لە نوسینەوەی بایۆگرافیای رامبۆدا بەردەوام ئاماژە بە دیمەنە تاریكو پڕ لە خەمۆكیو دزێوەكانی شاعیر دەدەنو تەنها لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەمریكا زنجیرە كتێبێك لەسەر بایۆگرافیاو بەرهەمەكانی رامبۆ بڵاوكرایەوەو تێیدا نوسەرانو رەخنەگران هەمووان لەسەر ئەوە كۆك بوون كە كتێبەكەی (گراهام رۆب) تا ئێستا بە باشترین كتێب دادەنرێت كە لەسەر ئەو بلیمەتە نوسرا بێتو رەخنەگران بە شاعیرێكی رەمزگەراو سوریالی دەیچوێنن ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە لەوڵاتەكەی خۆیدا سەدان كتێبی لەسەر نوسراوەو كتێبخانەی فەرەنسی بەبێ قەسیدەكانی رامبۆ تا رادەیەك دەبێتە كتێبخانەیەكی‌وشكو سوتاوو زەردهەڵگەڕاو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوە لە یاد بكەین كە فەرەنسا بە منداڵانی ئەدەبیات دادەنرێت لە ئەوروپاداووڵاتی نەمساش بە دایەنگای شیعری ئەوروپی دادەنرێت كە ئەویش لێشاوێك لە شاعیری بلیمەتی دروستكردووە. دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت كە رامبۆ پێش سوریالیو دادائییەكان كەوتو زۆرێك لە رەخنەگران ئیشەكانی رامبۆو كافكا بە سەرەتایەك بۆ سوریالیزم دادەنێن ئەگەرچی لە دواییدا ئەندرێ بریتۆن دێتو دەبێتە باوكی روحی سوریالیزم.

دواجار سەرجەمی بەرهەمە شیعرییەکانی رامبۆ لە سەد قەسیدە تێپەڕ ناکاتو دەقی (وەرزێك لە دۆزەخدا) نزیکەی حەوت هەزاروشەیەو هەموو قەسیدە پەخشان ئامێزەکانی بە (اشراقات) بەناوبانگەو دووسەدو پەنجا نامەشی نوسیوە لەگەڵ چەند تێکستێکی پەرش‌وبلاو کە زۆربەی فەوتاون‌و ئێستا لەبەر دەستی خوێنەردا نین.

**دواجار...**

**رامبۆ...وەک گورگێکی‌ونبوو دەیلوراند.**

**رامبۆ...بە جوتێک نەعلەوە بە شەقامەکانی بەیروتدا پیاسەی دەکرد.**

**رامبۆ... مرد بۆئەوەی شیعر بە زیندوویی بهێڵێتەوە.**

## سەرچاوەکان:



1- هنري ميلر، رامبو و زمن القتلة، ترجمة: سعدي يوسف، دار المدى، دمشق 1998.

2- رامبو في ذكرى المئة والخمسين لولادته، وحش من النقاء، كوليت مرشيليان – المستقبل- السبت 18 أيلول 2004.

3- Harding & Sturrock (2004), Arthur Rimbaud: Selected Poems and Letters, Penguin, ISBN 0-140-44802-0

4- Robb, Graham (2000), Rimbaud, Picador, ISBN 0-330-48803-1.

# چارلس بۆدلێر...
# شاعیری خەمۆكیی پاریس !!



زیاد له جارێك بیری له خۆكوشتن دەكردەوە، تەنانەت له هەوڵێكی سەرنەكەوتوو دا شمشێرێك دەكات بە سنگی خۆیدا، هەمیشە دەیگوت: من خۆم دەكوژمو هیچ ئەسەفێكیش بۆ ژیان ناخۆم، بێزار بووم لەوەی كه هەموو رۆژێك بنوومو خەبەر ببمەوە، دەمەوێت یەكجار بنووم وەلێ دەبێت هەتا ئەبەد بێت، من هەر دەبێت خۆم بكوژم چونكه بووم بە كەسێكی بارگران بەسەر خەڵكییەوەو مەترسی لەسەر خۆم دروست دەكەم... بەمجۆرە هاشم ساڵح لەوتارە بەناوبانگەكەیدا بە ناوی (لەنێوان بلیمەتیو شێتیدا) قسە لەسەر بۆدلێری شاعیری گەورەی فەرەنسا دەكات، ئەو شاعیرەی بە منداڵی باوكی دەمرێتو بە تەواوی هۆگری دایكی دەبێت تا ئەو رادەیەی ئەو هۆگربوونە توشی نەخۆشی دەكات، چونكه كاتێك باوكی كۆچی دوایی دەكات دوای ماوەیەكی كەم دایكی شوو دەكاتەوە بە ژەنەراڵ (ئۆپیك) كه ئەمەش خەمێكی قووڵ بۆ ئەو منداڵە دروست دەكاتووا هەستدەكات كه دایكی خیانەتی لێكردووە، هەر لەبەر ئەو فاكتەرە بوو كه فرۆید (عوقدەی ئۆدیب) ی لای بۆدلێر كەشفكرد.

چارڵس بۆدلێر یان عەرەب گوتەنی (شارل بۆدلێر) له ساڵی 1821دا لەفەرەنسا لەدایك دەبێتو لەتەمەنی 46 ساڵیداو لەساڵی 1867دا كۆچی دوایی دەكات. بۆدلێر دادەنرێت بەیەكێك لەهەرە شاعیرە گەورەكانی سەدەی نۆزدەو له كایەكانی رەخنەو رۆژنامەگەریو شیعرووەرگێڕاندا كاریكردووەو ژمارەیەكی زۆری له بەرهەمە ناوازەكانی (ئێدگار ئالان پۆ) یوەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسیو بە تەواوی لەپشت ناوبانگی ئێدگارەوە بووە، چونكه زۆرێك له ڕەخنەگران پێیانوایە كه ئەو ناوبانگەی (پۆ) پەیدایكرد زیاتر لەرێیوەرگێڕانی شیعرەكانییەوە بوو كه ئەو كارەش بۆدلێر پێی هەستا.

دەربارەی هەڵسوكەوتە دیارەكانی بۆدلێر دەتوانین ئاماژە بە كۆمەڵێك خەسڵەت بدەین لەوانە: كەسێكی تارادەیەك شێت بووەو كەسێكی بۆهیمیو بێ ئینتیما بووە ئەمە بێجگە لەوەی كە بە هەمان شێوە بە چەشنی (ئێدگار ئالان پۆ) عاشقی مەشروبو ماددەی بێهۆشكەر بووەو شێوازی مەرگی هەردووكیان تارادەیەكی زۆر نزیكبووە لەیەكو لە زۆربەی نوسینەكانیاندا ئەو یاخیبوونە رەنگی داوەتەوە هەربۆیە لە دوای ئامادەبوونی لەبەردەم دادگای تاوانەكان لە پاریس لە رۆژی 1857/7/10دا بەبڕی 300 فرەنكی فەرەنسی غەرامە دەكرێت بە تۆمەتی پێشێلكردنی دابو نەریتی گشتیو پەنجەبردن بۆ بابەتە ئایینیە قەدەغەكراوەكان كە گوایە میزاجو زەوقی گشتی تێكداوە، بەڵام روناكبیرانی فەرەنسا لە دوای مەرگی شاعیر سەرلەنوێو جارێكی تر لە رێی كۆمەڵەو رێكخراوەكانیانەوە ئیعتیبار دەگێڕنەوە بۆ ئەو شاعیرە گەورەیە.

بۆدلێر لە ژیانیدا بەردەوام فەلسەفەی تایبەت بەخۆی هەبووەو بەیەكێك لە كۆڵەكە سەرەكییەكانی قوتابخانەی رەمزگەرا دادەنرێتو ئیشەكانی لەلایەن زۆرێك لەنوسەرانو شاعیرانەوە بەوپەڕی جێگەی بایەخەوە هەڵسەنگێنراوە بەتایبەتی لای (گۆستاڤ فلۆبێر) كە لەهەمان ساڵی لەدایكبوونی بۆدلێر دا لەدایكبووە، هەروەها (ڤیكتۆر هۆگۆ) یەكێكی تر بووە لەوانەی كە بە ئیعجابێكی بێ ئەوپەڕەوە تەماشای كارەكانی ئەم بلیمەتە داهێنەرەی كردووە.

دیوانی (أزهار الشر) بەیەكێك لە هەرە كارە ناوازەكانی بۆدلێر دادەنرێت كە پێش ئەوەی لە بەرگی كتێبێكدا چاپ بكرێت سەرەتا لەلایەن كۆمەڵێك رۆژنامە لە سەردەمی ژیانی شاعیردا بڵاوكراوەتەوە. ئەو دیوانە بە هۆی میزاجی بوونی بۆدلێرەوە زیاد لە ناوێكی هەبوو چونكە (ئیف فلۆرین) كە یەكێك بوو لەو كەسانەی هەموو لێكۆڵینەوەو

دیراسەکانی بۆ ئەم شاعیرە گەورەیە تەرخانکردبوو دەڵێت: بۆدلێر چەندجارێك ناونیشانی ئەو دیوانەی گۆڕیوەو نەیدەتوانی لەسەر ناوێکی جێگیر یەکلاببێتەوەو زیاد لە جارێك هەوڵیداوە کە بەناوێکی ترەوە بڵاوی بکاتەوە، فلۆرین بەردەوام دەبێتو دەڵێت: یەکێك لەو ناوانەی کە بۆ ئەو دیوانەی دانابوو (تریشقەو دوکەڵ) بوو، پاشان ئاماژە بە نامەیەکی بۆدلێر دەدات کە لە رۆژی 1866/1/15دا بۆ (سانت بۆف)ی نوسیوەو لەو نامەیەدا ناوێکی تری ئیختیار کردووە بۆ دیوانەکە.

بۆدلێر لە چوار نامەیدا کە بۆ (ئارسێن هۆسیە) ی هاوڕێی نوسیوەو لەساڵی 1862دا لە رۆژنامەی (La presser)دا بڵاوکراوەتەوەو لە دوای مەرگی بۆدلێریش سەرلەنوێ لەساڵی 1869دا بڵاوکراونەتەوە باس لە کۆمەڵێك لایەنی پەخشانی شیعریی دەکاتو لەیەکێك لە نامەکاندا قسە لەسەر (ئەلوازیۆس بیتران) دەکاتو دەڵێت:" ئیعتیرافێکی نهێنی هەیە کە دەبێت پەردەی لەسەر هەڵماڵم ئەویش ئەوەیە کە بەلایەنی کەمەوە بۆ بیستەمین جار (GASPARD DE LA NUIT)ی (ئەلوازیۆس بیتران)م خوێندەوە (کە نوسەرێکی ناسراوە چ لەلایەن تۆوەو چ لە لایەنی منو هەندێك لە هاوڕێکانمانەوە، ئایا مافی ئەوەی نیە کە بە بەناوبانگ ناوببرێت؟)، لە کاتی خوێندنەوەیدا فیکرەی شتێکیوەك بەرەنگاری ئەدەبیم لا گەڵاڵە بوو لەگەڵ جێبەجێکردنیوەسفی ژیانی نوێ، یان بەمانایەکی دی بۆ ژیانی نوێو زیاتر ئەبستراکت کردنی چونکە ئەو ڕێو شوێنەی کە گیراوەتە بەر سەبارەت بەوێنەی ژیانی کۆن زۆر نامەئلوفە". مێژووی ئەو نامانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە (ئارسێن هۆسیە) بەرپرسی سەرەکی هەردوو رۆژنامەی (La presser)و( L' Artiste ) بوو.

لەنێو کایەی ئەدەبیدا زۆرجار دیرەینجمێنتێك لەنێوان پەیوەندی (واڵتویتمان)و (بۆدلێر)دا بەدیدەکرێت، یەکێك لە فاکتەرە

سەرەكییەكانی ئەو تەشویشە ئەووتارە رەخنەییانە بوو كە دەربارەی شیعری ئازاد (الشعر الحر) دەنوسران. ژنە لێكۆڵیاری ئەمریكی (پیتسی ئێركل) لە كتێبێكیدا بە ناوی (ویتمان لە نێوەندی فەرەنسیدا) باس لەو كاریگەرییانەی نێوەندی فەرەنسی دەكات كە لەسەر ئەدەبیواڵتویتمان بە جێدەهێڵرێنو پاشان چۆنویتمان دوای ماوەیەك دەچێتە ژێر كاریگەری ئەدەبی فەرەنسی. ئەم ژنە لێكۆڵیارە لەو دیراسە چڕو پڕەیدا زۆر بە ئاگاییەوە ئیشی لەسەر ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوانویتمانو ئەدەبی فەرەنسی كردووەو هەر لەو كتێبەدا جەردێكی تەواوی ئەو نوسینانەی كردووە كە دەربارەیویتمان نوسراون لەگەڵ ئەو كارانەی نوسەر كەوەرگێڕدراون بۆ زمانی فەڕەنسی، دیارە ئەو جەردكردنەش تەنها ئەو نوسینانە دەگرێتەوە كە لە ساڵی 1861دا تاوەكو ساڵی 1972 نوسراون كە ئەو ماوەیەش دەكاتە (111) ساڵ.

بە گەڕانەوە بۆ لای ئیشەكانی بۆدلێر دەتوانین بڵێین هێشتا ئەو فەزیحەیەی كە دیوانی (أزهار الشر) نابوویەوە خامۆش نەبوو بوو كاتێك سەرلەنوێ بۆدلێر هات هەرایەكی دی نایەوەو قەسیدەكانی (ئێدگار ئالان پۆ) یوەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسیو ئەمجارە لە جاری پێشوو لەعنەتو تفو جنێوەكان زیادتر بوونو بەوە تاوانباریان كرد كە گوایە زەوقومیزاجی گشتی دەشێوێنێتو بەمكارەشی هەستو سۆزی زۆرێك لە نوسەرەكانی هاوڕێی خۆی بریندارکرد ئەگەرچی ماوەیەك لە دوای مەرگی بۆدلێر نوسەرانو روناكبیران بۆیان دەركەوت كە بۆدلێر گەورەترین خزمەتی كردووە. دواجار شاعیر لە كارەكانیدا جوانیو شەڕ ئاوێزان دەكاتو قسە لەسەر ئەو تەناقوزە فیكرییەی بەشەرییەت ئەكات كە لە سەردەمەكەی خۆیدا باو بووە.

شاعیری خەمۆكیی پاریس بە چەشنی ئێدگار ئالان پۆ بێبەشنەبووە لە بڵاوكردنەوەی ترسو دڵەڕاوكیوخەمۆكی لە نێو بەرهەمەكانیداو هەروەكو چۆن (پۆ) لە تەمەنی چل ساڵیدا بە مەشروبو ماددەی بێهۆشكەر گیانی لەدەستدا ئەویش بەكحولو ئەفیونو نەخۆشی سیفێلس سەری نایەوە.

**سەرچاوەكان:**

1- الجزيرة، للصحافة والطباعة والنشر، أول صحيفة سعودية على الانترنت، الاربعاء 23 صفر 1428 العدد 12584 .

2- بودلير و ويتمن و ما بينهما من بون، عبدالقادر الجنابي، جريدة المؤتمر، صحيفة يومية مستقلة شاملة. 2007/7/3 .

3- The Paris of the Second Empire in Baudelaire' in Benjamin, Walter: Selected Writings Vol. 4 1938-1940, pp. 3-92, Belknap/Harvard, 2003.

4- Concerning Baudelaire' in Proust, Marcel: Against Sainte-Beuve and Other Essays, p. 286, trans. John Sturrock, Penguin, 1994.

# ڤیرجینیا وۆلف...
# گیرفانگەلێك پڕ لە بەرد!!



پاش ئەوەی چاكەتێكی فەرو لەبەردەكات كە چەند گیرفانێكی قوڵو گەورەی تێدایە، گیرفانەكانی پڕ دەكات لەبەردو هەنگاو بە هەنگاو بەرەو روباری (Ouse) مل دەنێت، ئیدی تا دەگاتە قوڵایی روبارەكە لە رۆیشتن ناوەستێتو بەیەكجاری نقوم دەبێت. بەمجۆرە (ڤیرجینیا ۆوڵف)ی رۆماننوسی بەریتانیو یەكێك لە پێشەوا هەرە دیارەكانی بزوتنەوەی ئافرەتان كۆتایی بە ژیانی خۆیدەهێنێت.

ئەدلین ڤیرجینیا ستیڤن لە 1882/2/25 لە شاری لەندەن لەدایك دەبێتو لە 1941/3/28دا بەو شێوە تراژیدییەی كە لەسەرەوە ئاماژەی پێكرا سنور بۆ هەموو تەنگژە فیكریو حاڵەتە دەرونییە دژوارەكانی دادەنێت. ۆوڵف لە بنەماڵەیەكی ئەرستۆكراتیدا پەروەردە دەبێتو لەرێی خێزانەكەیەوە بە رێساكانی كۆمەڵگەی ڤیكتۆری ئاشنا دەبێت، بەڵام لەدوای كۆچی دایكی لەساڵی1895دا كە ئەوكاتە تەمەنی تەنها 13 ساڵ دەبێت رووبەرووی كۆمەڵێك تێكشكانی دەرونیو داڕوخانی فیكری دەبێتەوە. لەنێو بایۆگرافیاكەی خۆیدا باس لەوە دەكات كە خۆیو خوشكەكەی لەلایەن دوو زڕ براكەیەوە سوكایەتیو دەستدرێژی سێكسییان كراوەتەسەر، ئەو دەستدرێژییە سێكسییانە لەو تەمەنە كورتەدا ڤیرجینیا دەخاتە حاڵەتێكی پڕ مەترسیو شڵەژانی دەرونییەوەو هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە سەرجەم قۆناغە ترسناكەكانی ژیانی جۆرە پشێوییەكی عەقڵی پێوە دیار بووەو زیاد لە جارێك هەوڵی خۆكوشتنی داوە.

پاش ئەوەی كە حاڵەتی دەرونی بە تەواوی تێكدەچێت دكتۆری تایبەتی بنەماڵەكەیان ئامۆژگاری مێردەكەی دەكات كە دەبێت بەردەوام ئاگاداری رەفتارەكانی ژنەكەی بێت چونكە قۆناغێكی مەترسیداری بڕیوەو پێی دەڵێت كە ژنەكەی لە هەموو كاتێكدا ئامادەیە كۆتایی بە خۆی بهێنێت. لە دوای كۆچی دوایی باوكی (سێر لیسلی ستیڤن) لە ساڵی

1904دا كە ئەویش رەخنەگرێكی ناودار بوو، لەگەڵ خوشكەكەیدا ماڵیان دەگوێزنەوە بۆ (بلومزبوری)و لەوێ لەكۆمەڵەی بلومزبوریدا گەشە بە بەهاكانی نوێگەری دەدەن، ئەو كۆمەڵەیە ژمارەیەك لە كەسانی روناكبیرو نوسەری جدی لەخۆگرتبوو، ڤیرجینیاش بەردەوام لە دیالۆگێكی چڕو پڕدا بوو لەگەڵ ئەندامانی گروپەكەدا. ساڵێك دوای مردنی باوكی لە پاشكۆی ئەدەبی تایمزدا كاردەكاتو لەساڵی 1912دا شوو دەكات بە بیرمەندی سیاسی ناسراو لیۆنارد ۆولفو نازناوی بنەماڵەكەیوەردەگرێت، سێ ساڵ دوای ئەوەش لە ساڵی 1915دا یەكەمین رۆمانی خۆی بەناوی (كۆتایی گەشتەكە) بڵاودەكاتەوەو لەو كاتەوە تا ئێستا بە یەكێك لە هەرە رۆماننوسە باشەكانی سەدەی بیستەم دادەنرێتو یەكێك بووە لە فیمینستە دیارەكانی بەریتانیاو ئەوروپا.

ۆولف بەیەكێك لە كۆڵەكە هەرە سەرەكییەكانی تازەكردنەوەی زمانی ئینگلیزی دادەنرێت ئەویش بەهۆی ئەو پشكانەی كە هەیبووە لە تەشكیلكردنی بزوتنەوەی هۆشیاری لەگەڵ هەریەك لە (هێنری جیمس)و (جیمس جۆیس) كە هەمیشە لە نوسینەكانیدا یاری بە پاڵنەرە دەرونییە قوڵەكان دەكردو ئسلوبی گێڕانەوە لای ئەو تێكەڵەیەك بوو لە سۆزو تێكشكاندنی مەفهومی زەمەن. ڤیرجینیا ژنێك بوو خاوەن روناكبیرییەكی گەورەو ئیحساسێكی جوان، بایەخی بە جلو بەرگو ماكیاژ نەدەدا، تا ئێستا یەكەم ئافرەتە لە جیهاندا كە سەرنجی راكێشابم، بەداخەوە ئەو ئافرەتانەی كە تا ئێستا لە ژیانی تایبەتی خۆمدا ناسیومن چ لەرووی هاوڕێیەتیو چ لەرووی خۆشەویستییەوە هەموویان لە نەخوێندەوارێك زیاتر هیچیتر نەبوون، بەڵام ئەوانەی لەڕێی خوێندنەوەوە پێیان ئاشنابووم چەند كەسێكی بلیمەتییان تێدا بووە كە بێجگە لە ۆولف دەتوانم ناوی هەریەك لە (فروغ فەرۆخزاد)و (سیمۆن دی بۆڤوار) بیری خوێنەر بهێنمەوە،وەلێ ئیعجابی بێئەوپەڕی من تەنها بەرانبەر بە ۆولف بووە.

سەركەوتنو هێزی نوسەر دەگەڕێتەوە بۆ زمانە دەوڵەمەندەكەیو شاعیریەتی ئەو ژنە، ڕۆمانەكانی تەواو خاڵی بوون لە ڕووداوو حیبكەی تەقلیدی چونكە هەمیشە پشتی دەبەست بە كارەكتەری ناو ڕۆمانەكانیو یادەوەری ئەو كارەكتەرانە، ئیتر داخۆ ئەگەر یادەوەرییەكی دوور بێت یان نزیك لێرەدا گرفتێك نییە. لە ڕۆمانی (دالۆوەی خانم) دا كە لە ساڵی 1925دا بڵاویكردۆتەوە ئیش لەسەر گەیاندنی فیكری ئەو خانمە دەكات كە لە كاتێكدا لەماڵەكەی خۆیدا خەریكی ئامادەكردنی خواردنی ئێوارەیە، بەڵام لە ڕۆمانی (بەرەو منارە) دا قسە لەسەر خێزانێك دەكات كە دەیانەوێت گەشتێكی ئاسایی سازبدەنو لە ڕۆمانی (فلاش) یشدا كە ساڵی 1933 چاپی كردووە بەجۆرێك زمان بەكاردەهێنێت كە ئەو زمانە لە سەگی ماڵێكدا دەهێنێتە ئاخاوتنو هەڵسوكەوت بە جۆرێك كە سەگەكە چۆن بتوانێت هەست بە خۆشەویستیو ڕقو غیرە بكات بەرانبەر بە ئەندامانی ئەو خێزانەی كە خاوەنی ئەو سەگەن. لە كارە ناوازەكانی تری ۆوڵف دەتوانین ئاماژە بە ڕۆمانەكانی (ژوری یەعقوب-1922) لەگەڵ (شەپۆلەكان-1931)و (لەنێوانوەرزەكاندا-1941) بدەین، كە ئەمەی دوایین لەساڵی خۆكوشتنەكەیدا بڵاویكردۆتەوە بەڵامەوەك هەندێك ڕەخنەر دەڵێن گوایە ڤێرجینا لە ژێر كاریگەری ڕۆمانی (شەپۆلەكان) دا خۆیكوشتووە. پێش خۆكوشتنەكەی نامەیەك بۆ مێردەكەی بەجێدەهێڵێتو تێیدا ئاماژە بە چەند شتێكی گرنگ دەكات كە من هەوڵ دەدەم لە كۆتایی ئەموتارەدا هەندێك پۆینتی گرنگی نێو دەقی نامەكە بەوەرگێڕدراوی بڵاوبكەمەوە، لە نامەكەدا هاتووە كە نەخۆشییە دەرونییەكەی سەرلەنوێ ڕووی تێكردۆتەوەو بەدرێژایی كات گوێی لە دەنگێكەو ئەمجارە ناتوانێت بە هیچ جۆرێك چارەسەری بكاتو ئەگەر بەردەوام بێت لە ژیان ئەوا ئەو بەردەوام بوونە خۆیو كارە ئەدەبییەكانی تێكدەشكێنێت، لە دواییدا دەڵێت هەڵدەستم بە باشترین كار كە لە توانامدایە بیكەمو هەر ئەوەشم لە دەست دێت، پاشان سوپاسی مێردەكەی دەكات سەبارەت بە باشترینو خۆشترین ساڵەكانی

تەمەنی لەگەڵیدا. ڤیرجینیا بەیەكێك لە هەرە ئافرەتە كاریگەرەكانی سەدەی بیستەم دادەنرێتو تەنانەت پاش 67 ساڵ لەكۆچی دوایی ئەو ئافرەتە مەزنە تا ئێستاش بەیەكێك لەهەرە رەمزە فیمینستییە جوانەكان ئیعتیبار دەكرێت.

خەمۆكی لای ۆولف جگە لە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەكی رەشی نوێ لە سروشتو ژیانی خۆی چ شتێكی دی نییە، ئەو بەردەوام لەگەڵ خەمۆكیو نائومێدیو بێهودەییدا دەژیاو دەیگوت:وەك ئاژەڵێكی زامدار خۆم دەگەیەنمە ژوورەكەم، كەواتە ئەوێنە تاریكە بەردەوام لەگەڵیدا بووەوهیچ ئومێدێكی تەشكیل نەكردووەو بەدرێژایی تەمەنی بەدەست خەمۆكییەوە گیری خواردبوو. نوسەر لە دوایەوەئاگا هاتنەوەی لەو ئازارە گەورەیەی كە بە هۆی زڕ براكانییەوە چەندجارێك توشی دەستدرێژی سێكسی بوو بۆوە پاش باڵق بونیشی هەر ئەو رووداوە ناخۆشە لە زیهنیدا دەمێنێتەوەو دەڵێت: "چیدی جەستەم سەرچاوەی خۆشنودی من نییە". ئەو نوسەرو رەخنەگرانەی كە لێی نزیك بوون دەڵێن: "ڤیرجینیا زیرەكییەكی لە رادەبەدەرو رۆحێكی گاڵتەجاڕی هەبووە، ئارەزووی لە قسەكردن هەبووەو چەندین نامەی نوسیوەو هەمیشە حەزی بە گفتوگۆی جدی دەربارەی هونەرو سیاسەت كردووە". هەریەك لە (ڤانێسا) ی خۆشكیو (تۆبی) برای تا رادەیەك ئارەزووەكانیان چوونیەك بووەو ماڵەكەی خۆیان لە بلومزبوری كردبوو بە یانەیەك بۆ كۆبونەوەی نوسەرانو هونەرمەندان، لەو ناوە دیارانەی كە سەردانی ئەو یانەیەیان دەكرد دەتوانین ئاماژە بە ناوی (ئی.ئێم.فۆرستەر)و (بێرتراند راسل) ی فەیلەسوفو (جۆن ماینارد گینیس) ی ئابوریناس بدەین.

لەساڵی 1910دا بە جلوبەرگێكی سەیرەوە لەگەڵ ریشوسمێڵێكی گاڵتینەوە كە دەیویست لاسایی كارەكتەرو شێوە دەمو چاوی ئیمپراتۆری حەبەشە بكاتەوە بەسواری پاپۆری (دریدنۆت) ی جەنگی شاهانە سەردانی (وایمۆت) دەكات، ئەم هەڵوێستە شێتئاسایەی ڤیرجینیا دەكەوێتە یەكێك لە قۆناغە بارگرژەكانی ژیانیو لەساڵی 1913دا

یەکەمین هەوڵی شکستخواردوی خۆیدەدات بۆ خۆکوشتن کە ئەمەش تەنها لە دوای چەند مانگێك لە شووکردنەکەی بە رەخنەگرو بیرمەندی ناودار لیۆنارد ۆولف دێت. لە رۆمانی (ئۆرلاندۆ) دا کە لە ساڵی 1928دا بڵاوکراوەتەوە پاڵەوانی رۆمانەکە دەیەوێت رەگەزی خۆی بگۆڕێت،وەك هەندێك سەرچاوە باسی لێوە دەکات گوایە فیکرەی ئەو رۆمانەی لە ژنە نوسەرێکی هاوڕێیەوەوەرگرتووە بەناوی (ڤیتا ساکفیل) کە بەراستیویستوویەتی رەگەزی خۆی لە (مێ)وە بگۆڕێت بۆ (نێر) ئیتر نازانرێت ئەو هەوڵە تا چەندە سەرکەوتوو بووە، ئەمەش ئاماژەیەکە بە دونیای نوسینی پڕ سەیرو سەمەرەی ۆولف.

نوسەر سەبارەت بە ئیشکردنی ئافرەت لە کایەکانی ئەدەبو سیاسەتدا دەیگوت: "هەر ئافرەتێك ساڵی 500 پاوەندی بدەیتێ لەگەڵ ژورێك بەتەنها بۆخۆی ئەوکاتە دەتوانێتوەك پیاو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت". سەرکەوتنی نوسەر لە کارەکانیدا هەرگیز نەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو خەمۆکییە قوڵەی بەدەستییەوە دەیناڵاندو ساڵێك پێش خۆکوشتنەکەی بۆمبەکانی ئەڵمانیا ماڵەکەی لە لەندەنوێران دەکەنو دواجار بۆ کۆتاییهێنان بەو هەموو تراژیدیایەی کە لە ژیانیدا مردنی دایكو باوكو هەردوو براکەی بینیبوو خۆیدەداتە دەم شەپۆلەکانی روبارێکەوە بەڵام بۆ ئەوەی کە جەستەی سەرئاو نەکەوێت ناچار دەبێت گیرفانەکانی پڕ بکات لەبەرد چونکە نابێت بیرمان بچێت کە ڤیرجینیا مەلەوانێکی زۆرباش بووەو دەیتوانی خۆی رزگار بکات.

لە دوای خۆکوشتنەکەی ژنە نوسەرەکان سەرزەنشتی مێردەکەی دەکەن بەوەی کە نەیتوانیوە ئاگاداری حاڵەتی دەرونیو رەفتاری ژنەکەی بێتو بایەخی پێنەداوە بەڵام ئەمە شتێکی راست نەبوو چونکە ڤیرجینیا پێش ئەو کارەساتە لە نامەکەیدا سێ تێبینی دەنوسێت (کە تا ئێستاش لە کتێبخانەی نیشتیمانی بەریتانیدا پارێزراوە)و پاش ئەوەی کە (نایجل نیکلسۆن)و ژنە نوسەر (جوان ترۆتمان) چەند جارێك بەوردی ئەو

نامەیە دەخوێننەوە دەگەنە ئەو ئەنجامەی كە گومان پەیدا بكەن بەوەی كە لیۆنارد وۆلف لەگەڵ ڤیرجینیای ژنیدا پێكەوە ئەو تێبینیانەیان نوسیبێت، دەبێت ئەوەشوەبیر خوێنەر بهێنمەوە كە دایكی (نایجل نیكلّسۆن) هاوڕێی نزیكی ڤیرجینیا بووەو نایجل دەربارەی تەمەنی منداڵی وۆلف كە لەگەڵ دایكیدا بەسەری بردووە دەڵێت: "لە منداڵیدا ڤیرجینیا دەچوو قەدی درەختەكانی بە شەكر شیلاوی دەكرد بۆ ئەوەی كە زۆرترین قالۆنچەو مێرووی پێوە بنوسێتو پاشان هەموویانی لێدەكردەوەو بە دەمبوس دەیكردن بە لەوحەیەكی تەپەدۆرەوە". ئەم ئارەزووە سەیرەی ئەو ژنە تەنانەت دوای تەمەنی باڵقبونیشی هەر بەردەوام دەبێت. دیارە هەموو ئەو كردەوە سەیرو سەمەرانەی وۆلف لە تەمەنی گەورەییدا بەدیوێكی نێگەتیڤدا كاریگەریی لەسەر بەجێدەهێڵن. نایجل بەردەوام دەبێتو دەڵێت:" نزیكەی دە رۆژ پێش خۆكوشتنەكەی بەهەمان شێوە دەچێتە ناو روبارەكەوە بەلاّم پەشیمان بۆتەوەو كاتێك بە جلو بەرگی تەڕەوە گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە بە مێردەكەی گوتووە كە بە هەڵە كەوتۆتە ناو حەوزێكی ئاوەوەو تەڕ بووە". سەرەڕای ئەوەی كە لیۆنارد دڵنیابوو لەوەی كە ژنەكەی لە لێواری شێتیدا بووە بەلاّم هەستی دەكرد هەر دەست پێشخەرییەك بۆ راگرتنی حاڵەتەكەیوایلێدەكات بە جۆرێك هەست بكات كە لەژێر چاودێری توندا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لیۆنار توانی قەناعەتی پێبكات بۆ ئەوەی كە سەردانی دكتۆر (ولبیرفۆرس) بكات لە شاری (برایتون) لەرۆژی 3/27 داواتە رۆژێك پێش كارەساتەكە بەلاّم دكتۆرەكە پێیڕاگەیاندبوو كە هەست بە هیچ جۆرە مەترسییەك ناكات لەسەر ژیانیو تەنها ئامۆژگاری كردبوو كە كەمێك پشوو بدات. لە هەمان رۆژدا ڤیرجینیا نامەیەك دەنێرێت بۆ (جۆن لیمان) ی بلاّوكەرەوەی بەرهەمەكانیو تكای لێدەكات كە دەستوخەتەكانی بلاّونەكاتەوە بە تایبەتی ئەوانەی كە هەستدەكات زۆر سەخیفو بێ مانان. لە بەیانی

رۆژی دوای ئەوەدا دەچێتە باخەکەیانو نامەیەکی کورت بۆ مێردەکەی دەنوسێت کە هەمان ناوەرۆکی نامەکانی پێشووی دووپات دەکاتەوەو لەگەڵ دوو نامەی پێشوتردا کە بۆ لیۆناردی نوسیبوو دەیانخاتە شوێنێکەوە کە مێردەکەی بە ئاسانی بتوانێت بیاندۆزێتەوە، لە نیوەرۆشدا ماوەی ئەو نیو میلە دەبڕێت کە دەکەوێتە نێوانماڵەکەیو روبارەکەوە، پاشان گیرفانەکانی چاکەتە فەرووەکەی پڕ دەکات لە بەرد هەتا خۆی ناچار بکات بە نقوم بوونو پەنا بۆ مەلەکردن نەبات.... بە راستی پێدەچێت کۆتاییەکی ترسناك بووبێت.

کاتێك لیۆنارد نامەکان دەدۆزێتەوە بە هەڵەداوان خۆی دەگەیەنێتە کەناری رووبارەکە بەڵام تەنها گۆچانەکەی ڤێرجینیا بەسەر ئاوەکەوە دەدۆزێتەوە، لەو کاتەدا لیۆنارد ڤانێسای خوشکی ئاگادار دەکاتەوەو نیوەڕۆی ئەو رۆژە ڤانێسا دەچێت بۆماڵیانو بە پەلە نامەیەك بۆ دایکی (نایجل) ی هاوڕێ دێرینەکەی ڤێرجینیا دەنوسێتو تێیدا دەڵێت: نامەوێت رۆژنامەکان بخوێنیتەوەو گوێ لە رادیۆ بگریت لە کاتێکدا ئەو کارەساتە ترسناکە بڵاودەکەنەوە کە بەسەر ڤێرجینیادا هاتووە. دوای سێ هەفتە لەو خۆنقومکردنە جەستەی ڤێرجینیا سەرئاودەکەوێتو کۆمەڵێك منداڵ دەیدۆزنەوە، بەڵام منداڵەکان لە سەرەتاداوا دەزانن کە ئەوە رەگو قەدی درەختەو سەر ئاو کەوتووە. پاش کۆتایی لێکۆڵینەوە جەستەی وۆڵف بە ئامادەبوونی لیۆناردو شاهیدێك لە شاری برایتۆن دەسوتێننو خۆڵەمێشەکەی لە باخچەی (رۆمدێل) دا دەنێژنو چەندوشەیەکی رۆمانی شەپۆلەکان لەسەر کێلی قەبرەکەی دەنوسن کە تێیدا دەڵێت: "لە دژی تۆ ئەی مەرگ بە نا دۆڕاویو ملکەچ نەبوون پاڵ بەخۆمەوە دەنێم". دوا جار ڤێرجینیا وۆڵف حەزی بە پاییز دەکردوەك لە هاوینو چێژێکی زۆری لە دەست گەرمکردنەوە لەبەر زۆپاداوەردەگرت.

هەندێك پۆینتی گرنگی نێو دەقی نامەكەی ڤیرجینیا ۆولف پێش خۆكوشتن:

**تێبینی:** نامەكە تەنها بۆ مێردەكەی نوسراوە.

".... من دڵنیام كە سەرلەنوێ كەوتومەتەوە ناو شێتی،وا هەستدەكەم كە ئێمە ناتوانین جارێكی دی ساتێكی دژواری هاوشێوەی ئەوەی كە بەسەرمان بردووە تێپەڕێنین،و من ئەمجارە چاك نابمەوە،واملێهاتووە كە گوێم لە دەنگگەلێك دەبێت،و بە هیچ جۆرێك تەركیزم بۆ ناكرێت، لەبەرئەوە هەڵدەستم بە باشترین كار كە لەدەستم بێت، تۆ گەورەترین بەختەوەری مومكینت پێبەخشیم، تۆ لە هەموو بارودۆخێكدا ئەو كەسە بویت كە هەموو كەس خۆزگە بەوە دەخوازێت،وەك تۆ بێت، باوەڕناكەم هیچ كەسێك بتوانێت لە ئێمە بەختەوەرتر بێت هەتا ساتەوەختی هاتنی ئەم نەخۆشییە ترسناكە، لەمڕۆ بەدواوە چیتر ناتوانم بەرەنگاری ئەم نەخۆشییە ببمەوە،و ئەوەش رادەگەیەنم كە من ژیانی تۆش تێكدەدەم، چونكە بەبێ من تۆ دەتوانیت كاربكەیت،و دەزانم كە سەركەتوو دەبیت لەوەدا، هەروەكو دەبینیت تەنانەت ناتوانم بەشێوەیەكی گونجاو ئەم شتەت بۆ بنوسم، ناتوانم بیخوێنمەوە، هەموو ئەوەی كە دەمەوێت پێت بڵێم ئەوەیە من قەرزاری تۆم بۆ هەموو ئەو خۆشییانەی كە لەژیانمدا بینیم، تۆ بەشێوەیەكی گشتی بە سەبرو تەحەمول بویت لەگەڵم،و زۆرباش بویت، دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم– كە هەموو كەسێكیش دەیزانێت– ئەگەر كەسێك هەبێت لە توانایدا بێت رزگارم بكات ئەوا ئەو كەسە تۆیت، بە دڵنیاییەوە من هەموو شتێكم لەدەستدا بێجگە لە باشەی تۆ، لەوە زیاتر ناتوانم بەردەوام بم لە كاولكردنی ژیانی تۆ،و باوەڕ ناكەم هیچ كەسێك لە ئێمە بەختەوەر تر بوبێت".

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

1- مودي بيطار، كتب جديدة عن الكاتبة المنتحرة... فيرجينيا وولف... صاحبة (أورلاندو) الحزينة تغالب (الامواج)، جريدة الحياة 2005/11/29.

2- ابراهيم العريس، مسز دالاواي لفرجينيا وولف: يوم كما الحياة كلها، جريدة الحياة، الاربعاء 2007/8/8.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**


1- A Very Close Conspiracy: Vanessa Bell and Virginia Woolf by Jane Dunn. Boston: Little, Brown, 1990.

2- Virginia Woolf: The Impact of Childhood Sexual Abuse on Her Life and Work by Louise DeSalvo. Boston: Little Brown, 1989.

3- Granite and Rainbow: The Hidden Life of Virginia Woolf by Mitchell Leaska. New York: Farrar, Straus and Giroux, 1998.

4- A Life of One's Own: A Guide to Better Living through the Work and Wisdom of Virginia Woolf by Ilana Simons, New York: Penguin Press, 2007 .

## ڕۆبێرت والْزەر...
## شیزۆفرینیاو نەبوونی ئینتیما !!



رۆبێرت والزەر، رۆماننوسێکی پڕ لە شێتیو سەرکێشی، هەڵگری هەندێك سیفاتی پڕ سەیرو سەمەرە، دەیویست بە بزمار هەنگوینو هێلم بە دیواردا دابکوتێت، ساڵی 1878 لە سویسرا لەدایکبووەو لە 1956/12/25 داو لە تەمەنی 78 ساڵیدا لە نزیك (Herisau) کۆچی دوایی کردووە.

نوسەرێکی گاڵتەجاڕ دێتو بەوپەڕی توڕەییەوە بە خوێنەر دەڵێت:"هەرگیز لێت قبوڵ ناکەم کە بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکەیت گوایە من دەناسیت".والزەر لەو نوسەرانەیە کە رەخنەگر ناتوانێت بەشێوەیەکی تەندروست بەسەری بکاتەوە چونکە زیاد لە پێویست کەسێکی میزاجی بووەو لەنێو کارەکانیدا هیچ پێکەوە گرێدانێك بەدیناکرێتو خوێنەرو رەخنەگر بەردەوام لە ئیشەکانی خۆیداوندەکات، لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەگران بە چێژێکی بێ ئەوپەڕەوە ئارەزووی بەسەرکردنەوەی دەکەن.

بە توشبونی بە شیزۆفرینیا، کارەکتەری کۆمیدیو هەڵسوکەوتی شێتئاساو رەشبینی زۆرو نەبونی ئینتیمایوالزەر دابەشدەبێت بەسەر رەفتاری نوسەرگەلێکیوەك: (فرانتز کافکا، سامۆئیل بیکێت، فریدریك هۆڵدەرلین، جیرارد دۆ نێرڤال،و کریستۆڤەر سمارت)دا بەڵام رەخنەگرێکیوەك کریستۆڤەر میدڵتۆن دەڵێت:"والزەر دەکەوێتە ناوچەیەکەوە لەنێوان (ستیڤی سمیث)و (سامۆئیل بیکێت)ەوە". دەربارەیوەسف لە ئیشەکانی والزەردا نوسەری گەورە (ویلیام گاس) دەڵێت: "والزەر لە بواری وەسفدا داهێنەرێکی بێوێنە بووەو زۆرترینوەسفی ئەو بۆ حاڵەتە زیهنییەکان بووە".

دەتوانین بڵێین کریستۆڤەر میدڵتۆن لە پشت ناوبانگیوالزەرەوە بووە چونکە یەکەمین نوسەرووەرگێڕ بووە کە ئیشەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزیو بۆنزیکەی پەنجا ساڵ بەدوای سەرجەم کارەکانیداوێڵ بووە.

فرانتز پلای رەخنەگر دەربارەی یەكەمین دیداری خۆی لەگەڵ نوسەردا لەساڵی 1898 دا دەڵێت:"دوای چەند رۆژێك هات بۆماڵەكەمو گوتی: (منوالزەرم)، گەنجێكی درێژی لاواز بوو، چاوەكانی شین بوون‌و خەونیان دەبینی، دەستەكانی گەورەوجوان بوون لەناو گیرفانی چاكەتە تەسكەكەیدا بە ئاشكرا دیاربوون، كاتێك دەستی دەخستە گیرفانییەوەو دەریدەهێنایەوە شەرمێكی زۆری پێوە دیار بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت كۆنترۆڵی خۆیكردوو ئەو شتەی كە بۆیهێنابووم پێیدام، كوراسەیەك بوو لەوانەی كە لە قوتابخانەكاندا هەیە، بە پارچە قوماشێكی رەش بەستبووی، قەسیدەكانی خۆی تێدابوو بەدەستو خەتێكی جوان نوسرابوون بەبێئەوەی كە یەكوشە یان یەك دێڕی خەتی بەسەردا هاتبێت یات كوژابێتەوە لەكاتێكدا كە ئەوە یەكەمین مسوەدەش بوو".

والزەر ناوێكی پرشنگدارە لە ئەدەبیاتی سویسریداو شاعیرێك بووە لێوانلێو لە مۆسیقییەت، لەتەمەنی بیست ساڵیداویستی‌واز لە شیعر بهێنێت‌و ببێت بە ئەكتەر لە بواری شانۆدا، فرانتز پلای بە تەواوی باس لە میزاجیبونی‌والزەر دەكات‌و دەڵێت:"ئەو بەردەوام كەسێكی بۆهیمی‌و یاخی بووەو لەسەر هیچ شێوازێكی ئیشكردنی جێگیر نەبووەو ئینتیمای بۆ هیچ شتێك نەبووە، هەمیشە بە زمانی چاو دەدوا لەگەڵ جوڵاندنی ئەندامانی جەستەی بە شێوەیەكی بەردەوام". بەڵام نوسەر هەروەكو چۆن مەلەی دەكردو دەیخواردو دەیخواردەوەو بەرێگادا دەرۆیشت هەر بەوجۆرەش دەینوسی‌و دوور بوو لە مرۆڤی ریاكارو درۆزن‌و دەربارەی ئەو كەسانە دەیگوت: ئەوانە خیانەت لە نەفسی خۆیان دەكەن.

لە كۆبونەوەیەكدا لەشاری (میونیخ) كە ژمارەیەكی زۆر لە نوسەران‌و خاوەن دەزگاكانی چاپ‌و بڵاوكردنەوە ئامادەی دەبن‌و هەموویان ئەندامی كۆمەڵەیەك دەبن بە ناوی كۆمەڵەی (دورگە)،والزەروەك خۆبەخشێك بریار دەدات كە هەموو رۆژێكی هەینی لەبارەگای ئەو كۆمەڵەیە ببێت بە دەرگاوان ئەمەش لە پێناوی ئەوەی كە چالاكییە ئەدەبییەكانی ئەو

کۆمەڵەیە بەردەوام بێت. نوسەر لە زیاد لە کایەیەکی ئەدەبیدا کاریکردووەو نوسینیوەکوەسیلەیەك بەکارهێناوە بۆ خۆبەتاڵکردنەوە لەو ئازارو نەهامەتیو ناسۆرییانەی کە دەیبینی. لە چیرۆکی خۆشەویستی لەئاهەنگێکی دەموچاو گۆڕیندا (سیمۆن) ی خزمەتکار دەبینیت کە دەمامکێکی کردۆتە دەمو چاویو سەما دەکاتو ئارەزووی ئەوە دەکات کە رۆژێك ببێت بە ئەفسەر لە سوپای سویسریداو ئازاد بێت لە کۆتو بەندی خزمەتکاری، بەڵام ناتوانێت رێگاچارەیەك بدۆزێتەوە بۆوەدیهێنانی خەونەکانی، ئەو خزمەتکارە خۆیوەکونبوویەك دەبینێتەوە لە دەریایەکدا کە شەپۆلەکانی توڕی هەڵدەدەنو هەرگیز ناگاتە کەنار دەریایەك بۆ دەرباز بوون لەو گەمە شێتانەیەی شەپۆلەکان. لێرەدا نوسەر لەرێی بەکارهێنانی کۆمەڵێك رەمزەوە قسە لەسەر ئەو سەربازە هەژارانە دەکات کە جەنگی جیهانی یەکەم کردنی بە قوربانی، بەکارهێنانی ئەم رەمزانە بۆ ئەو سەربازە هەژارانە لە کێشمەکێشێکی عەبەسیدا لەگەڵ پیاوە دەوڵەمەندەکاندا بەردەوام دەبێتو ستایلی ئەو ئیشکردنەشی سوریالی بووە کە لەو دەمەدا ئەو رێبازە لە لوتکەدا بووە.

لەساڵی 1919 دا نوسەر لەمیوانخانەیەکدا لە شاری (بیال) ی زێدی خۆی نیشتەجێ دەبێتو نزیکەی حەوت ساڵ لەوێدا دەمێنێتەوەو (ئەمیل شیبلی) نوسەر بۆ سازدانی دیدارێك لەگەڵیدا دەچێت سەردانی دەکات، بەڵام لە سەرەتادا شیبلی هیچ ئیعجابێکی نابێت بەرانبەری چونکەوالزەر لەگەڵ کۆمەڵە کرێکارێکدا کاریدەکردوژەمی خواردنەکەی تەنها پەتاتەو قاوە بووە هەر لەبەرئەوە هیچ کەسێك نەیزانیوە کە داخۆ ئەمە نوسەرو شاعیرە یان تەنها کرێکارێکە؟ پاشان شیبلی بە خزمەتکاری میوانخانەکە دەڵێت کامیانوالزەرە؟ ئینجا دوای ناسینی خۆشحاڵی خۆی دەردەبرێتو داوای لێدەکات کەمێك پێکەوە پیاسە بکەن.

ئەم فەوزاگەرە یاخیگەرە لە قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنیدا توشی شیزۆفرینیا دەبێت، بەڵام شیزۆفرینیای ئەم ناتوانرێت بچوێنرێت بەوەی

(هۆڵدەرلین) چونكە هۆڵدەرلین لە 73 ساڵی تەمەنیدا نزیكەی 37 ساڵ كە دەكاتە نیوەی ژیانی، بەردەوام لە نێوان نەخۆشخانەو شێتخانەكاندا هاتو چۆی كردووە، ئەڵمانییەكان ئەو حاڵەتەی (هۆڵدەرلین) یان بە تارمایی شەووەسفكردووە، بە مانایەكی دی دەیانگوت ئەو دۆخە بریتییە لە لەدەستدانی بەڵانسی زیهنی. بە گەڕانەوە بۆ قسەكردن لەسەر شیزۆفرینیا لایوالزەر دەبینین لە پاش كۆمەڵێك پشكنینی پزیشكی بۆ حاڵەتی دەرونی نوسەر دەستبەجێ لەیەكێك لە نەخۆشخانە دەرونییەكاندا داغڵی دەكەنو چەند شیكارێكی بۆ دەكەن بەڵام سەرەڕای هەبوونی كۆمەڵێك رای جیاواز لەسەر ئەو حاڵەتە دەرونییە ئاڵۆزە كەچیوالزەر هەر بەردەوام بووە لە نوسینو بڵاوكردنەوە ئەگەرچی هەندێكجار بۆ ماوەیەكی دیاریكراو لە ئیشكردن لە دونیای ئەدەبیاتدا وەستاوە. دواجار دەبێت ئەوەش بزانین كە نوسەر لەتەمەنی 50 ساڵیدا توشی شیزۆفرینیا بووە.

لەزۆرێك لە كارەكانیدا گاڵتەجاڕییەكی تەواو بەدیدەكرێتو خوێنەر پەلكێش دەكاتە ناو دونیایەكی پڕ لە عەبەسو بێهودەیی، بەهۆی نەبونی ئینتیما بە هیچ كایەیەكی ژیانەوە لەساڵی 1924 دا لەیەكێتی نوسەرانی سویسرا ئیستیقالە دەكات. رەخنەگرەكان رۆمانی (یاریدەدەر) بە باشترین كاری نوسەر دادەنێن كە (سوزان برۆنۆفسكی) بەشێوەیەكی زۆر جوانوەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، كە ئەمیش نەخۆشی موتابەعەكردنیوالزەری لە كریستۆڤەر میدلتۆنەوە بۆ مابۆوە.

دواجار ئەمیش بە چەشنی ریلكەو دۆنێرڤال نامەگەلێكی زۆری بۆ هاوڕێو دۆستو كەسوكارو خاوەن كارەكانی نوسیوەو ماوەیەكیش لەشاری بەرلین لای برا نیگاركێشەكەی (كارڵوالزەر) ژیاوە، ئەو برایەی كەوێنەی بەرگی كتێبی رۆمانی (یاریدەدەر) ی بۆ كێشاوە، دیارە ئەو ماوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەكانی (1907-1909).

لە جەژنی سەری ساڵی 1956 داو دروست لە 25 ی دیسەمبەردا لەدەرەوەی ماڵەكەی خۆی پیاسە دەكاتو لەناكاو بە جەڵدەی دڵ كۆچی

دوایی دەکات. مردنی رۆبێرتوالزەر کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئەدەبیاتی سویسری بەجێدەهێڵێت چونکە ئەو ئەدەبە تا رادەیەکی بەرچاو هەژارەو ئەوانەی لە رۆژهەلات دەژین پێی ئاشنا نین.

بۆ رێزلێنان لەوالزەر لە زیوریخ شارەوانی ئەو شارە شەقامێك بەناوی ئەوەوە ناو دەنێت کە نزیکە لەوێستگەیەکی شەمەندەفەر، بەلام ئێستا ئەو مردووەو ناتوانێت بلیتی سەفەر بکڕێت بۆ شتوتگارت، ئەو شارەی کە هەمیشە بەپێ رێگەکەی تەی دەکرد.

### سەرچاوەکان:


1- صالح کاظم، روبرت والزر: اللغز البعيد، جريدة ايلاف الالكترونية، الخميس 28 ديسمبر 2006.


2-Viktoria Lyons and Michael Fitzgerald; The Case Of Robert Walser (1878-1956). Ir J Psych Med 2004; 21 (4) : 138-142.

3-Diagnostic and statistical manual of mental disorders (4th ed). Am Psychiat Assoc (Washington, DC: Author), 1994; 77.

4-Sontag S. Walser's Voice. Foreword in : Robert Walser, Selected stories. Translated by C Middleton. New York, 1982; vii-ix.

5-Middleton C. The Picture Of Nobody. Some Remarks On Robert walser with a Note On Walser and Kafka. Revue Des Langues Vivantes 1958; 24:404-28.

## مارسیل پرۆست...
## گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا !!



لەگەڵ ئەوەی کە پەروەردەیەکی کاسۆلیکیو رۆشنبیرییەکی فەرەنسیو دایکێکی جولەکەی هەبوو بەڵام خۆی بە هیچ بیروباوەڕێکی ئاینییەوە گرێ نەدەداو قەناعەتی بە خۆپۆلێنکردن نەبووە لە هیچ بوارێکدا ئەگەرچی زۆربەی نوسەرانو سەرچاوە یەهودییەکان بە جولەکەیەك ئیعتیباری دەکەن. مارسیل پرۆست لە باوکێکی کاسۆلیكو دایکێکی جولەکە هاتۆتە بوونو پەروەردەیەکی کاسۆلیکی لیبراڵیوەرگرتبوو، هەر لەڕێی دایکییەوە تێکەڵ بەچینی ناوەندی جولەکە دەبێتو لەیەکێك لە قوتابخانە ئەلیزییەکانی فەرەنسادا دەخوێنێتو پاشان لەسۆربۆن خوێندن تەواو دەکات. لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1882دا کە تەمەنی یازدە ساڵ دەبێت لە قوتابخانەی (condorcet) لەپۆلی حەوتەم داغڵی دەکەن، دیارە پێش ئەو مێژووە لە قوتابخانەیەکی تر دەبێت، بەڵام بەهۆی هەبوونی شپرزەیی لەحاڵەتی تەندروستیدا ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕێكو پێك دەوام بکاتو بەردەوام غیابی هەبووە لەوانەکاندا تا ئەو رادەیەی لەساڵی خوێندنی (1886–1887)دا سەرلەنوێ پۆلی دەیەمی خوێندنەکەی پێ دووبارە دەکەنەوە بەڵام لە کۆتایی پۆلی یانزەهەمینی خوێندنەکەیدا یەکەمین خەڵات لە داڕشتنی فەرەنسیدا بەدەستدەهێنێتو لە دوانیوەرۆکانی هەموو پێنچ شەممەیەکداوا راهاتبوو کە بچێت بۆ شانزیلیزییە. دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە نوسەر لە سەرەتادا قانونو ئەدەبیاتی خوێندوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکانیوایلێکردبوو کە بەبێ هیچ ترسو شەرمێك بەردەوام لەسەردانی ماڵە خانەدانو ئەرستۆکراتییەکاندا بێت.

پرۆست لە 1871/7/10دا لەنزیك پاریس لەدایك دەبێتو لە 1922/11/18دا لەتەمەنی 51 ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات ماوەی ژیانی دەکەوێتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند دا پەروەردەکراوە.

رۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنیونبوودا) یەكێكە لە گەورەترین شاكارەكانی پرۆست كە لە نێوان ساڵانی (1913–1927) بە حەوت بەرگ چاپكراوەو زۆرێك لە رەخنەگرانوایدادەنێن كە ئەو رۆمانە لەجیاتی ئەوەی رۆمانێك بێت حەوت رۆمانەو خوێنەر بە جیا چێژێكی تایبەتی لە هەریەكێكیانوەردەگرێت كە تا ئێستا بەیەكێك لەهەرە بەناوبانگترین كارە ئەدەبییە فەرەنسییەكان دادەنرێت. نوسەر لە رۆمانەكانیدا بەردەوام كاریگەری رابردوو لەسەر ئێستا بەیان دەكاتو لە زیاد لە كایەیەكی ئەدەبیدا كاریكردووە چونكە جگە لە رۆماننوسین دەتوانین بڵێین كە پرۆست رەخنەگرێكی بە تواناووەرگێڕێكی باشو كۆمەڵناسێكی سەركەوتوو بووە.

لەساڵی 1896دا كتێبی (چێژەكانو رۆژەكان)ی بڵاوكردەوە بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین كە لەسەرەتای منداڵییەوە توشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی (ربۆ) بووە هەربۆیە كەمێك لە بڵاوكردنەوەی كتێبەكانی دواكەوتووەو لە ساڵی 1897دا حاڵەتی تەندروستی نوسەر خراپییەكی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێتو بەتەواوی خۆی لە كۆمەڵگە بە دوور دەگرێتو دەبێتە كەسێكی گۆشەگیر.

لەرۆمانی گەڕان بەدوای زەمەنیونبوودا بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ قسە لەسەر بایۆگرافیای خۆی دەكات لەگەڵ بەسەركردنەوەی چەند تەوەرێكیوەك ژیانی ئەرستۆكراتییەتی فەرەنسیو ئەو ئەزمونانەی كە لە ژیانی خۆیدا بینویەتی ئەمە بەدەر لەوەی كە لە چەند شوێنێكدا بایەخی بە (شازبوونی سێكسی) داوەو خۆی یەكێك بووە لەو كەسانەی كە ئارەزووی لە هاوڕەگەز بازی بووەو چێژێكی زۆری لە لادانە سێكسییەكانوەرگرتووە.

پرۆست دەربارەی خۆشەویستی دەڵێت: خۆشەویستی لەوەهمێك یان نەخۆشییەك زیاتر هیچی تر نییە، بەواتایەكی دی مەجرای ژیان لای ئەو لەوەهمێكی تواوەو لە زەمەنێكیونبوو زیاتر هیچ شوناسێكی تر لەخۆناگرێتو پێیوایە كە ئەوە تەنها یادەوەرییو هونەرە كە لە

تواناياندايه ئەو زەمەنەونبووە بهێننەوە شوێنی خۆیو هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت کەوەهم بگۆڕدرێت بە شکلێکی بەرجەستە لە جوانییەکی سەرمەدی.

لەشێوازی ئیشکردنی پرۆستدا ئینتیمایەکی تەواو بۆ کەلەپوری ئەدەبی فەرەنسی کلاسیکی بەدیدەکرێتو تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری (گۆستاڤ فلۆبێر)و (سان سیمۆن)دا بووە، ئەمە بەدەرلەوەی کە ئەدەبی ئینگلیزیش بەشی خۆی کاریگەری لەسەر پرۆست بەجێدەهێڵێت بە تایبەتی (چارلز دیکنز)و (جۆرج ئەلیۆت)و (راسکین)، هەروەکو هەندێك سەرچاوە باسی لێوە دەکەن گوایە پرۆست بە ئیعجابێکی بێ ئەوپەڕەوە چۆتە ژێر کاریگەری (وردزۆرث)و مەفهومی یادەوەری لای ئەو.

میخائیل مارکۆفسکی رەخنەگرو لێکۆڵیاری پۆڵەندی کە بەتەواوی خۆی بۆ ئەدەبی مارسیل پرۆست تەرخانکردبوو، لە کتێبێکی گرانبەهایدا دەربارەیوەرگێڕانی هەندێك تێکستی ئەدەبی پرۆست قسە لەسەر دیاردەیەك دەکات لای پرۆست کە شوناسی دیاردەی (خێوگەرایی) دەبەخشێت بەو تێکستانەو دەڵێت لە زیاد لە شوێنێکدا نوسەر لەسەر ئەو موفرەدەو دیاردەیە ئیشی کردووەو لەیەکێك لەبەشەکانی ڕۆمانەکەیدا (گەڕان بەدوای زەمەنیونبوودا) لەبەشی حەوتەمدا بە ناوی (زەمەنی گەڕاوە) دەڵێت: خێوەکان بایەخی منیان لەسەر بەردەوامیوروژاندووە. چونکە لای پرۆست زمانو ئەدەب ڕەهەندێکی خێوگەرا لەخۆ دەگرن.

جیل جیلۆز کەیەکێکی ترە لەو نوسەرانەی لە ساڵی 1964دا کتێبێکی لەسەر پرۆست بە ناوی (پرۆستو ئاماژەکان) نوسیوە دەڵێت: بە هیچ جۆرێك هەست ناکرێت کە ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنیونبوودا) دیراسەیەکی تەرخانکراو بێت بۆ یادەوەریو سروشتی زەمەن بەڵکو زیاتر ئیشکردنی پرۆست لەسەر ئارەزووی فێربوون دەردەخات.

مارسیل پرۆست لەکتێبێکیدا بە ناوی (لەدژی سانت بۆف) بەتوندی هێرش دەکاتە سەر ئەو شێوازە بەربڵاوەی ڕەخنەگران بەکاریدەهێنن کە

ئەویش بریتییە لە دابەزینە سەر کارەکتەرو کەسایەتی نوسەروەك لە رەخنەگرتنێکی ئەکادیمی تەندروست، هەر لەوێدا پرۆست پێیوایە کە دەبێت نوسەر (بەرهەمی منێکی دی) بێتو رەخنەگران زۆرترین قسە لەسەر بەرهەمەکەی بکەنوەك لە کەسایەتی نوسەرەکە.

شاکاری گەڕان بەدوای زەمەنیونبوودا یەکێکە لەو رۆمانە نایابانەی کە زۆرترین خوێندنەوەی بۆ کراوەو رەخنەگران لە ئەورووپادا بە دایکی رۆمانی نویێ لەقەڵەمی دەدەن لەبەرئەوەی بە مانایەکی ئەکادیمی ناتوانرێت تەنها لەژێر ناوی رۆمانێکی سادەدا پۆلێن بکرێت. لەو کتێبەدا پرۆست چەند روداوێکی مەوزوعیو مێژوویی دەگێڕێتەوەو زیاتر قسەکردنە لەسەر بایۆگرافیاو ئەزمونەکانی ژیانی خۆی، بەڵاموەك پێشتر ئاماژەم پێدا پرۆست ئەمکارە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەنجام دەداتو خوێنەر ناتوانێت بڵێت کە ئەمە سەد دەر سەد بایۆگرافیایەکی رووتە.

لە پێناوی ئازادکردنی ئەو رۆمانەدا مارسیل پرۆست ریسکێکی گەورەی کردووە بە ژیانی خۆیو لە گیرفانی خۆی پارەی چاپکردنی داوەو ریسکەکەش لەوەدا دەبینرێتەوە کە خانەی بڵاوکردنەوەی (گالیمار) کە نوسەری بەناوبانگ (ئەندرێ جید) لەو کاتەدا بەڕێوەبەری خانەکە بووە چاپکردنی کتێبەکەی رەتکردۆتەوە بەو بیانووەی کە رۆمانەکە لە دیاردە مەئلوفەکان لادەداتو لەو کاتەدا شکاندنی کۆمەڵێك کۆتو بەندی کۆمەڵایەتی بە شتێکی سەیر تەماشاکراوەو (ئەندرێ جید) بۆ خۆشی یەکێك بووە لە رۆماننوسە کلاسیکییەکان، بەڵام هەرچۆنێك بێت رۆمانەکە چاپکراو دەنگدانەوەیەکی گەورەی نایەوە.

لە 26ی نۆڤەمبەری ساڵی 1903دا (دکتۆر پرۆست) ی باوکی بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکاتو دوای کەمتر لە دوو ساڵو لە 26ی سێپتەمبەری ساڵی 1905دا دایکیشی هەر بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکاتو لەوکاتەدا پرۆست دەنوسێت: لە ئێستا بەدواوە ژیانی خۆمم لەدەستدا.

نوسەر هەروەكو دایكو باوكی بۆ جارێكی ترو لە ساڵی 1919دا نەخۆشییەكەی توندتر دەبێتو بەهۆی تەنگەنەفەسییەوە لەكاتی ئیلقای قسەكانیدا هەڵبزركاویو جۆرە تێكچونێكی تێدا بەدیدەكرێتو لەساڵی 1921دا بۆ ماوەی حەوت مانگ لە جێگەدا دەكەوێتو لە 18ی نۆڤەمبەری ساڵی 1922دا لە كاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆدا (مارسیل پرۆست) ی رۆماننوس دەمرێت.

## سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:


1- عدنان المبارك، عالم مارسيل بروست بين الذاكرة والاسلوب، جريدة الزمان، العدد 15042، التأريخ 2003/6/7.

2- مجلة الموقف الادبي، مجلة أدبية شهرية تصدر عن اتحاد الكتاب العرب بدمشق- العدد 422 حزيران 2006.

3- أخبار الادب- الاحد 11 من فيبراير 2007م- 23 من محرم 1428هـ العدد 709.


## سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی:


1- Deleuze, Gilles (2004) Proust and Signs: The Complete Text. Minneapolis: University of Minnesota Press.

2- Shattuck, Roger (1963) Proust's Binoculars: A Study of Memory, Time, and Recognition in À la recherche du temps perdu. New York: Random House.

## گۆستاڤ فلۆبێر...
## مەگەر مەدام بۆڤاری خۆم نیم !!



مەدام بۆڤاری منم... ئەمە قسەی گۆستاڤ فلۆبێری ڕۆماننوسی بەناوبانگی فەرەنسی بوو لە ڕۆژی دادگاییکردنەکەیدا کە لەسەر شاکارە بەناوبانگەکەی حکومەتی ئەوولاتە لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردوو خستیە ژێر لێپێچینەوەی توندەوە.

گۆستاڤ فلۆبێری ڕۆماننوس لە ساڵی 1821دا لەدایك بووەو لەساڵی 1880دا لەتەمەنی پەنجاو نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو دووەم مناڵی نێو خێزانەکەی بووە. ڕۆمانی "مەدام بۆڤاری" دادەنرێت بە یەکێك لە هەرە شاکارە ئەدەبییە گەورەکانی فەرەنساو ئەوروپا کە لەلایەن فلۆبێرەوە نوسراوەو لەسەر ئەو ڕۆمانە ناوازەیەش حکومەتی ئەو کاتەی فەرەنسا خستییە ژێر لێپرسینەوەیەکی توندەوە. فلۆبێر بێجگە لەم شاکارە بە ناوبانگە خاوەنی چەندین کاری ناوەزەو بەنرخی تر بووەو ژمارەیەکی زۆر لە نوسەرە ناودارەکانی ئەوروپا لەژێر کاریگەری ئەم نوسەرەدا کاریانکردووە لەوانە: (جیمس جۆیس 1882-1941)و (جۆزیف کۆنراد 1857-1924) کە خاسیەتی هەرە سەرەکی لە ئیشەکانیاندا بە تایبەتی ئیشەکانی جۆیس بریتییە لە بوونی غموزییەتو تەمو مژێکی زۆر چ لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکانیو چ لە هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانیدا.

ژمارەیەکی زۆر لە ڕەخنەگرانو بیرمەندو نوسەرە گەورەکانی ئەوروپا خوێندنەوەیان بۆ ڕۆمانی "مەدام بۆڤاری" کردووە لەوانە جان

پۆڵ سارتەری گەورە فەیلەسوفیوجودی فەرەنسی كە لە دیراسەیەكیدا ئیشی لەسەر ئەو فیكرە قووڵەی ناو رۆمانەكە كردووەو پێیوایە كە لێكۆڵینەوە لە تێكستی ئەدەبی بە تەنها كافی نییە بەڵكو دەبێت كەسی رەخنەگر یان ئەو كەسەی كە دیراسەی ئەو تێكستەدەكات دەبێت بە جۆرێك لە جۆرەكان بگەڕێتەوە سەر ژیانو سەردەمی نوسەرەكەو بەشێكی لێكۆڵینەوەكەی بۆ ئەو لایەنە تەرخان بكات.

حاڵەتی كۆمەلایەتی فلۆبێروای لەو نوسەرە كردووە كە یەكێك بێت لە كەسە بۆرژواكانو پەیوەندییە خێزانیو كۆمەلایەتیو خۆشەویستییەكانی فلۆبێر نوسەر هاندەدات بۆ نوسینی رۆمانێكیوەك ئەوەی مەدام بۆڤاری، سارتەر لەو دیراسەیەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت كە فلۆبێر ئەوەی ئیختیار كردووە كە هونەرمەندێكی گۆشەگیر بێت. نوسەر لەدوای نوسینی ئەو شاكارە دەڵێت:" هەموو ئەو شتەی كە دەمەوێت بیكەم ئەوەیە كە دەخوازم كتێبێكی جوان دەربارەی "هیچ شتێك" بنوسمو ئەو كتێبەش بە هیچ شتێكەوە گرێنەدرێتو خاڵی بێت لە جیهانی دەرەكی". مەدام بۆڤاری تەنها چیرۆكی پاڵەوانی رۆمانەكە نییە، بەڵكو چیرۆكی هەموو كۆمەڵگای فەرەنسییە كە فلۆبێر بە كەمێك زیادەرەوییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، چونكە لە دوای زیاتر لەسەدەیەك بەسەر بلاوبونەوەی ئەو رۆمانەدا تا ئێستاش بایەخ بەو لایەنە دەوڵەمەندەی ئەو رۆمانە دەدرێت كە تێیدا فلۆبێر ئیش لەسەر فۆرمو ئسلوبی گێڕانەوەو رۆڵیوەسفو ئەو سیاغە هونەرییە دەكات كە پێشتر رۆماننوسەكانی سەردەمی خۆیو پێش خۆی بەو جۆرە نەیانتوانیوە ئیش لە كارێكی هاوشێوەی شاكارەكەی ئەودا بكەن، بەلام پێدەچێت ئەو

ڤاكيومه زەمەنييەی كە تێيدا ئيشێكیوەك ئەوەی مەدام بۆڤاری غيابی هەبووە هۆكارەكەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەرايەی كە ئەو رۆمانە نايەوەو سەرجەم خوێنەرانو رەخنەگرانی بە خۆيەوە سەرقاڵكردو پاش ماوەيەك لە بڵاوبەنەوەشی نوسەرەكەی راپێچی دادگا كراو لێپرسينەوەيان لەگەڵدا كرد بە بيانوی ئەوەی كە ئەخلاقياتی كۆمەڵگەی شێواندووەو هێرشێكی زۆری كردۆتە سەر بۆرژواكانی ئەو سەردەمە.

لەگەڵ دەركەوتنی چەند ميتۆدێكی رەخنەگريی بونيادگەراكانو ئەو رەخنەگرانەی كە زياتر بايەخيان بە فۆرم دەدا ئيتر خوێندنەوە بۆ ئيشەكانی فلۆبێر زياديكرد، ديارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجاكانی سەدەی رابردوواتە دوای نزيكەی حەفتا ساڵ لە كۆچی دوايی فلۆبێر، هەر لەو كاتەشدا لە دوای ئەوەی كە پێشەواكانی (رۆمانی نوێ) ئيعلانی ئەوەيانكرد كە لە كارەكانياندا بە تەواوی دەگەڕێنەوە سەر نەسەبو رەگو ريشەی كارەكانی فلۆبێرو بڕيارياندا كە لە ئيشەكانياندا زياتر پەی بە كۆمەڵێك لايەنیوەك فيكرو گێڕانەوەو تێڕامان بدەن چونكە ئەو سيناريۆيەی كە لەبەرهەمەكانی گۆستاڤ فلۆبێردا بەديدەكرێت سيناريۆيەكی هەميشە جۆڵاوەو مردوو نييە، بەواتايەكی دی هەموو روداوەكانی ناو رۆمانی مەدام بۆڤاریو زۆربەی بەرهەمەكانی نوسەر بەشێوەيەكی تۆكمەو پتەو پێكەوە گرێدراونو لەگەڵ خوێنەردا بۆ لێكتێگەيشتن پردێكی بەهێز بەردەواموجودی هەيە. نمونەيەكی ديار لەسەر ئەو پەيوەندييەش كە لە نێو رۆمانی مەدام بۆڤاريدا بەديدەكرێت بونی ئەو باكگراوندە سياسیو كۆمەڵايەتيەيە لە نێوان قەشە (بۆرنيسيان)و(هۆمی) سەيدەلانيدا كە يەكەميان نوێنەری كايەيەكی

ئایینییەو ئەویتریان هەڵگری نەزعەیەكی عەلمانییەو پێكەوە رووە دیارەكانی بۆرژوازییەتی فەرەنسی دەردەخەن كە فلۆبێر لێرەدا نایەوێت بەلای هیچكام لەو دوو كارەكتەرەدا بشكێتەوە بەڵكو ئەوەی نوسەر دەیەوێت ئەوەیە كە تەنها بەشێوازێكی گاڵتەجاڕی هەژمونی ئەو كەسانە راڤە بكات كە هەیمەنەیەكی تەواویان هەبووە بەسەر كایەو بەها كۆمەڵایەتییەكاندا كەوەكوەسیلەیەك ئەو گاڵتەجاڕییە بەبێ داشكانەوە بەلای هیچ كارەكتەرێكی رۆمانەكەدا بۆ ئەو مەبەستە بەكار دەهێنێت.

فلۆبێر لە چاپتەری هەژدەی رۆمانی مەدام بۆڤاریدا لەوەسفی خاتوو ئیما بۆڤاریدا دەڵێت:" ئەو خانمە لە ئاوێنەدا تەماشای خۆیكرد توشی سەرسوڕمان بوو بەرانبەر بە سیمای دەمو چاوی‌و هەرگیز چاوەكانی خۆی بەو شێوە قوڵ‌و گەورەو رەش داگەڕاوییە نەبینیبوو". لێرەدا لە رێی ئەووەسفە كورتەوە فلۆبێر ئاماژە بە بوونی خەمۆكییەكی قوڵ دەدات لە سیمای پاڵەوانی رۆمانەكەیدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە ئێستاش لە دوای تێپەڕاندنی ئەو زەمەنە دوورو درێژەی كە بەسەر لەدایكبوونی ئەو رۆمانەدا هاتووە دەبینین لە فۆڕم‌و ستراكتوری رۆمانەكەدا جۆرە ئیشكالییەتێك بەدیدەكرێت كە مەگەر تەنها گۆستاڤ فلۆبێر خۆی بتوانێت چارەسەری ئەو سەرلێشێوانە جوانە بكات كە خوێنەر لەرێی خوێندنەوەی رۆمانەكەوە توشی دەبێت. لێرەداوا بەدەر دەكەوێت كە فلۆبێر خۆی خوڵقێنەری هەموو ئیشكالیەتەكانەو هەر خودی خۆشی دەبێتە فاكتەرێك لە خەڵقكردنی ئەو ئەتمۆسفیرە پڕ لە پێكهاتەیەی كە لە سیاقی گێڕانەوەدا خوێنەر رووبەرووی دەبێتەوە. كەواتە نوسەر هەموو

گریمانەیەكی خوێنەر لە پێش تەواوكردنی خوێندنەوەی رۆمانەكە رەت دەكاتەوەو هەموویان پەلكێش دەكاتە ناو فەزایەكەوەو كۆمەڵە ئیحایەكیان پێدەبەخشێت بە بێ ئەوەی بتوانن بە تەنها لەرێی مەدلولێكەوە ئیستیعابی بكەن.

كەواتە لە دوای تێپەرینی ئەو زەمەنە دوورودرێژە بەسەر نوسینی رۆمانەكەدا دەتوانین بڵێین كە رۆمانی "مەدام بۆڤاری" ئەو رۆمانەیە كە شایەنی خوێندنەوەو لەسەر نوسینە.

### سەرچاوەكان:


1- Tooke, Adrianne, Flaubert and the Pictorial Arts: From Image to Text, Oxford University Press; 2000. ISBN 0-19-815918-8

2- Wall, Geoffrey, Flaubert: A Life, Faber and Faber; 2001. ISBN 0-571-21239-5 .

3- Sartre, Jean-Paul. The Family Idiot: Gustave Flaubert, 1821-1857, Volumes 1-5. University Of Chicago Press, 1987.

# جیرارد دۆ نێرڤال...
# پێش خۆكوشتن، پیاسەیەك لەگەڵ قرژاڵ !!



له زستانی 1855دا پەتێك بە پەنجەرەی شوقەكەیەوە هەڵدەواسێتو ملی خۆی دەكات بە پەتەكەداو خۆیدەخنكێنێت. ئەو شوقەیە دەكەوێتە شەقامی (گلۆپە كۆنەكە) لە نزیك گەڕەكی (شاتلێ) لە پاریس. هەواڵی خۆكوشتنەكەی ژمارەیەكی زۆر لە هاوڕێكانی نیگەرانو بێزار دەكات لەوانە هاوڕێی شاعیری (تیۆدۆر ژوتییە).

دۆنێرڤال ئەو شاعیرە بوو كە (سادقی هیدایەت) ئەسەفی بۆ ئەوە دەخوارد كە درەنگ ناسیویەتی، ریوایەتێك دەربارەی ئەو ئەسەفەی سادقی هیدایەت هەیەو دەڵێت: كاتێك نوسەرێكی فەڕەنسی سەردانی تارانی پایتەختی ئێران دەكات بە رێكەوت لەناو بازاڕ دا هیدایەت دەبینێت (بیرمان نەچێت سادق لە بەلجیكاو فەرەنسا خوێندویەتیو ژمارەیەكی زۆر لە نوسەرانی فەڕەنسی دەناسیو لە پاریسدا ناوبانگێكی باشی پەیداكردبوو، دواجار هەر لەو شارەشدا خۆیكوشت)، هاوڕێ فەڕەنسییەكەی هیدایەت لەو یەكتر بینینەی تاراندا باسو خواستی ئەدەبی دەهێنێتە ئاراو بە سادق دەڵێت: ئێمە شاعیرێكی گەورەمان هەبووە بەناوی (جیرارد دۆ نێرڤال) كە ساڵی 1855 خۆیكوشتووە نازانم دەیناسیت یان نا؟؟ سادقیش لەوەڵامدا دەڵێت: بە داخەوە درەنگ ناسیم!!.

بە گەڕانەوە بۆ قسەكردن لەسەر ئەم شاعیرە فەڕەنسییە بلیمەتە دەتوانین بڵێین كە جیرارد لابرۆنی ناسراو بە جیرارد دۆ نێرڤال لە 1808/5/22 دا لە پاریس لەدایك دەبێتو هەر لەو شارەدا لە 1855/1/26 دا بە پەتێكدا خۆی هەڵدەواسێتو دەخنكێت، بەو كۆتاییهێنانە تراژیدییە خۆی لە ناسۆریو تەنگژەی دەرونیو ژیانی دووبارە بوونەوە رزگار دەكات.

ناوبانگی ئەم بلیمەتە لە تەمەنی 19 ساڵیدا دەگاتە لوتكە ئەویش لە كاتێكدا كە شانۆگەری (فاوست) ی شاعیری ئەڵمانی (گۆتە)وەردەگێڕێتە سەر زمانی فەرەنسیو گۆتەش بەردەوام دەیگوت: چێژێكی زۆر لەووەرگێڕانەوەردەگرمووادەستدەكەم كە خۆم بە زمانی فەرەنسی نوسیومە.

دۆنێرڤال كاتێك لە ساڵی 1834 دا (جینی كۆلۆن) ی كچە ئەكتەر دەناسێت ئیتر بڕیار دەدات كە هەموو ژیانی خۆی بگۆڕێتو تەواو عاشقوشەیدای ئەو كچە ئەكتەرە دەبێت، بەڵام كاتێك (جینی) شوو دەكات بە پیاوێكی دی ئیتر نیشانەكانی شێتیو رەشبینیو تێكشكان لە دۆنێرڤالدا دەردەكەوێتو سەرلەبەری ژیانی بەدیوێكی تاریكدا ئاراستە دەكرێتو لایەنی تەندروستیو دەرونیی شاعیر جۆرە پشێوییەكی ترسناك بەخۆیەوە دەبینێتو لەچەند نەخۆشخانەیەكی دەرونی داغڵی دەكەن.

بۆ خۆدەربازكردن لەو رووە تاریكەی ژیانی بڕیار دەدات خۆی بە نوسینو خوێندنەوەوە خەریك بكات،وەلێ ئەمە تەنها دەرمانێكی كاتییەو دووبارە پشێوییەك لە حاڵەتی دەرونی خۆیدا هەست پێدەكاتو تا رۆژی خۆكوشتنەكەی بەردەوام دەبێت. بەپێی دان پێدانانەكانی بەشێك لەنوسەرانو شاعیرانی فەرەنسی دۆنێرڤال كەسێكی شێت بووەو لە پاڵ ئەو شێتییەدا هەمیشە بلیمەتییەك ئامادەگیی هەبووە، ئەگەرچی لەقۆناغێكی دیاریكراوی ژیانیدا توانیویەتی ژیانێكی ئاسایی بەسەر بەرێتو بەردەوام لە كۆڕو كۆبونەوە ئەدەبییەكاندا بینراوەو پەیوەندی پتەوی هەبووە لەگەڵ زۆرێك لە نوسەرە گەورەكانی ئەو سەردەمەدا ئەوانیش لە چەشنی (ئەلیكسەندەر دۆما، شارڵ نۆدیێ، تیۆدۆر ژوتییەو ڤیكتۆر هۆگۆ).

بەدەر لە (جینی کۆڵۆن) یەکێك لەو فاکتەرە سەرەکییانەی کە ژیانی (دۆنێرڤال) ی بەو ئاقارە ترسناکەدا برد مردنی دایکی بوو لە ساڵی 1811دا کە ئەوکات تەنها تەمەنی دوو ساڵو چەند مانگێك دەبوو، هەر لەبەر ئەوە بوو کە لەزۆربەی کارە ئەدەبییەکانیداوێنەی ئافرەتی دەکرد بە هۆکاری پەیوەندی نێوان مرۆڤو شتە نادیارەکانو زرۆجاروێنەی ئەو ئافرەتەی لە دایکیو جینی کۆڵۆندا بەرجەستە دەکرد.

سەرجەمی کارەکانی دۆنێرڤال لە فەزای خەوندا ئیشیان لەسەر کراوە، ئەم خەونە یارمەتی شاعیری داوە بۆ خۆ قوتارکردن لەواقیع، لە کتێبی (سیلڤیا) دا کە (ئەمبرتۆ ئیکۆ) راڤەی کردووە بەلانسێکی لەنێوانواقیعو خەیاڵدا دروستکردووەوەڵێ لە کتێبی (ئۆریلیا) دا هەردوو چەمکیواقیعو خەیاڵ ئاوێزانی یەکدی دەکات. ئیشکردنی شاعیر بەردەوام بۆ راکردن بووە لە یەئسو دڵەراوکێ بەڵام ئایا تا چەند توانیویەتی سەکەوتوو بێت لەو راکردنەدا؟ لێرەدا تەنها خۆکوشتنەکەی دەبێتەوەڵامی ئەم پرسیارە.

ئەدەبی ئەوروپی پێش ئەوەی کە مارسیل پرۆست (1871–1922)و پێش ئەوەش کە سورياليیەکان بناسێت دەرگا بۆ جیرارد دۆ نێرڤال دەکاتەوەو ئەویش نوسین دەکاتە ئەداتێکی گرنگو بە توانا بۆ کەشفکردنی جوگرافیاونەکانی عەقڵانیەت، بە مانایەکی دی ئەو دێت لە رێی ئەدەبەوە کۆمەڵێك پنتو دونیای پڕ سەیرو سەمەرەو شوێنگەلێك کەشف دەکات کە نوسەرانو شاعیرانی سەردەمی خۆی درکیان پێنەکردووە چونکە زاراوەی (سورناتوراليزم) تەنها زاراوە بوو کە باڵی کێشابوو بەسەر دیوانە شیعری (وەهمەکان) دا، لەرێی ئەم موفرەدەیەوە شاعیر دێت بە زمانی خوداوەند ئەودیوی سروشت دەبینێتو کەشفی کۆمەڵێك رەهەندی مەجهول دەکات، هەر ئەم ئایدیایە بوو کە (ئەندرێ

بریتۆن) ی پێشەوای رێبازی سوریالیزمی هاندا بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی یاخیوەك سوریالیزمو هەر ئەمەش بوو کە دۆنێرڤالی کرد بە یەکێك لە باوکە رۆحییەکانی دادایزمو سوریالیزم، بیریشمان نەچێت دادائییەت دوای چەند ساڵێکی کەم لەناو بۆتەی سوریالییەتدا توایەوەو ئیعلانی مەرگی خۆیکردو زۆربەی ئەندامەکانی پەنایان بردە بەر (ئەندرێ بریتۆن)و رێبازی سوریالیزم.

شاعیر لە کتێبی (ئۆریلیا) دا دەربارەی خەون بەمجۆرە دەدوێت:

(خەون، ژیانی دووهەمە، ژیانێك کە ناتوانم ئەو دەرگا عاجییانەی بکەمەوە کە جیامان دەکاتەوە لەم ژیانە نەبینراوە، لەحزەکانی سەرەتای خەوبردنەوەوێنەی مەرگ لەخۆ دەگرێت، برێك لە هێوربونەوەی تەمو مژی سەیر فیکرو عەقڵی ئێمە دەباتو ناتوانین ئەو لەحزەیە دەستنیشان بکەین کە "من" فۆرمێکی تر لە کەینونەی خۆیوەردەگرێت. ئەوە ئەشکەوتێکی تاریکەووردەوردە روناك دەبێتەوەو لە تارماییەکانییەوە دەمو چاوگەلێکی هەڵبزرکاوو بێگیان دەردەپەڕنو لە شوێنی رۆحەکاندا نیشتەجێ دەبن، پاشان کاتێك کە نور روناکی دەکاتەوە تابلۆکە تەواو دەبێتو روئیایەکی سەیر لەدایك دەبێتوجیهانی رۆحەکان دەرگاکانی خۆیمان بۆواڵا دەکات).

دەربارەی ئەم روئیایەی دۆنێرڤال نوسەرێکی لۆکاڵی بە ناوی (سویدۆنبورج) دێتو زاراوەی (میمۆرابیلیا) ی بۆ دادەتاشێتو زیاتر دەیبەستێتەوە بە خەونوەك لە نوستن.

ژیانی تەنهاییو پڕ لە رەشبینیو تێکشکان شاعیر هاندەدات بۆ بەخێوکردنی قرژاڵ، کە ئەمەش دیارترین سیمای شێتیی ئەم کابرا بلیمەتە بووەووەك هەندێك سەرچاوە باسی لێوەدەکات دەڵێن گوایە لەرۆژی لەدایکبوونی قرژاڵەکەیدا خۆیکوشتووە. ئەو هەمیشە پەتێکی

درێژی بە ناوقەدی قرژاڵەکەیەوە گرێدەداو بە شەقامەکانی پاریسدا پیاسەی لەگەڵ دەکرد، کاتێك دەربارەی ئەو کردەوە شێتئاسایە پرسیاریان لێدەکرد، لەوەڵامدا دەیگوت: هیچ نەبێت ئەوانەوەك مرۆڤ سەرزەمین پیس ناکەنو تەواو شارەزای ناو دەریان.

دۆنێرڤال لە پشت ناوبانگی هەریەك لە (مارسیل پرۆست، مۆپاسان، ئەندرێ بریتۆنو ڤێرجینیا ۆولف)ەوە بووە، بەواتایەکی دی ئیشەکانی دۆنێرڤال کاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر ناوبانگی ئەو نوسەرانەی پێشوو دواجار شاعیر بە چەشنی رێنیە ماریا ریلکە نامەگەلێکی زۆری بەجێهێشتووەو لە چەند کایەو حەقلێکی ئەدەبیدا ئیشی کردووەو لە پاریس لە گۆرستانی (پێرلاشێز) نێژراوە، ئەو گۆرستانەی کە گۆڕی بەشێکی زۆری شاعیرانو نوسەرانی فەرەنسیو چەندین داهێنەری تری بێگانەی لەخۆگرتووە لەوانە: پۆڵ ئێلوارو سادقی هیدایەتو چەندین ناوی درەوشاوەی تر.

### پرۆفایلی شاعیر:

- **ناو:** جیرارد لابرۆنی
- **نازناو:** جیرارد دۆ نێرڤال
- **لە دایکبووی:** 1808/5/22
- **شوێنی لە دایکبوون:** فەرەنسا– پاریس
- **رۆژی ماڵئاوایی:** 1855/1/26
- **هۆکاری مردن:** خۆکوشتن– خۆ خنکاندن بە پەتێك

- **شوێنی مردن:** فەرەنسا– پاریس
- **رەگەز:** نێر
- **رەنگی ئەتنی:** سپی پێست
- **ئاراستەی سێكسی:** راستو رەوان (شاز نەبووەوەك رامبۆو ڤێرلین)
- **ئیش و كار:** شاعیر، نوسەر، وەرگێڕ، نامەنوس
- **رەگەزنامە:** فەڕەنسی
- **پوختەی كارەكەی:** شاعیرێكی فەڕەنسی رۆمانتیك
- **پیشەی باوك:** دكتۆری بواری سەربازی
- **پیشەی دایك:** دیاریكراو نییە، چونكە لە تەمەنی دوو ساڵی دۆنێرڤالدا لە(silesia) كۆچی دوایی كردووە، بەڵام لە كەمپینەكانی مێردەكەیدا بەشداری كردووە.

**بەرهەمەكانی:**

1- **Voyage en Orient**
2- **La Bohème Galante**
3- **Les Nuits d’Octobre**
4- **Sylvie**
5- **Petits châteaux de Bohême**
6- **Les Filles du Feu**
7- **Aurélia**
8- **Promenades et Souvenirs**

## سەرچاوەکان:

1- Aurélia by Gérard de Nerval translated by Monique DiDonna ISBN: 1-892295-46-6 ©2001 Green Integer PB.

2- Aurélia & Other Writings by Gérard de Nerval translated by Geoffrey Wagner, Robert Duncan, Marc Lowenthal ISBN: 1-878972-09-X ©1996 Exact Change Boston PB.

3- Gérard de Nerval 1808-1855 Poet, Traveler, Dreamer by Solomon A. Rhodes ©1951 Philosophical Library New York HC.

4- Aurélia / Sylvia by Gérard de Nerval translated by Kendall Lappin ISBN: 1-878580-0708 ©1993 Asylum Arts PB.

5- The Anchor Anthology Of French Poetry: From Nerval To Valery In English Translation edited by Angel Flores ISBN: 0-385-49888-8 ©2000 Anchor Books Editions PB.

6- Gérard de Nerval: The Mystic's Dilemma by Bettina L. Knapp ISBN: 0-8173-7608-9 ©1980 The Universary of Alabama Press HC.

7- جيرارد دو نيرفال، بين الشعر والجنون، جمع وترجمة: د.محمد قصيبات، موقع جهة الشعر الثقافي.

## محەمەد زەفزاف...
## ئیمپراتۆری ئەدەبی مەغریبی !!



(محەمەد زەفزاف) ی گەورە نوسەری مەغریبی لەپاڵ ناوی نوسەرگەلێکی‌وەك (طیب صالح) ی سودانی‌و (نورالدین الفرح) ی سۆماڵی‌و(طاهر بن جلون) ی مەغریبی بە یەکێك لە ناوە درەوشاوەکانی چیرۆك‌و رۆمانی عەرەبی دادەنرێت.

نوسەر ساڵی (1942) لە دایك بووەو لەساڵی (2001) داو لەتەمەنی پەنجاو نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، ئەم نوسەرە خاوەنی دەیان کورتە چیرۆك‌و رۆمانەو یەکێکە لە ناوە دیارەکانی گۆرەپانی رۆشنبیری مەغریبی‌و یەکێکە لەو نوسەرە بۆهیمییانەی کە بەردەوام خەریکی نوسین‌و خوێندنەوە بووەو تەنها رێگەی شوقەکەی خۆی‌و قاوەخانەکانی پێزانیوەو خۆشترین قاوەخانە لای ئەو (کافی ماجستیك) بووە کە دەکەوێتە گەڕەکی (معاریف) لە (الدار البیضاء).

نوسەر ماوەیەك مامۆستای ئامادەیی دەبێت‌و پاشان لەشاری (القنیطرة)وە بەرەو (الدار البیضاء) دەڕوات‌و لەوێ دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی چیرۆك‌وتارەکانی، لەدیدی زۆربەی نوسەرو رەخنەگرانی عەرەبیدا زەفزاف ئەنارشیستێکی پرۆگرامکراو بووە کە ئەمەش پێناسەیەکە مایەی پێکەنینە چونکە کەسی ئەنارشیست هەمیشە لەدەرەوەی پێناسەی مرۆڤێکی ستەیبڵەو مرۆڤێکە لێوانلێو لە دیرەینجمێنت‌و بارگاوی بە فەوزاگەری.

نوسەری عێراقی (فیصل عبدالحسن) دەڵێت: من لەسەرەتاوە دەمزانی کە داهێنەرێکی‌وەکو زەفزاف کەسێکی دڵو دەروون پاکەو ماڵەکەی پڕە لە نوسەری گەنج کە هەموویان لەگەڵ زەفزافدا پێکەوە لە قاپێکدا نان دەخۆن‌و لەیەك پەرداخدا دەخۆنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کەسێکی موفلیس‌و بێپارە بووە زۆرجار نەیتوانیوە رۆژنامەیەك بکڕێت.

زەفزاف لەژیانیدا هیچ خەلاّتێکی ئەدەبی لەولاّتەکەی خۆیداوەرنەگرتووە چونکە دەیزانی نوسەرێك خەلاّتوەردەگرێت کە ئینتیمایەکی سیاسی گەورەی هەبێت بۆ دەسەلاّت، ئەویش کەسێکی شیاو نەبوو بۆ هیچ ئینتیمایەکی سیاسیو تەنانەت لە ژیانی تایبەتی خۆیدا کەسێکی بۆهیمی بووە.

شاعیری عێراقی (سەعدی یوسف) هۆی کەمی بایەخدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ زەفزاف دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو فاکتەری سەرەکی، یەکەمیان ئەوەیە کە کارەکانی زەفزاف کارێکی عەفەویو پڕ لە ڕاستگۆییو ڕێزی خوێنەری خۆی دەگرێتو قسەی بەردەوام لەسەر کێشەی ئینسانەکان دەکاتو بەچەشنی نوسەرانی تر خۆی نماییش ناکات، فاکتەری دووەمیش کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بە لۆکاڵ بوونی نوسەر ئەوەیە کە زەفزاف بە هیچ زمانێکی بێگانە نەینوسیوە.

سەعدی یوسف لە لاواندنەوەی زەفزافدا دەڵێت: خوگرتنی زەفزاف بە ئازادییو سەربەستییەوە لە زۆر لایەنی ژیانی کردووەو تەنانەت خۆی دابڕیوە لە هەموو کۆڕوکۆبونەوەیەكو کەسێکی بەردەوام گۆشەگیر بووە.

نەخۆشییو هەژاری ئەو دوو سیما ناشرینە بوون کە ئازاری ئەدەبی مەغریبییان داوە، لەبەرئەوە بۆ سارێژبوونەوەی ئەو ئازارە، ئەدەبی مەغریبی پێویستی بە کەسێك بووە لە چەشنی حەزرەتی مەسیح، دیارە لێرەدا قسەکردن لەسەر حەزرەتی مەسیح تەنها بۆ ئەوە بووەوەك فریادڕەسێك تەماشا بکرێت نەك ڕەهەندێکی ئایینی بەحتوەربگرێت.

ئەدەبی مەغریبی لەرووی داهێنانەوە (نەك تەمەن) لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زەفزاف لەدەست ئەدات ئەویش لە چەشنی لەدەستدانی ئەدەبی عێراقی بۆ بەدر شاکر سەیابو جان دەمۆ، نوسەر لەو ڕۆماننوسە

دەگمەنانەیە کە بەتواناو لێوەشاوەییەکی بێ ئەوپەڕو بەحیرفەیەکی گەورەی پڕ لە عەفەوییەتەوە ئیش لەسەر ئەو ئیستاتیکا تیلقائییە دەکات کە جوانی بەرهەم دێنێت.

لە رۆمانی (ئەو رێوییەی کە دەردەکەوێتو ون دەبێت) دا بایۆگرافیایەکی تەواوی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەگەر چی زۆربەی رۆمانەکانی بایۆگرافیایەکی رووتن بەڵام نوسەر دێت لەسەر بەرگی کتێبەکانی دەنوسێت رۆمان، کەواتە بۆ تێگەیشتن لەرونیاو جیهانبینی زەفزاف خوێندنەوەی رۆمانەکانی بایۆگرافیای تایبەتی خۆیمان بۆ کەشف دەکاتو بەڕای زۆربەی رەخنەگرانی عەرەب ئەگەر لەناو ئەدەبی مەغریبیدا ئیشەکانی محەمەد زەفزافو (طاهر بن جلون) بهێنرێتە دەرەوە ئەوکاتە شتێك نامێنێتەوە ناوی ئەدەبی مەغریبی بێت.

لە سیفەتەکانیوەسفی گێڕانەوە (السرد) لای زەفزاف ئەوەیە کە کاراکتەر لە رۆمانەکانیدا لە تەمومژداوندەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە فەزحی زۆر لایەنی شاردراوەی ژیان دەکاتو تەواو یاخی دەبێت، سەرەڕای ئامادەگیی مەرجە جەوهەرییەکانی رۆمانی تازەگەر ئیتر هەر لە رەفزکردنەوەی کۆمەڵە ترادیسیۆنێکی ئەدەبیو کۆمەڵایەتییەوە بیگرە تا دەگاتە تەرکیز خستنە سەر زمانوەك پێکهاتەیەکی سەرەکی رۆمانو پاشان شۆك دروستکردنو گەمەکردن بە خوێنەر مەرجێکی جەوهەری ترن لای نوسەر.

زەفزاف بە چەشنی کۆمەڵێك نوسەری ئەمریکای لاتین کە خەڵاتی نۆبڵیانوەرگرتووەوەك (گابریل گارسیا مارکیز، ماریۆ ڤارگاس یۆسا،و ئەنخیگل ئۆستاریس) بەهیچ جۆرێك نەچۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبی رۆژئاواو نوسینەکانی قسەیەکی پراگماتیکین لەسەر ئەو رووداوانەی کە هەستی پێکردووە.

(ئیدریس بلمليح) ی رۆماننوس دەڵێت: (رۆمانی مەغریبی لە ئێستاداوردەوردە خەریکە دەچێتە ناو شەپۆلی نوێگەریو شکلە رەسەنو لێکجیابووەکانی خۆی بەشێوەیەکی زیندوو بەدەست دەهێنێت)، کەواتە لێرەداوەك ئاماژەدانێك بەناوی نوسەر دەبێت ئەوە لای خوێنەر ئاشکرا بێت کە چوارچێوەی ئەو شەپۆلە نوێگەرییە تەنها لای زەفزاف نەخشەی بۆ دەکێشرێت.

ئەمەی خوارەوە قسەکردنە لەسەر کۆتایی پێنج رۆمانی زەفزاف (هەریەکەیان بە چەند دێرێك) کە لەو پێناسە چەند دێرپییانەدا خوێنەر تا رادەیەك ئاشنا دەبێت بە دنیای نوسینی محەمەد زەفزاف:

- رۆمانی (شۆستەو دیوارەکان):/ ( لەشەقامەکەدا بە تەنها دەڕوات، بە ئاراستەیەکی نادیار، دەستی لە گیرفانیدایەو بیر لە شتگەلێك دەکاتەوە).
- رۆمانی (گۆڕگەلێك لە ئاودا):/ (لەدوورەوە گوێی لەوەڕینی سەگێك لەگەڵ شتێکیوەك سوکانی ئۆتۆمبیلێکی کۆن بوو، بەڵام هەمان ئەم دەنگە نەما، پاشان دەنگێکی تر بەرزبۆوەو دەنگێکی تر لە تەنیشتی).
- رۆمانی (مارو دەریا):/ (لەبەردەمیدا غوولێك هەبوو، خاوەن بازۆڵەیەکی گەورە بوو، دەچووە ناو ئاوەکەو بەهەردوو بازۆڵە گەورەکەی شەپۆلەکانی ڕا ئەدا، خۆی نقوم دەکرد،وێنەکانی دەگۆڕیو لەپێش چاوانوندەبوو، لە دواییدا سوسو دەچووە خەونێکی قوڵەوە).

- رۆمانی (هەوڵی ژیان):/ (تەسەوری کرد بتڵە شەرابەکان پڕ بن، پاشان بەخێرایی ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخوڕیو بەپەلە پێی نا بە بەنزیندا، ئەو دەخواتەوەو دەخواتەوە، ئەو خەوێکی قوڵ لەو ژوورەدا دەنوێت).
- رۆمانی (ئەو رێوییەی کە دەردەکەوێتوون دەبێت):/ (دەستم درێژکرد بۆ کیسە توتنەکە، پیاوەکە پەرداخێك شەرابی پیسی پێدام، لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەریٚ کەی دەگەمە ماڵەوە هەتاکو پشوو بدەم؟).

## سەرچاوەکان:


1- محمد معتصم، محمد زفزاف والنقد الادبي، موقع دروب الثقافي، 18/سبتمبر/2005 .

2- محمد معتصم، الجملة السردية و فضاء المدينة عند محمد زفزاف، موقع دروب الثقافي، 20/سبتمبر/2005 .

3- ادريس الناقوري، الرواية المغربية، مدخل الى مشكلاتها الفكرية والفنية، دار النشر المغربية. ط1 .1983م.

4- نجيب العوفي، درجة الوعي في الكتابة، دراسات نقدية، دار النشر المغريبية.ط1 .1980م.

# ئەلفۆنس دی لامارتین...
# میتافۆرێکی ئۆرێنتاڵ بۆ مەرگ!!



ئەلفۆنس ماری لویس دی لامارتین، بە یەکێك لە بیرمەندو نوسەرو شاعیرە گەورەکانی سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسا دادەنرێت، تا ئێستا هیچ شاعیرێکی فەرەنسی هێندەی لامارتین خزمەتی ئەدەبی فەرەنسی نەکردووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە نکوڵی لە ناوی سەدان بیرمەندو شاعیرو نوسەرو رۆشنبیری تری گەورەی فەرەنسی ناکرێت بەڵام هەمیشە ناوی لامارتین درەوشاوەترین ناوی نێو ئەو کایە روناکبیرییەیە. شاعیر لە ساڵی (1790) یان دروستتر ساڵێك دوای شۆڕشی 14 ی تەمموزی فەرەنسی لەدایك دەبێت، ئەو شۆڕشەی کە بووە هۆی لابردنی دەسەڵاتی شاهانەی فەرەنسا، شاعیر منداڵی خۆی لە (ماکۆن) بەسەر بردووەو لە خوێندنگە کریستیانەکانی ئەو هەرێمەدا خوێندوویەتیو لەسەرەتای تەمەنی لاوییەوە چۆتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی (ڤێرجیل)و (هۆراس)، لە ساڵەکانی ناوەڕاستی تەمەنیدا دەچێتە نێو کایەی سیاسییەوە تا لە ساڵی 1842 دا لەتەمەنی (52) ساڵیدا دەبێتە یەکێك لە قوتبە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆن. لە کاتی هەڵگیرسانی شۆرشی 1848 دا لەحکومەتە کاتییەکەی ئەو سەردەمەی فەرەنسادا بەشداری دەکاتو پلەیوەزیری دەرەوەوەردەگرێتو لەنێو کۆمەڵێك پۆستی گەورەی سیاسیدا هەمیشە لە ئاڵو گۆڕدا دەبێت تا ئەو کاتەی کە توشی چەند کێشەیەکی گەورەی ماددی دەبێت کە ناچاری دەکات خانووەکەی بفرۆشێت بەڵام فرۆشتنی خانووەکەی کێشە داراییەکانی شاعیر چارەسەر ناکات هەربۆیە هانا دەبات بۆ حکومەتی ناپلیۆنی سێهەم بۆ یارمەتیدانی، حکومەتیش هەتا کاتی مردنی شاعیر (1869) کە لەگۆڕستانی (سوان بۆدان) نێژراوە، پارەیەکی بۆ دەبڕێتەوە کە بەنزیکەی نیو ملیۆن فرەنکی ئەو کاتە مەزەندە دەکرێت.

لامارتین هەروەکو چۆن هەیمەنەیەکی تەواوی هەبووە لە کایەی سیاسیدا بە هەمان شێوە هەمان هەژمونی هەبووە بەسەر دونیای شیعردا ئەو هەیمەنەیەش لە چەشنی هەژمونی (شاتوبریان) بووە لە بواری پەخشان نوسیندا کە بە تەواوی مۆنۆپۆڵی ئەو کایە ئەدەبییەی کردبوو، لامارتین لە دوای خۆی کۆمەڵێك کاری بەپێزو جوانی لەبواری شیعردا بەجێهێشتووە لەوانە (دەریاچە، نائومێدی، گۆشەگیری، دۆڵ، پاییز، ئاو، مرۆڤ، خوداوەند هەروەها نوێژ)، سەرەڕای کۆمەڵێك تێکستی ناوازە لە بواری چیرۆکدا.

ژمارەیەکی زۆر لە نوسەرو شاعیرە بەناوبانگەکانی عەرەبوەکو (أحمد حسن الزیات، علي محمود طه، محمد مهدي البصیر، تقولا فیاض، و عبدالرزاق حمیدة) هەستاون بەوەرگێڕانی قەسیدەی (دەریاچە) کە یەکێکە لە گەوهەرە گرانبەهاکانی لامارتین لە بواری شیعردا، خۆشبەختانە زۆربەی ئەو شاعیرو نوسەرە گەورانەی عەرەب بێجگە لە (علي محمود طه) کە لە زمانی دووهەمەوە (ئینگلیزی) قەسیدەکەیوەرگێراوە، هەموویان لە زمانی دایکەوە (فەرەنسی) قەسیدەکەیانوەرگێڕاوەو بە حوکمی ئەوەی کە زۆربەیان شاعیر بوون (نەك بە تەنهاوەرگێڕ) توانیویانە بەشێوەیەکی زۆر تەندروستوەریبگێڕنە سەر زمانی عەرەبی.

لامارتین لە بواری شیعردا دادەنرێت بە پێشەوای ڕۆمانتیزم، لەسەرەتای تەمەنی گەنجیدا گەشتێك دەکات بۆ ئیتالیا (وڵاتی هونەرو سێنتەری ڕۆشنبیری ئەوروپای ئەو کاتە) ئەگەرچی لە ئێستاشدا ئیتالیا هەر هەمانوڵاتە زیندووەکەی لامارتینە.

سەرەتای ئارەزووی شیعریی لامارتین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکرێت (خزمەتی سەربازی شا لویسی هەشتەم)، یەکەمین دیوانی شیعریی خۆی بەناوی (تێڕامانە شیعرییەکان)

بڵاودەکاتەوەو دەنگو سەدایەکی گەورە دەنێتەوە لە ئەوروپادا کە بە یەکەمین کۆمەڵە شیعری ڕۆمانسی دادەنرێت لە ئەدەبی فەرەنسیدا. کاریگەری ئایین بەشێوەیەکی بەرچاو لە قەسیدەکانی شاعیردا بەدیدەکرێتو بایەخو گرنگییەکی زۆری پێبەخشیوە ئەم کاریگەرییەش زیاتر لە کۆمەڵە شیعری (هارمۆنیای شیعری ئایینی) دا دەبینرێت. سەبارەت بە کۆمەڵە شیعری یەکەمی شاعیر (تێڕامانە شیعرییەکان) دەتوانین بڵێین کە لە (24) قەسیدە پێکهاتووەو لەنێوان ساڵەکانی (1815–1820) دا نوسراون، ئەو قەسیدانەش لای ڕەخنەگران دادەنرێن بە کۆمەڵێك یادگاری شەخسی خودی لامارتین کە لە ئەنجامی کۆمەڵێك ئەزمونی تایبەتی ژیانی لەو پێنج ساڵەدا نوسیونی.

گەشتێك بۆ ڕۆژهەڵات، ناونیشانی ئەو کتێبە ناوازەو دەگمەنەیە کە شاعیر لەساڵی (1835) دا نوسیویەتی، کتێبەکە نزیکەی حەوتسەد لاپەڕەیەو نوسەری سوری (جمال شحید)و ژنەوەرگێڕی لوبنانی (ماری طوق) بەهاوبەشی هەریەکەو بەشێکی کتێبەکەیانوەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، کتێبەکە باس لە ڕووداوەکانی (16) مانگی گەشتێکی دوورودرێژی لامارتینی شاعیر دەکات بۆ کۆمەڵێك لەوڵاتانی کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، چونکە زۆرجار لامارتینویستویەتیوەك ئۆرێنتاڵێك بژیوەوەك ڕۆژهەڵاتییەك بمرێت، هەر لەبەرئەوە زۆرجار دەتوانینوەك ئۆرێنتاڵیستێك لە شاعیر بڕوانین.

لامارتین لەو کتێبەدا بەوپەڕی ڕۆمانسیەتووردبینییەوە یادگارییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵات دەگێڕێتەوەو دەربارەی تێڕوانینەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتو دانیشتوانو ئایینو بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی ئەو وڵاتانەوە دەدوێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەسەر ئەم کتێبە ئەوەیە کە پاش ماوەیەکی کەم لەبڵاوبونەوەی کتێبەکە لەلایەن

حكومەتی فەرەنسییەوە دەست بەسەر كتێبەكەدا گیراو خرایە ژێر چاودێری توندەوە، چونكە شاعیر لە كتێبەكەدا گوتبووی "فەرەنسییەكان نەتەوەیەكن توشی رارایی بوون، لەبەرئەوە پێویستە كە زیاتر بەرووی دونیادا بكرێنەوە".

شاعیر ژمارەیەكی زۆر لەولاَتانی عەرەبی گەڕاوەو ئارەزووی كردووە بە چەشنی ئۆرێنتاڵێك مەرگێكی رۆژهەلاَتی میتافۆر بكات، لە گەشتەكانیدا سەرسامی خۆی بەرانبەر بە شارەكانی (بەیروت، حەڵەب،و ئەسكەندەریە) دەربڕیوەو دەربارەی بەیروت دەڵێت: "ئەو بەهەشتەی كە خەڵكی بۆی دەگەڕێن، من لێرە لە بەیروت بینیم". شوێنێكی تر لەو جوگرافیا رۆژهەلاَتییانەی كە لامارتین سەردانی كردووە، كوردستانە، بەلاَم لەنێو بلاَوكراوە عەرەبییەكاندا بە هیچ جۆرێك ئاماژە بە ناوی كوردستان نەدراوەو تەنها لە ناوی سوریاو توركیادا سنوردار كراوەو تەنها بە ناوهێنانی ئەو دووولاَتە قسە لەسەر ئەو جوگرافیایە كراوە كە ناوی كوردستانە، بەلاَم لە راستیدا بۆ ماوەیەكی دیاریكراو كە بە ماوەیەكی كەم دادەنرێت سەردانی كوردستانی توركیای كردووە.

لامارتین بەجۆرێك عاشقی رۆژهەلاَت بووە كەوەسفی دەكات بە زەوی موعجیزەو پەیامە ئاسمانییەكان، شاعیر نایەوێت لەرێی چیرۆكی هەزارو یەك شەوەوە (الف لیلە ولیلە) تەماشای رۆژهەلاَت بكات، بەڵكو لەرێی ئەو شارستانێتییە دەوڵەمەندەو ئەو مێژووە كۆنەی رۆژهەلاَتەوە دەیەوێت قسە لەسەر خەڵكی رۆژهەلاَت بكات.

لامارتین لەگەڵ ژنەكەی‌و كوڕەكەی لەساڵی (1832) دا ئەو گەشتە درێژە دەكات‌و كتێبە نایابەكەی (گەشتێك بۆ رۆژهەلاَت) لە دوای ئەو سەفەرەوە دەنوسێت، هەر لەو گەشتەدا سوریاو لوبنان‌و فەلەستین‌و توركیاو یۆنان‌و ولاَتانی بەڵقان بەسەر دەكاتەوەو هەر لە لوبنان بەهۆی ئەووەسفەی كە شاعیر بۆ ئەوولاَتەی كردووە حكومەتی لوبنان دۆڵێكی گەورە بە ناوی لامارتینەوە ناو دەنێت.

ئەلفۆنس ماری لویس دی لامارتین رەگو ریشەی بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رەگەزێکی سویسری (دایکی)و رەگەزێکی عەرەب (باوکی)و لەبارەی (محمد) پێغەمبەری ئیسلامەوە کتێبێکی تری بەناوبانگی هەیەو (محمد) بەفەیلەسوفێکی گەورە دادەنێتو دەڵێت: "محمد خەونی ئەوەی نەبووە کە ئیمپراتۆریەتێك دروستبکات، بەڵکو لەڕێی موناجاتونوێژەکانییەوە ئیمانێکی پتەوی هەبووەو نهێنی سەرکەوتنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسێکی لەسەرخۆ بووە".

لامارتین، لە 28 ی فێبرایەری ساڵی 1869 دا لە پاریس مردووە.

### سەرچاوەکان:

1- صحيفة الوطن الكويتية، دار الوطن للصحافة والطباعة والنشر، 2006/10/30 .

2- المستقبل. الاحد 3 كانون الأول 2006. العدد 2464. نوافذ. صفحة15.

3- المستقبل. الثلاثاء 6 كانون الثاني 2004. العدد 1490. ثقافة و فنون. صفحة 18.

4- رحلة الى الشرق، ترجمة د. جمال شح و ماري طوق، الحياة. 06/10/29.

**تێبینی:** بۆ سەردانی ماڵپەڕی تایبەت بە شاعیر دەتوانیت سود لەم ئەدرێسەی خوارەوە وەربگریت:

http://www.lamartine.com

# ڕێنیە ماریا ریلکە...
# شاعیرێك گوڵ دەیکوژێت !!



له یەكێك له سپێدەكانی مانگی ئۆكتۆبەری ساڵی 1926دا هەروەكو پیشەی هەموو جارێكی دەچێتە نێو باخێكەوه بۆ گوڵ لێكردنەوه، بەڵام دڕكێك دەستو پەنجه نەرمەكانی بریندار دەكاتو لەو قۆناغەی ژیانیدا نیشانەكانی نەخۆشی (لۆكیمیا)ی تێدا دەردەكەوێتو دوای دوو مانگ لەوەی كه دڕكەكه دەستی بریندار دەكات بەهۆی خوێنبەربونەوه بەتەواوی تەسلیمی مەرگ دەبێتو له نێو ناوەندە ئەدەبییەكاندا دەڵێن: "شاعیرێك گوڵ دەیكوژێت". رێنیه ماریا ریلكه مرۆڤێكی لێوانلێو له ئیحساسی جوان، هەروەك منداڵێك پێدەكەنیو بەچەشنی هەمان منداڵیش دەگریا، دەستو پەنجەكانی زۆر نەرم بوون به پەنجەی پیانۆ ژەنێك دەچوون، جەستەی به پاپۆڕێكی نقوم بوو دەچوێنرا، نوسینی شیعر لای ئەو كردەیەكی ئایینیو ناوەكیو تێڕامان بوو له شتەكانی چواردەوری، بۆ ئەوەی كه زیاتر له جیهانی ریاڵ نزیك بێتەوه له رۆمانسیەتەوه دەچێتە سەر ئاراستەیەكی شیعریی تر كه رەهەندێكی میتافیزیكی لەخۆ دەگرت. هاوڕێ نزیكەكانی ریلكه خوداو بەهارو منداڵیو رەشەبا بوون، ئەم شاعیرە شەفافه له(4) ی دیسەمبەری ساڵی 1875 دا له (پراگ)ی پایتەختی چیك لەڕێی دایكو باوكێكی نەمساوییەوه دێتە بوونو دوای (51) ساڵ له (29)ی دیسەمبەری ساڵی 1926دا كۆچی دوایی دەكات. منداڵی ریلكه منداڵییەكە لێوان لێو له گۆشەگیریو بێدەنگ بوون، رووبەروو بوونەوەی ئەو لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەمیشه زنجیرەیەك له ئازارو ترسو تێكشكانی بۆ خوڵقاندووه. تەنهایی خۆشویستووه لەبەر ئەوەی قورسو بارگران بووه، قورسیو بارگرانی خۆشویستووه چونكه جوان بووه، هەتا رۆژی مردنەكەشی ترسی مەرگ بەدوایەوه بووه هەروەكو ئەوەی كه لەدایك بوون سەرەتای مەرگی ئەو بێت. شاعیر تا رادەی شێت بوون عاشقی (لۆ ئەندریاس سالۆمی) دەبێت، بۆ نەگبەتی ئەو سالۆمی پێشتر بۆ ماوەی (15) ساڵ خۆشەویستی (فریدریك نیچه)و بۆماوەی ساڵێكیش خۆشەویستی (سیگمۆند فرۆید)بوو. ئەوكات ریلكه تەمەنی (22) ساڵەو

سالۆمی (36) سالٚ، سەرەڕای ئەو چواردە ساڵەی جیاوازی نێوانیان بەڵام سالۆمی جێگەی دایكیشی بۆ دەگرێتەوە (ئەو دایكەی كە شاعیر لە منداڵییەوە لێی بێبەش بوو)، بەڵام دەبێت ئیشارەت بەوەش بدەین كە پەیوەندی نێوان ئەم دوو عاشقە زۆر كەمخایەن بووە هەروەكو پەیوەندییە كورت مەوداكانی تری ریلكە لەگەڵ ئافرەتانی دی، تەنانەت پەیوەندی خۆیو هاوسەرەكەشی (كلاراویستهۆف) كە ژنە پەیكەرسازێكی فەڕەنسی بووە پڕ بووە لە ئیشكالیەتو لێكتۆرانو ماوەیەكی زۆر كەمی خایاندووە. ساڵی 1902 پاریس دەدۆزێتەوە، ئەو شارەی كە گۆڕانێكی گەورەی كرد لە هزرو دونیای نوسینو ئیحساسەكانی شاعیردا، بەواتایەكی تر (پاریس) شاعیری بە بابەتگەلێكی دی (دوور لە دونیای شیعر) سەرقاڵ كردو پێناسەیەكی تری پێبەخشی. ریلكە ئارەزوویەكی سەیری لە نامەنوسین هەبووەو نزیكەی (10000) دە هەزار نامەی نوسیوە، لە گرنگترین ئەو نامانە (نامەگەلێك بۆ شاعیرێكی گەنج) بوو، شاعیر بەردەوام لەسەفەردا بووەو كتێبی ژمارەیەك لە نوسەرانی فەرەنسیوەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، لەنێو ئەو نوسەرانەدا كە ریلكە كارەكانیوەرگێڕاون دەتوانین ئاماژە بە ناوی (پۆڵ ڤالێری)و(ئەندرێ جید) بدەین.

شاعیر لە قەسیدەیەكیدا بۆ ژنە شاعیری روسی (مارینا تسڤیتایڤا) كە ئەمیش یەكێك بووە لە شاعیرە خۆكوشتوەكان دەڵێت:

**ئێمە شەپۆلین،**
**مارینا دەریا!!**
**ئێمە قوڵایی گەڕاوەین بۆ ئاسمان!!**

ڕەشبینی خەسڵەتێكی دیاری شیعرەكانی "ریلكە"یەو بلیمەتێكیوەك سادقی هیدایەت هەر زوو دەچێتە ژێركاریگەری شیعرەكانی ئەو پیاوە مەزنەی كە دڕكوگوڵ كوشتی. بە گەڕانەوە بۆ قسەكردن لەسەر

نائومێدیو رەشبینی لەشیعرەکانی رینیە ماریا ریلکە دا دەتوانین قەسیدەی (گۆرانی خۆکوشتوو) بە نمونە بهێنینەوە کە دەڵێت:

**کەوچکەکە لە جیاتی من بگرن**
**ئەم کەوچکەی کە ژیانی پێدەخۆم**
**دەمەوێتو نامەوێت**
**دە لێگەڕێن !!**
**با خۆم بەدەستەوە بدەمو بڕشێمەوە !!**

یان شاعیر لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**ئەوە، بۆ خەڵکی خواردن هەیە**
**بەڵام بۆ من**
**تەنها گاڵتەجاڕیم دەوروژێنێتو**
**بۆ ماوەی هەزار ساڵ**
**بە لایەنی کەمەوە**
**دەبێت لێی بەرۆژوو بم!!**

ونبوونی شاعیر لە نێو کۆمەڵێکوێنەی پڕ لە تەمو مژدا دەبێتە هۆی لەدایکبونی قەسیدەیەکی تری بەناوی (ژیانم)، خوێنەر هەرکاتێك ئەم قەسیدەیە دەخوێنێتەوە پەلکێش دەکرێتە نێو ئەو ژیانە ناجۆرەی کە شاعیر بەسەری بردووەو گومان بەرانبەر بە هەموو شتەکانی چواردەوری خۆی پەیدا دەکات، ئیتر ئەمە قەسیدەکانی ریلکەیەو لێوانلێوە لە گومانو تەنهاییو گۆشەگیری، لەو قەسیدەیە (ژیانم) دا دەڵێت:

**من بە دەوری خودا دا**
**بە دەوری بورجێکی کۆندا دەسوڕێمەوە**
**ماوەی هەزار ساڵ دەسوڕێمەوەو**
**هەنووکەش نازانم**

**من بازم ؟؟ یان رەشەبام ؟؟**
**یان گۆرانییەكی مەزنم؟؟**

"هیكتۆر پیانسیۆتی" دەڵێت:" ریلكە نەیتوانیوە بەشێوەیەكی پراكتیكی دەست لەملانیواقیع بكات ئەگەرچی بەشێوەی تیۆری ئەوەی خواستووە". بەهۆی دابڕانی ئەنتۆلۆژی ئەو لەواقیعەوە ئازارێكی زۆری چەشتووەو كەسانێك دەڵێن شیزۆفرینیای توشبووەو هەمیشەویستوویەتی ئەو مەودا ترسناكە ببڕێت كە ئایزۆلەیتی كردووە لەواقیع، بەڵام نەیتوانی ئەو ڤاكیومە ترسناكەی كە ڤەكانسی لەنێوان جیهانی ریاڵو شتە موتڵەقەكاندا دروستكردبوو پڕبكاتەوەو لەهەموو تەمەنیدا تەنها یەكجار توانیویەتی قەناعەت بە فاكتێك یاخود حەقیقەتێك بهێنێت ئەویش ئەوكاتە بوو كە (لۆ ئەندریاس سالۆمی) ی خۆشویست، لەوكاتەدا موعجیزەیەك روودەدات،واقیع دانوستانێك لەگەڵ شیعردا سازدەداتو شیعریش قبوڵیواقیع دەكات، بەڵام ئەمە تەنها ماوەیەكی كەم دەخایەنێتو تەواو، بەواتایەكی دی زەمەن بۆ ماوەیەكی كەم نەبێت رێنادات ئەم دانوستانە بەردەوام بێتو دوای ئەوە لێكجیابونەوەیەكی تاڵ روودەدات، بەڵام سالۆمی بۆ هەتاهەتایە دەبێتە پەسەندترینوێنەی ئافرەت لای ریلكە.

رامبۆ یەكێكە لەو شاعیرانەی كە ریلكە دەیەوێت لەژێر كاریگەری شیعرەكانیدا جارێكی تر بچێتەوە ناوواقیع، ئەو دەربارەی رامبۆ دەڵێت: "بەو هەموو دڵە پڕ لە بڵێسەیەی خۆی دەیەوێت زمان بەجۆرێك بلەرێنێتەوە كەشیاوی بەكارهێنان نەبێت تەنانەت ئەگەر بۆ لەحزەیەكیش بێت، بەواتایەكی تر ئەو دەیەوێت زمان بەكار بهێنێت، ماندووی بكات،و دواجار فڕێی بدات هەروەكو گوڵێك كە بۆنەكەیوندەكات". كەواتە ئیتر بۆچی لەدوای رامبۆو ریلكە شیعر بنوسین ؟؟ چونكە لە دوای كۆچی هەرشاعیرێكی مەزن ڤاكیومێك یان بۆشاییەك لە دونیای شیعردا ئامادەگی دەبێت، لەمبارەیەوە جارێكیتر "پیانسیۆتی" دەڵێت:" لای ریلكە زیادەیەكی شیعرییوجودی هەیە"،

ئەمە بەو مانایەیووزەیەکی شیعریی زیاد لە پێویست لای ریلکە هەبوونی هەیە جیاواز لە شاعیرانی دی چونکە ئەو بەشێوەیەکی بەردەوام حاڵەتی شیعریی بەرجەستە دەکات، هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو کە (مارتن هایدگەر) دەیویست بەردەوام ئیش لەسەر ریلکەو مالارمێ جۆرج تراکل بکات، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە نابێت ئێمە ریلکە بەتەنهاوەك شاعیرێك بناسین چونکە ئەو بەدەر لە شاعیربوون یەکێك بووە لەهەرە پەخشاننوسە گەورەکانی نەمساو ئەڵمانیا (چونکە بە ئەڵمانی دەینوسی)، گەورەترین ئیڤیدێنس بۆ ئەوەش کتێبە بەناوبانگەکەیەتی بەناوی (دەفتەرەکانی ماڵت لۆریدز پێرمیچ)، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شاعیر لەو جۆرە بووە کە لەناو ناخی خۆیدا بەردەوام لە ململانێدا بووە لەگەڵ ئازارەکانیو لەنێو ئەو فەیلەسوفو شاعیرو نوسەرانەی کە بەم چەشنە تێکشکابوون دەتوانین ئاماژە بەناوی کەسانێکیوەك (نیچە، هۆڵدەرلین، بۆدلێر،و دیستۆیفسکی) بدەین، روونتر بدوێم مەبەستم لەو شاعیر فەیلەسوفو نوسەرانەیە کە لە لێواری شێتبووندا بوون، بیرمان نەچێت نوسەرێکی عەبەسیو تێکشکاویوەك ئارتۆر ئەدامۆف (1908–1970) کاتێك کە بەرهەمێکی ریلکە بەناوی (کتێبی هەژاریو مەرگ) بۆ روسیوەردەگێرێت دەڵێت:"ئێستا دەبێت هەموان ریلکە بخوێنینەوە چونکە تەنها ئەو دایەگنۆسی ئەو نەخۆشییە دەکات کە لەناوماندا سەرهەڵدەدات، ئەو نەخۆشییەی کە دەمانکوژێت، نەخۆشی ئایینەکان"، دیارە ئەدامۆف لێرەدا مەبەستی لەمەرگی ئایینی مەسیحیەتە لە رۆژئاوا ئەویش لەدوای سەرکەوتنی شۆرشی پیشەسازیو تەکنۆلۆژیا.

ریلکەی نەمساوی لە چیك لەدایك دەبێتو لە روسیا دەگیرسێتەوەو هەمیشە ئارەزووی گەرانو گەشتکردنی تێدا بووەو ئەو کاتەی کە دڕکەکە دەچێت بە دەستو پەنجەکانیدا لەنێو باغێکی سویسرا بووەو لەساڵی 1911دا سەردانی میسرو باکوری ئەفریقا دەکاتو ئارەزووی لە فێربوونی زمانی عەرەبی دەبێتوگوایە توانیویەتی قورئان بخوێنێتەوە، شاعیر سەفەری رۆمای پایتەختی ئیتالیای کردووەو ماوەیەك پێش مردنی بێجگە لە زمانی ئەڵمانی بەزمانی فەرەنسی شیعر دەنوسێتو بە

روسی دەخوێنیتەوەو بەزمانەكانی‌ولآتانی سكەندەناڤیا ئاخاوتن دەكات. دیوانی (كتێبی كاتژمێرەكان) دەیان شیعری موناجات لەخۆدەگرێت‌و دابەشكراوە بەسەر سێ بەشدا، بەشی یەكەم دەربارەی ژیانی راهیبە بوونەو بەشی دووەمیش دەربارەی حەج‌و دوا بەشیش دەربارەی هەژاری‌و مەرگە. پێش مردنیشی بە ماوەیەكی كەم گەورەترین بەرهەمی شیعریی خۆی بەناوی (لاواندنەوەكانی دۆینۆ) تەواو دەكات كە لەرێی ئەو كارە ناوازەی خۆیەوە بەرجەستەی جۆرە یەكگرتنێك لەنێوان مەرگ‌و ژیاندا دەكات لەژێر سایەی‌وجودێكی گەورەی سیستماتیزەكراودا، دواجار لەنێو نامەكانی شاعیردا كە نزیكەی (دەهەزار) نامەیە دەتوانین ئاماژە بە كۆمەلێك نامە بدەین لەوانە:

**یەكەم:** كۆمەلێك نامە كە لەساڵی 1950دا لە (زیوریخ) لە دوو بەرگدا چاپكراوە، ئەم نامانە ئەوانەن كە ریلكە بۆ كۆمەلێك ئافرەتی ناردووە كە عاشقیان بووەو لەهەر سەدەمێكدا یەكێكیانی خۆشویستووە، هەر لە (كلاراویستهۆف)ەوە بیگرە تا دەگات بە (لۆ ئەندریاس سالۆمی) كە من لەمووتارەدا تەنها ئیشارەتم بەناوی ئەوانداوە.

**دووهەم:** نامەكانی ریلكە بۆ كلارا دەربارەی پۆڵ سیزان.

**سێهەم:** نامەكانی ریلكە بۆ كلارا دەربارەی شوێنی ئیشكردنی (رۆدان)ی پەیكەرساز.

**چوارەم:** كۆمەلێك نامەی كۆكراوە لە ژێر ناوی (ئەدەبی گەشتەكان)، دیارە ئەم نامانە لە ساڵی 1903دا نوسراون كاتێك كە سەفەری رۆمای كردووە.

**پێنجەم:** نامەكانی ریلكە بۆ ئەمیرە خاتوون (ماری دۆ تورن).

**شەشەم:** نامەكانی ریلكە بۆ خاتوو (میرلین) یان خاتوو (بالادین كلسۆفسكا).

**حەوتەم:** نامەكانی ریلكە بۆ ژنە پیانۆژەنی نەمساوی (پێنینفنۆتا) كە ناوی خوازراوی هونەرمەندێكی گەنج بووە بە ناوی (ماجدە فۆن

هتنفبێرگ)و لەبەرگی کتێبێکدا بەناوی (ریلکەو پێنینفنۆتا) بڵاوکراوەتەوە.

**هەشتەم**: نامەکانی ریلکە بۆ خاتوو (کلیرگۆڵ) لەبەرگی کتێبێکدا بە ناوی (ریلکەو ئافرەت) لەساڵی 1955دا بڵاوکراوەتەوە.

**نۆیەم**: نامەکانی ریلکە بۆ (میمی رۆمانیللی) لەکتێبێکدا بەناوی (نامەگەلێك بۆ کچە هاوڕێیەك لە ڤینیسیا) لەساڵی 1941دا بڵاوکراوەتەوە.

**دەیەم**: نامەکانی ریلکە بۆخاتوو (بارۆنە لاسکافۆن ئۆسترین) لەساڵی 1945دا لەبەرگی کتێبێکدا بڵاوکراوەتەوە.

**یازدەیەم**: نامەکانی ریلکە بۆ ژنە نوسەری تورك (نیعمەت عەلوی بەگ) لەساڵی 1949دا لە کتێبی (دواهەمین هاوڕێیەتیەکانی ریلکە)دا بڵاوکراوەتەوە.

**دوازدەیەم**: نامەکانی ریلکە بۆ ژنە شاعیر (ئێریکا میتیریر) ساڵی 1950 بڵاوکراوەتەوە.

**سیازدەیەم**: نامەکانی ریلکە بۆ خاتوو (مارگۆسیزۆ) ساڵی 1950 بڵاوکراوەتەوە.

### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

1- هاشم صالح، رينيه ماريا ريلكه، رسائل إلى رفيقة في السفر، موقع جهة الشعر الثقافي.

2- مجلة الموقف الأدبي - مجلة أدبية شهرية تصدر عن اتحاد الكتاب العرب بدمشق – العدد 420 نيسان 2006 .

### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

1- Nathan Ausubel, A Treasure of Jewish Poetry From Biblical Times to the Present, Crown Publishers, Inc, New York, 1957, p.453

2- Anna A. Tavis. Rilke's Russia: A Cultural Encounter. Northwestern University Press, 1997. ISBN 0-8101-1466-6. Page 1.
3- The Selected Poetry of Rainer Maria Rilke, ed. and trans. Stephen Mitchell, Introduction by Robert Hass (Vintage; Reissue edition March 13, 1989).

# ستيڤان مالارمێ...
# ئيشكردن لەسەر گومان !!



بە بەراوردكردن بە رامبۆو بۆدلێر، دەبینین ناوی مالارمێ و لۆتەریامۆن ناوێكی نامۆن لەناو رۆشنبیری ئێمەدا، لەبەرئەوە ئەموتارە دەیەوێت هەندێك زانیاری گرنگ دەربارەی مالارمێ بەیان بكات كە دادەنرێت بەیەكێك لە كۆڵەكە پتەوو گەورەكانی ئەدەبی فەرەنسیو هەر ئەموتارە لەهەندێك شوێندا كەمێك لۆتەریامۆن بەسەر دەكاتەوە.

مالارمێ لە 1842/3/18 دا لە پاریس لەدایك دەبێتو لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە دایكی (ئەلێزابێس فیلیسی) كۆچی دوایی دەكاتو هەر ئەم مردنەی دایكی، شاعیر توشی خەمۆكییەكی قووڵ دەكاتو تەنهاییەكی بێئەوپەڕ دایدەگرێت. سەرەتای چوونە خوێندنی لە رێی باوكییەوە (تۆما فلۆران مالارمێ)وە دەبێتو منداڵێكی پرۆگرامكراوو رێكوپێك بووە، چ لەماڵەوە لای باوكی، چ لەقوتابخانە لای مامۆستاكانی. سەرەتاكانی نوسین لای ئەم شاعیرە گەورەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1854واتە لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا كاتێك كە داڕشتنێكی جوان دەنوسێتو تا ئێستاش ئەو داڕشتنە هەرماوە، لەدوای ئەوەش دەربارەی شیللەر چەند بابەتێكی ناوازە دەنوسێت. لەساڵی 1858 دا دەست دەكات بەخوێندنی بەلاغەو لەساڵی 1859 دا بەتەواوی خۆی تەرخان دەكات بۆ خوێندنی لۆژیكو هەر لەوكاتەدا چەند بڕگەیەكی شیعریی لەو بارەیەوە دەنوسێت بەڵام تا ئێستا بڵاونەكراونەتەوەو دوای ماوەیەكی كەمیش كتێبی (لەنێو چوار دیواردا) بڵاودەكاتەوە. لەساڵی 1860 دا (دیسمۆلین) دەناسێتو لە (ڤێرسای) لە تەنیشت دیسمۆلینەوە نیشتەجێ دەبێت، هەر لەو ماوەیەدا ئاشنا دەبێت بە شاعیری رۆمانسی گەورە (دیشانپ). مالارمێ لە سێ دەفتەری شیعریدا چەندوێنەیەكی شیعریی (زهور الشر) ی بۆدلێر (1821–1867) كۆدەكاتەوەو تارادەیەكی زۆر دەچێتە ژێر كاریگەری بۆدلێر، ئەگەرچی بۆدلێر زۆربەی شیعرەكانی (ئێدگار ئالان پۆ)یوەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسیو بە

تەواوی لە ژێر کاریگەری پۆ دا بووە. هەر لەو ساڵانەدا هەڵکشانو داکشانێکی زۆر لە دونیای شیعری مالارمێدا بەدیدەکرێتو بۆهەر ماوەیەکی زەمەنی دەچێتە ژێر کاریگەری چەند شاعیرێك، تا لەکۆتاییدا ئەمیش بەچەشنی بۆدلێر دەچێتە ژێر کاریگەری پۆ (1809–1849).

مالارمێ دەقی (قەلەڕەش) ی پۆ بە مەزنترین دەقی شیعریی داناوەو چیرۆکەکانی ئێدگار بە سەرنجراکێشترین چیرۆكوەسف دەکات. بۆ خوێندنی ئەدەبی ئینگلیزی لە ساڵی 1862 دا دەچێتە زانکۆکانی لەندەنو لەوێ دوو هاوڕێی نوێ کەشف دەکات ئەوانیش (لۆفۆبێر)و (گازالیس) ن کە تەواو شێتوعاشقی کارەکانی (ئێدگار ئالان پۆ) ن، هەر ئەم دوو هاوڕێیە بەڕێگەیەکی سیحری پەلکێشی دەکەنە ناو ئیشەکانی ئێدگارەوە.

شاعیر یەکەمین قەسیدەی پەخشان ئامێزی خۆی لەساڵی 1864 دا بڵاودەکاتەوە، ساڵی 1864 ئەو ساڵەیە کە مالارمێ توشی چەند تەنگژەیەکی فیکری دەبێتو حاڵەتی دەروونی بە تەواوی تێکدەچێتو حەز بە بینینی هیچ کەسێك ناکات. شاعیر لەڕێی نوسینی قەسیدەکانی خۆیەوە دەیویست ئەوە بەیان بکات کە ئەو نایەوێتوەسفی شتەکان بکات بەڵکو دەیەوێت ئەو راستییانە کەشف بکات کە بە رێگەیەك لە رێگەکان دەچنەوە سەروەسفی ئەو شتانە. لەساڵی 1865 دا بەشێوەیەکی کتوپڕ روودەکاتە قوتابخانەی بەرناسییەکان کە تائێستاش یەکێکە لە زیندووترین قوتابخانەی شیعریی هاوچەرخو ناوی قوتابخانەکە لە ناوی شاخی (بەرناس) ی یۆنانییەوەوەرگیراوە کە بەحوکمی ئەوەی سەر بە خاکی ئەپۆلۆ بووە لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا بە رەمزی شیعرو هونەر دانراوە. لەساڵی 1867 دا جارێکی تر حاڵەتی دەروونی مالارمێ پشێوی تێدەکەوێتەوەو دەربارەی ئەو حاڵەتە دەروونیە ئالۆزە لە 1867/5/11 دا بۆ (گازالیس) ی هاوڕێی دەنوسێتو دەڵێت:" ساڵی رابردوو ساڵێکی ترسناك بوو بەنیسبەت منەوە، من چی دی ئەو هاوڕێیەت نەبووم کە دەتناسی، یەئسو خەمۆکی

ئەوپەڕی پلەی خۆی لەمندا تێپەڕاند". هەر لەو ماوەیەدا نامەیەکی تر بۆ (کۆبێ) ی هاوڕێی دەنێرێت کە نامەکە مێژووی 1868/4/20 ی لەسەرەو تێیدا دەڵێت:" چانسم گەیشتۆتە رادەیەك کە شیفاو چاکبونەوەم ئەم یەئسەی تێپەڕاندووە، خەریکە خۆمwوون دەکەم، مانای قسەکانم بە تەواوی لە دەستداوە". بەڵام ئەوەی کە ئەم خەمۆکییەی زیادکرد ئەوەبوو کە مالارمێ ساڵی 1869 تەرخان دەکات بۆ خوێندنەوەی دیکارتو لەرێی دیکارتەوە بەرانبەر بە هەموو شتێك گومان پەیدا دەکاتو خۆی لێووندەبێتو دووان لە هاوڕێکانی تری پەلکێش دەکاتە ناو ئەو گومانەی دیکارتەوە. لە ساڵی 1871 دا ئەتروحەیەکی سەرکەوتوو دەربارەی ئالان پۆو بۆدلێر پێشکەش دەکاتو چەند ساڵێك دوای ئەوەش لەگەڵ (ئارتۆر رامبۆ)ی شاعیر (1854–1891) ئاشنایەتی پەیدا دەکات، رامبۆ ئەو شاعیرە رەمزگەرایە بوو کە خۆشەویستترین هاوڕێی (ڤێرلین) ی شاعیر بوو بەڵام پاش ماوەیەك لە دۆستایەتی بەهۆی ئەو پەیوەنییە هۆمۆسێکسواڵییەی نێوانیان دەبنە دوژمنی یەکدی.

ئەو سەردەمەی کە مالارمێ تێیدا ژیاوە دادەنرێت بە سەردەمێکی زێڕینی شیعر لە ئەورووپادا کە دەیان ناوی گەورە لەو ماوە زەمەنیەدا دروست بوونو لەرێی ئەو جیاوازییەی نێوانیانەوە توانییان گەورەترین خزمەت بە رۆشنگەری ئەورووپی بکەن.

مالارمێ لەگەڵ ئەو هەموو تەنگژە فیکریو حاڵەتە دەرونییە شلۆقەدا کە هەیبووە هەمیشە کەسێکی هێمنو لەسەرخۆ بووە، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی هەڵسوکەوتو ئادگاری (لۆتەریامۆن)ی شاعیر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لە بۆدلێرو رامبۆو لۆتەریامۆن ژیانێکی ناجێگیرو بێ ئینتیماو پڕ لە هەڵسوکەوتی سەیروسەمەرە ژیاون بەڵام دەبینین مالارمێ لەسەرەتاوە تا کۆتایی ژیانێکی ئاسایی گوزەراندووە. شاعیر بەردەوام بە رۆحێکی لامارتینانەوە (کە لەناوی شاعیری گەورە –لامارتین– ەوەوەرگیراوە) ژیاوەو هەموو ئێوارەی سێ شەممانێك لەماڵەکەی خۆیدا

چەندین کۆڕو کۆبونەوەی ئەدەبی ساز کردووە کە لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرو نوسەرە تەلائیعییەکان ئامادەی دەبوونو پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە لەگەڵ ژمارەیەك لەشاعیرانی ئەو سەردەمە لەوانە (ڤێرلین، مانیٚو گۆگان). ژیانی مالارمیٚ خاڵی بووە لە عەشیقەو نوستنی سەرجادەو هۆمۆسێکسواڵیەت کە ئەو شتانە بەردەوام لەژیانی رامبۆو ڤێرلینداوجودی هەبووە. رەخنەگری بەناوبانگ (پۆڵ پێنیشۆ)ی خاوەنی کتێبی (بەگوێرەی مالارمیٚ) کە لەخانەی گالیمار لەپاریس لەساڵی 1995دا بڵاوبۆتەوە، دەربارەی غموزیەت لای مالارمیٚ (دیارە غموزیەتی شیعریی نەك ژیانی ئاسایی چونکە مالارمیٚ ئاسایی ژیاوە) دەڵێت:" لەنێوان ساڵانی (1830–1851) دا فەرەنسا لەرووی کۆمەڵایەتییەوە چەند گۆڕانێکی گەورەی بینی، لەپاڵ گەڕانەوە بۆ کۆنزەرڤاتیزمو دەرکەوتنی بزاوتی دژە شۆرش لەهەناوی فەرەنسادا، لەبواری ئەدەبیاتدا چەند ئینجازێکی گەورە بەدەست هێنرا بە تایبەتی لەبواری شیعری رۆمانتیکیدا، ئەم گۆرانکارییانەش شۆکێکی گەورە بوو بۆ ئەو نوسەرو شاعیرانەی کە لای بۆرژواکان بە ناشرین تەماشا دەکران".

کەواتە هەموو ئەوگۆڕانکاریانەی فەرەنسا فاکتەرێکن بۆ دروست بوونی تەمومژی شیعریی لای مالارمیٚ. بەڵام بەگەڕانەوە بۆ ئێدگار ئالان پۆو لەهەمان کاتدا بە گەڕانەوە بۆ ئەو تەقسە پڕ لە تەمومژەی نێو قەسیدەکانی مالارمیٚ دەگەینە ئەو ئیستنتاجەی کە تەمومژەکە لەنوسینەکانی ئێدگارەوە سەرچاوەی گرتووە نەك ئەوەی کە تەمومژێکی خۆڕسك بێت، چونکە لەڕێی بەکارهێنانی کۆمەڵێك موفرەدەی شیعرەکانی (پۆ)و لەڕێی میتافۆر کردنی هەندێكوێنەی ناو چیرۆکەکانی ئێدگارەوە فەزایەکی مەجازی میتافۆر دەکات ئەویش لەڕێی داماڵینی رەمزو ئامادەگیی بەردەوامی لەبواری ئەفسانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە هەمیشە فیکرێکی قوڵ لەشیعرەکانی شاعیرداوجودی هەیەو بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم حەقیقەتەووتە بەناوبانگەکەی (هایدگەر) ی فەیلەسوفە کە دەڵێت:" ئەوەی من بە

فەلسەفە گوتوومە مالارمێ لە مێژە بەشیعر گوتوویەتی". دواجار لە ژیانی مالارمێدا چەند لاوانەوەیەكوجودی هەبووە لەوانە لاواندنەوەیەك بۆ (مەزارگای ئێدگار ئالان پۆ)، پاشان كاتێك (ئەناتۆڵ مالارمێ) ی كوڕی لەساڵی 1879 دا دەمرێت ئەوەش دەبێتە فرسەتێكی تر بۆ نوسینی چەند لاواندنەوەیەكی دی، هەر لەو ماوەیەدا چەند هاوڕێو دۆستێكی تری خۆشەویستی لەدەست دەداتوەك (ڤاگنەر) كە ساڵی 1883 لە ڤینیسیای ئیتالیادا دەمرێتو پاشان هاوڕێی خۆشەویستی (ئێدوارد مانێ)، كەواتە بە مردنی ئەو كەسە نزیكانەی قۆناغێكی تاریك لە شیعرەكانیدا بەدیدەكرێت لەو سەردەمەدا.

مالارمێ لە ساڵی 1898 داو لەتەمەنی 56 ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە.


**سەرچاوەكان:**


1- حسونة المصباحي، من واضعي الأسس الأولى للحداثة الادبية، الشاعر الفرنسي ستيفان مالارميه والعرب، مدونات مكتوب، الاحد 8/5/2007 .

2- الحسن المختار، جذبه ادغار بو والشعر البرناسي – ستيفان مالارميه رائد الرمزية وشاعر الغموض، موقع الأمبراطور الثقافي.

3- أحمد سعدالدين، عدة تعليقات أدبية عن الرومانسية والواقعية والمدرسة الطبيعية، منتديات موقع العز الالكتروني.

# فیدیریکۆ گارسیا لۆرکا...
# له قه‌سیده‌كانی "سه‌یاب و به‌یاتی و مه‌حمود ده‌روێش"دا



لە"غەرناتە"و لەسەرەتای ساڵەكانی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا (1936–1939) پیاوكوژە فاشیستەكانی ژەنەراڵ فرانكۆ، شاعیری گەورەی ئیسپانی (فیدیریكۆ گارسیا لۆركا) بەئازارەوە دەكوژن، ئەوكاتە لۆركا تەنها (38) ساڵ تەمەنی دەبێتو ساڵ ساڵی (1936)ە، ژەنەراڵ فرانكۆ بەخۆیو چوار فیرقەی عەسكەرییەوە لەتەنگەبەری (جەبەل تاریقەوە) دەپەڕێتەوەو دەڵێت لەناو ئیسپانیادا تابوری پێنج هەیە، ئەم زاراوەیە (تابوری پێنج) بۆ یەكەم جار لەلایەن فرانكۆ بەكاردەهێنرێت. فرانكۆ لەگەڵ چوار تیمی سەربازی لەرۆژئاواوە هێرش دەكەنە ناو خاكی ئیسپانیاو پێنجەم تیم ناودەنێت (تابوری پێنجەم) كەمەبەستی لەنەیارەكانی خۆی بووە، لەوكاتەدا لۆركا لەسەر چەپەكان حیساب كراوەو دژی دەسەلاتێكی تۆتالیتێر بووە.

لەدیارترین دەقە شانۆییەكانی لۆركا دەتوانین ئاماژە بە (عرس الدم) بدەین كەتێیدا بەزمانێكی شیعری ئیشی لەسەر رەمزو سوریالیەتی شاعیرە فەرەنسییەكانی بیستەكانی سەدەی رابردوو كردووە، هەر لەم دەقە شانۆییەدا قسەی لەسەر حیكایەتە كەلەپوریو میللییەكانی قەرەجەكانی ئەندەلوس كردووە.

لەم نووسینەدا سێ شاعیری گەورەی عەرەب قسە لەسەر لۆركا دەكەن ئەو سێ شاعیرەش (بەدر شاكر سەیابو عەبدولوەهاب بەیاتیو مەحمود دەرویش) ن.

## لۆرکا لای سەیاب...



هەریەکە لەم سێ شاعیرەی کەقەسیدەیان بۆ لۆرکا نووسیوە لەڕووی فۆرمەوە سەر بەهەمان قوتابخانەی شیعرین ئەویش نووسینە بەشێوازی (التفعیلە) یان هەروەکو چۆنە لەنێو عەرەب دا ناودەبرێت بە (الشعر الحر) بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەریەکەیان بەشێوازێك قسە دەکەن لەسەر لۆرکاو هەریەکەیان جیهانبینیو دیدێکی تایبەتیان هەیە سەبارەت بەو شاعیرە گەورەیەی ئیسپانیا.

سەیر لەوەدایە کە هەروەکو رەخنەگری گەورەی عەرەب دکتۆر (عدنان الظاهر) ئاماژەی پێدەدات (نزار قبانی) شیعرێکی زۆری نووسیوە بۆ ئافرەتانی غەرناتەو ئەندەلوسو مەدرید، بەڵام لەغەرناتەدا لۆرکا لەبیردەکات! ئەی دەبێت چی بێت کەوای لەو سێ شاعیرە گەورەیە کردووە کە هەریەکەیان قەسیدەیەك بەناوی ئەو بڵاوبکەنەوە؟ چی ئەوان بەلۆرکا دەبەستێتەوە؟! یان پێچەوانەکەی؟! لەڕووی بایۆگرافیاو تەکنیکی شیعرەوە چ شتێك ئەم بلیمەتانە پێکەوە گرێ دەدات؟! پرسیارگەلێکی ئالۆز!! هەوڵ دەدەم کەوەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارانە دابنێم لەڕێگەی راڤەکردنی قەسیدەکانیانو لەڕێی نووسینی ئەم دیراسە چڕو پڕەوە.

سەیاب قەسیدەی (گارسیا لۆرکا) ی بۆ یەکەم جار لەدیوانی (انشودة المطر)دا نووسی و بڵاوی کردەوە ئەو دیوانەی کەزۆربەی رەخنەگرەکانی

عەرەب ناویان نا (عالم المطر السیابي) تیایدا باران دەخوێنینەوە لەپاڵ باران دا تۆفانو شیراعی پاپۆڕو بەلەمو رووبارو دۆزەرەوەی سەرکێشو موغامیر (کریستۆڤەر کۆلۆمبس) بەدی دەکەیت (دیارە من لێرەدا مەبەستم لەقەسیدەی (انشودة المطر) نیە، بەڵکو مەبەستم لەقەسیدەی (گارسیا لۆرکا)یە. لەو قەسیدانەی نێو دیوانەکەدا هەست بەتوڕەبوونو تەشەنوجێکی توندی سەیاب دەکرێت بەرامبەر بەکارەساتە سروشتییەکان، بەڵام سروشت ناچار دەکات کەبەشداری بکات لەجیهانە شیعریەکەی سەیاب خۆیدا لێرەدا دەپرسین: بۆ سەیاب پەنا دەباتە بەر دیاردە سروشتییە شەڕەنگێزەکان؟! ئایا لەنێو ئەو دیاردانەدا پاداشتێك بەدی دەکات بەرانبەر بەو ئازارانەی کە لەناخی دایە سەبارەت بەترسو نەخۆشیو بێ دەنگی؟! بێرمان نەچێت سەیاب کوشندەترین نەخۆشی هەبوو ئەو نەگبەتە کلس لەئێسقانەکانی دا دەتوایەوە، هەر ئەو نەخۆشییە لەتەمەنی 38 ساڵیدا کوشتی، لێرەدا تەنها لە رووی تەمەنەوە لە لۆرکا دەچێت کە هەردووکیان 38 ساڵ ژیاون.

دکتۆر (عدنان الظاهر) لە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕدا دەربارەی لۆرکا لەم قەسیدەیەی سەیابدا دەڵێت: لەو قەسیدەیەدا کە بۆ لۆرکای نووسیوە ئاماژە بەسیازدە موفرەدەی ترسناك دەدات کەدەلالەت لەدلڕەقیو توندوتیژی دەکات هەندێك لەو موفرەدانە ئەمانەن:- (تەنور، ئاگر، دۆزەخ، تۆفان، بلێسە، بەرد، رەنگی سور، .. هتد).

سەیاب لەم قەسیدەیەدا ناوی لۆرکای نەهێناوە، هەروەکو چۆن ناوی غەرناتەو مەدریدو ئیسپانیای نەهێناوە، بەڵام تەنها ناوی کریستۆڤەر کۆلۆمبسی هێناوەو شیراعی پاپۆڕەکەی کۆلۆمبسی بەراورد کردووە

بەچەردەی بەلەمی منداڵێك لەڕووبارێك دا، با لەگەڵ سەیاب ئەمە بخوێنینەوە:

**فی قلبه تنورْ**
**النارُ فیه تُطعمُ الجیاعْ**
**والماءُ من جحیمهِ یفورْ:**
**طوفانهُ یُطهّرُ الأرضَ من الشرورْ**
**ومقلتاهُ تنسجانِ من لظىً شراعْ**
**تجمعان من مغازل المطرْ**
**خیوطه، ومن عیونٍ تقدحُ الشررْ**
**ومن ثُديِّ الأمهاتِ ساعةَ الرضاعْ**
**ومن مُدىً تسیلُ منها لذّةُ الثمرْ**
**ومن مُدىً للقابلاتِ تقطعُ السُرَرْ**
**ومن مُدى الغُزاةِ وهي تمضغُ الشعاعْ**
**شراعهَ النديَّ كالقمرْ**
**شراعهَ القويَّ كالحجرْ**
**شراعهَ السریعَ مثلَ لمحةِ البصرْ**
**شراعهَ الأخضرَ كالربیعْ**
**الأحمرَ الخضیبَ من نجیعْ**
**كأنه زورقُ طفلٍ مزّقَ الكتابْ**
**یملأُ مما فیهِ بالزوارق النهَرْ**
**كأنه شراعُ كولمبسَ فی العُبابْ**
**كأنه القدرْ.**

كەواتە لێرەدا لۆركا لەتێڕوانینی سەیاب دا بەحەزرەتی مەسیح دەچێت كە بەجەستەی خۆی برسیەكان تێر دەكات، چونكە حەزرەتی مەسیح لەئینجیلی یوحەننادا دەڵێت:- (ئەو نانەی كەمن دەیدەم جەستەمە كە لەپێناوی ژیانی هەموو دونیادا دەیخەمەگەڕ، ئەوەی لەجەستەی من بخواتو خوێنی من بخواتەوە ئەوە ژیانی سەرمەدی هەیە).


دڵی ئەو تەنورێكە یان فڕنێكی هاوچەرخە بۆ نان برژاندن، لەدڵی شاعیری كوژراودا (لۆركا) ئاگرێك هەیەو دۆزەخێكیشوجودی هەیە لەچەشنی دۆزەخەكەی (دانتی) گەورە شاعیری ئیتالی، ئاوێك لەو دۆزەخەدا فوارە دەكاتو تۆفانێك لەچەشنی تۆفانەكەی نوح دروست دەكات، لێرەدا سەیاب ئەو دوو دژە كۆدەكاتەوە (ئاگر لەگەڵ ئاو)، ئاگر نان ئەدات بەمرۆڤە برسیەكانو ئاویش پاكیان دەكاتەوە لەشەڕەنگێزی، تا ئێرە قسەی شاعیر زۆر روونەو هیچ تەمو مژێكی تیا بەدی ناكەیت، بەڵام دوای ئەوە راستەوخۆ كۆمەڵێك گرێو ئاستەنگی فیكری دێتە پێشەوە، چاوەكانی لۆركا لەئاگرێك چەرداخێك دەچنن، لەو دڵۆپە بارانەی كەدەبارێت دەزوویەك دروست دەكات بۆ ئەو چنینە، ئەم چەرداخە چۆنوەسف دەكات؟ دەیشوبهێنێت بەمانگ، یان بەهێزوەك بەرد یاخود خێراوەك گوزەركردن بە بەرچاودا جارێك سەوزەوەك بەهار جارێك سورە، پاش ماندوو بوونو هەناسەبڕكێیەكی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی منداڵیو یاریكردن بە بەلەمی كاغەز لەسەر ئاو، ئایا لۆركا لەئەساسدا شایەنی ئەو هەموو تەناقوزە فیكریەیە؟! لێرەدا تەنها بە خوێندنەوەی قەسیدەكە كەسوەڵامی ئەمەی چنگ ناكەوێت، پاشان دەپرسین سەیاب چۆن ئاگرو تۆفانو چەقۆ دەبەستێتەوە بەشیری منداڵی ساواو چێژی میوەو سەوزی بەهارو بەلەمی كاغەزی منداڵان؟! ئەی چۆن لەنزیكەی بیست دێڕی شیعرەكەدا ئەو هەموو شتە دژە

بەیەكەی پێكەوە بەستۆتەوە؟ كەواتە ئەمەیە سەیابی شاعیرو مرۆڤ دۆست، شاعیر بەهەردوو ماناكەی چ لەفۆرمو چ لەناوەڕۆكدا، مرۆڤدۆست چ لە قسەكردن لەسەر ئازارو چ لە لێدوان دەربارەی خۆشنودی.

ئەم قەسیدەیە لای خوێنەر هیچ ئینتیمایەكیوەها بەجێ ناهێڵێت كەبڵێت سەیاب خۆی بەلۆركا دەچوێنێتو تەنانەت دەیەوێتوەكو ئەو بكوژرێت (شەهیدێكی چەپی شۆڕشگێڕ لەپێناوی سەربەستی). پێدەچێت ڕەمزێك لەم قەسیدەیەدا ئامانجێكی دیاریكراو بپێكێت كەئەویش پاپۆڕەكەی كۆڵۆمبسە، بەڵام ئەمجارە بۆ دۆزینەوەی كیشوەرێكی نوێ نیە، بەڵكە بۆ كەشفكردنی مەجهولێكە ئەویش سەربەستییە.

سەیاب بۆ ئەم قەسیدەیە دەنووسێت؟ پێدەچێت لەبەرئەوە بێت كە سەیاب ئینگلیزیەكی باشی زانیوەو پێش ئەو كۆمەڵێك شاعیری ئینگلیز لەچەشنی ئەم قەسیدانەیان نووسیوەو سەیاب بەتەواوی دەچێتە ژێر كاریگەری نووسەرانو شاعیرانی ئینگلیزو ئەوروپاو (وێرانە خاك)ی تۆماس ئیلیەت (ت.س. ئیلیەت) زۆر سەرسامی دەكات. ئەم قەسیدەیە بەڕای من كۆمەڵێك موبالەغەی كاریكاتێری جوانە كەفیكرەیەكی بونیاد ناوە لە قوڵایی ڕۆحی سەیاب دا جیاواز لەبەیاتیو دەرویش.

## لۆركا لای بەیاتی...



لەنێو دیوانەكەی (عەبدولوەهاب بەیاتی) دا قەسیدەیەك هەیە بەناوی (مراثي لوركا) كە لەشەش برگە پێك هاتووەو نزیكەی شەش لاپەڕەی دیوانەكەی گرتۆتەوە، بەیاتی بەهەمان شێوەی سەیاب ئیشی لەسەر ریتمی (تەفعیلە) كردووەو لەكۆتایی هەندێك دێڕی قەسیدەكەدا سكون دادەنێت (كە لەئیعرابی زمانی عەرەبیدا) هەیەو هەندێك پیتی كۆتاییش دەبڕێت بۆئەوەی كەپارێزگاری لەریتمو مۆسیقیەتی شیعرەكە بكات، لەم قەسیدەیەدا بەیاتی حەقیقەت ئاوێزانی خەیاڵ دەكاتو بایەخێكی زۆر دەدات بەئەفسانەو حیكایەتە كۆنەكانی باوو باپیرانی خۆیو هەروەها ئەو چیرۆكانەی كە بۆ منداڵان دەخوێندرێنەوە پێش نوستن.

بەیاتی لەنێو قەسیدەكەیدا پشت نابەستێت بەسروشتو مەدلولەكانی ئەو فینۆمێنایە بەڵام لەهەندێك شوێنیدا پەنا دەباتە بەر ناوهێنانی هەندێك شارووڵات كەسەردانی كردووەو لەبارەیەوە خوێندویەتیەوە، بەیاتی بەهەمان شێوەی سەیاب ناوی لۆركای نەهێناوە لەقەسیدەكەیدا، بەڵام جارێك ناوی ئیسپانیای هێناوەو سێ جاریش ناوی غەرناتەی هێناوە، بیرمان نەچێت كە دوو قەسیدەی تری هەیە ناونیشانەكەیوشەی غەرناتەی تێدایە، یەكەمیان بەناوی (مەرگ لەغەرناتەدا)و دووەمیان بەناوی (رووناكی لەغەرناتەوە دێت)، لەقەسیدەی یەكەمیان دا ناوی عائیشەو شەهیدی كەربەلا (حسێن بن علی)و لۆركا هاتووەو دەڵێت:

وصاح فی غرناطةٍ
معلّمُ الصبیان...
لورکا یموتُ، ماتْ...
أعدمه الفاشستُ فی اللیلِ علی الفراتْ

ئەو وێنەیەی كە لەو چەند دێڕەدا بەدی دەكرێت لەقەسیدە سەرەكیەكەیدا كە بۆ لۆركای نووسیوەو خۆی لەچەند لاوانەوەیەكدا بینیوەتەوە بەدیناكرێت، لەم قەسیدەیەداوێنەی كەشو هەوای شەوێكی

سەر روباری فورات دەكێشێتو شوێنێكی گونجاو دادەنێت بۆ بەراوردكردنی حسێنو لۆركا كە حسێنوەك شەهیدێك لە لێواری ئەو روبارەدا دەكوژرێت.

لەقەسیدەی دووەمدا (رووناكی لەغەرناتەوە دێت) باس لەئەشكەوتی حەڕڕا دەكاتو پاشان كۆشكی سوور بەبێ ئەوەی ناوی لۆركا بهێنێت، بەلاّم لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین كەسەیاب لەقەسیدەكەیدا بەهیچ جۆرێك ناوی هیچ ئاژەلّێكی نەهێناوە لەكاتێك دا بەیاتی ناوی (10) ئاژەلّ ریز دەكات (گا، بەراز، ئەسپ، هەلّۆ، عەنقا، تووتی، مشك، خشۆكەكان.. هتد) لەهەمان كات دا زۆر بەشێوەیەكی سەركەوتوو لەجیهانی ئافرەت نزیك دەبێتەوەو لەبڕگەی یەكەمی قەسیدەكەش دا كە سیازدە دێڕە چوار جار ناوی مەرگی هێناوەوەك رەمزێك بۆ رەشبینی.

لەزۆربەی قەسیدەكانی بەیاتی داوشەگەلی (مەرگو ئاگرو روناكی) ئامادەگییان هەیە، لەبڕگەی مەرگ دا، كەبڕگەی یەكەمی قەسیدەكەی بەیاتییە (مەبەست لەسیازدە دێڕەكەیە) شاعیر بەمجۆرە دەدوێت:

يبقرُ بطنَ الأيّل الخنزيرْ
يموتُ " أنكيدو "
على السريرْ
مبتئساً حزينْ
كما تموتُ دودةٌ في الطينْ
. . .
لن تجدَ الضوءَ علا الحياةْ
فهذه الطبيعةُ الحسناءْ
قدّرت الموتَ على البشرْ
وإستأثرت بالشعلة الحيّةِ
في تعاقب الفصولْ
ماذا لموتي آهِ
يا مليكتي أقولْ ؟

بەرازەکە ئاژەڵێکی بەستەزمان دەکوژێت، پاشان ئەنکیدۆی هاوڕێی خۆشەویستی گەلگامیش دەمرێت، کە لە داستانێکی بەناوبانگی سۆمەریەکانەوە ئەم فیکرەیەیوەرگرتووە، ئەنکیدۆ لەسەر چەرپاکەی یان لەناو جێی نووستنەکەیدا دەمرێت، بەیاتی لەنێو ئەجوائی ئەو داستانەدا ئەم قەسیدەیە دەنووسێتو یەك رستەی نێو داستانەکە میتافۆڕ دەکات، بزانە ئەو رستەیە چییە؟ (قدرت الموت على البشر) هەر ئەم دێڕەیە کە لەسەر تابلۆ گڵێنەکانو بەردەکانی شاری ئۆرۆك (الوركاء) لەباشوری عێراق هەڵکۆڵدراوە، بزانە میتافۆڕەکە چۆنە؟! ئەوەی کە لە داستانی گەلگامێشەوەوەرگیراوە:

**إلى أين تسعى يا جلجامش**
**إنَّ الحياة التى تبغيِ لن تجد**
**حينما خلقت الآلهةُ العظامُ البشرَ**
**قدّرت الموتَ على البشرية**
**وإستأثرت هي بالحياة**

بەیاتی لەبڕگەی دووەمی قەسیدەکەیدا قسە لەسەر غەرناتەی لۆرکا دەکاتو دەڵێت:

**مدينةٌ مسحورةْ**
**قامت على نهرٍ من الفضةِعالليمونْ**
**لا يولدُ الإنسانُ فى أبوابها الألفـعلا يموتْ**
**يحيطها سورٌ من الذهبْ**
**تحرسها من الرياحِ غابةُ الزيتونْ**
**...**
**صحتُ على أبوابها الألفـعلكنَّ النُعاسْ عَقَدَ الأجفانْ**
**وأغرقَ المدينةَ المسحورةْ**
**بالدمِ والدخانْ**

له برگەی سێهەمی قەسیدەکەدا غەرناتە دەبێتە شارێکی سیحر ئامێزو شارێکی خەیاڵی کە ئەفسانە باڵ دەکێشێت بەسەر هەموو ئەجوائی ناو شارەکەدا، لێرەدا غەرناتە شارێکی پاکیزەیەو جەنگاوەرە فاشیستەکانی فرانکۆ دێن بەخوێنی لۆرکا شارەکە سور دەکەن:

تُشيرُ في خوفٍ إلى كثبانها السوداءْ
فمن هناك الأخوةُ الأعداءْ
جاؤوا على ظهرِ خيولِ الموتْ
وأغرقوا بالدمِ هذا البيتْ

له برگەی چوارهەمی قەسیدەکەدا بەیاتی غەرناتە لەبیر دەکاتو بەشێوەیەکی خێرا خوێنەر دەباتە لای دیمەنی (زۆرانبازی گا) کانی ئیسپانیاو، ئەگەرچی لەبرگەی یەکەمیشدا کەمێك لەم دیمەنەمان پیشان دەدات کاتێك ئەنکیدۆ گایەکی ئاسمانی ئەفسانەیی دەکوژێت، بەڵام لێرەداوا بەدەردەکەوێت کەبەیاتی سودێکی زۆری‌وەرگرتووە لەتابلۆکانی (بیکاسۆ) بەتایبەتی تابلۆ بەناوبانگەکەی (جۆرنیکا) کە تێیدا باس لەنەهامەتیەکانی شاری جۆرنیکا دەکات کە فڕۆکەکانی ئەڵمانیا لەکاتی جەنگی ناوخۆییدا ئەو جەنگەی کە فرانکۆی دیکتاتۆر خولقاندی،وێرانیان کرد.

لۆرکا کوڕی ئیسپانیایەو ئیسپانیاش خاکی سازدانی جۆرە گەمەیەکە کە بە (زۆرانبازی گا) ناسراوە، ئەی باشە شوێنی لۆرکا کوێیە لەم قەسیدەیەدا؟ لێرەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەقە شانۆییەی کە لۆرکا بەزمانێکی شیعریی نووسیویەتی (عرس الدم)و لەبرگەی ئەو زۆرانبازیەدا دەڵێت:

ثورٌ من الحريرِالقطيفة السوداءْ
يخورُ في الساحةِ والفارسُ لا يراهْ
قرناهُ في الهواءْ
يطاردانِ نجمةَ المساءْ

ويطعنان الفارسَ المسحورْ
ها هو ذا بسيفهِ المكسورْ
مُضرّجٌ بدمهِ فى النورْ
فمانِ أحمرانِ فاغرانْ
شقائقُ النعمانْ
على سفوحِ جبلِ الخرافةْ
دمٌ على صفصافةْ
-أيتها النافورةُ الحمراءْ
أسواقُ مدريدَ بلا حنّاءْ
فضمّخي يدَ التى أُحبها بهذه الدماءْ
يا صيحةَ المهرّجِ، الجمهورْ
ها هو ذا يموتْ
والثورُ فى الساحةِ مطعوناً بأعلى صوتهِ يخورْ

بڕگەی پێنجەمی قەسیدەکە قسەیەکی بەردەوامو دووبارەیە لەسەر ئەفسانە هەر بۆیە بە پێویستم نەزانی کە لەسەری بدوێم، بەڵام لەدوا بڕگەدا کەبڕگەی شەشەمی قەسیدەکەیە بەیاتی دەیەوێت لەجیاتی شاری غەرناتە شارێکی تر بدۆزێتەوە بۆئەوەی کە بیکات بە ئەڵتەرناتیڤێكو جێی ئەو شارە بگرێتەوەو ریپلەیسی بکات، لەکۆتایدا دێت مەدرید دەکات بەجێگرەوەی غەرناتە، مەدریدی پایتەختی فرانکۆی دیکتاتۆر جێگەی غەرناتەی لۆرکای مرۆڤ دۆست دەگرێتەوە، لەم بڕگەیەدا بەیاتیوەك سەیاب دەکەوێتە ژێر کاریگەری (وێرانە خاك)ی تۆماس ئەلیوت (ت.س. ئەلیوت).

## لۆركا لای مەحمود دەروێش...



"لۆركا" ناوی ئەو قەسیدەیە یە كە مەحمود دەرویش بۆ ئەو شاعیرە گەورەیەی ئیسپانیای نووسیوە، تەنها یەكوشە ئەویش بەناوی شاعیرەكەوەیە، قەسیدەكە چوار لاپەڕەی قەوارە بچووكە (هەمان قەوارەی لاپەڕەكانی دیوانەكەی سەیاب) كە لەشێوەی چوارین دا قەسیدەكەی نووسیوە. بەپێچەوانەی (سەیابو بەیاتی) دەرویش دێت دووجار باسی ئیسپانیا دەكاتو سێ جار ناوی لۆركا دەهێنێت ئەمە لە كاتێكدایە كە دوو شاعیرەكەی پێشوو لە قەسیدەكەیاندا ناوی لۆركا ناهێنن، بەڵام بەهەمان ئاڕاستەی ئیشكردنی دوو شاعیرەی تر ئەمیش لەسەر ریتمی تەفعیلە ئیشی كردووەو قەسیدەكەی نووسیوە.

دەرویش زۆر بایەخی داوە بە كۆتایی دێڕەكانی قەسیدەكەی بەڵام ئەوە زوڵمێكی گەورەیە ئەگەر بێتو لەڕووی بەهای شیعریەوە بخرێتە ریزی سەیابو بەیاتی بەتایبەتی سەیاب كە بناغەدانەری ئەو رێبازەیە، چونكە سەیاب یەكەمین دیوانی خۆی لەساڵی 1947 بڵاوكردەوەو ساڵێك دوای ئەو (نازك الملائكة)ش دیوانێكی خۆی بڵاوكردەوە، بەڵام بەیاتی لەساڵی (1950) دا دیوانی (الملائكة والشیاطین)ی بڵاوكردەوە، كەواتە هەموو پێشینەیەك بەقازانجی سەیاب دەبێت چونكە لەسەرەتای بڵاوكردنەوەی ئەو قەسیدانەدا لەساڵانی ناوەڕاستی چلەكانی سەدەی رابردوودا لەلایەن رەخنەگرانەوە هێرشێكی ناڕەوا كرایە سەر سەیابو تەنانەت بەیاتی یەكێك بووە لەوانەی كە بەردەوام دژایەتی سەیابی كردووەو خۆشی نەویستووە، كەچی دواترو پاش ماوەیەك ئەویش تەسلیم بەو رێبازە دەبێت.

لەپاڵ ئەمانەشدا دەرویش هەر بە ناوێكی درەوشاوەی ئەدەبیاتی عەرەب دادەنرێت بەڵام بەحوكمی ئەوەی كەسەیابو بەیاتی مردوون لەبەرئەوە لەلایەن رەخنەگرانەوە بایەخێكی زیاتریان پێ دەدرێتو دەتوانین مەحمود دەرویش بەقۆناغی دوای ئەوانوەسف بكەین، قۆناغێك، لەگەڵ كۆمەڵێك شاعیری تری عەرەب لەوانە، (یوسف الخال، محمد الماغوط، مظفر النواب،ء أنسي الحاج).

ئێمە بۆئەوەی لەم قەسیدەیەی دەرویش تێبگەین دەبێت هەست بەجیاوازی بارودۆخو سەردەمی ئەم شاعیرە بكەین لەگەڵ دوو شاعیرەكەی پێشوو، هەروەها ئاستی رۆشنبیریو كاریگەریان لەسەر نەوەی دوای خۆیانو پاشان خۆیان لەژێر كاریگەری چ شاعیرێك دابوون؟ یان دەبێت لەو ئازارو ناسۆری چەشتنەی هەرسێكیان ئاگادار بین بۆ نمونە لای سەیاب هەر لەمنداڵیەوە هەستی خۆ بەكەم زانین دروست دەبێت بەحوكمی ئەوەی كەهەژارەو پاشان منداڵێكی كەشخەو جوان نەبووەو ناشرینی دەمو چاوی كاریگەرییەكی خراپ لەسەر لایەنی سۆزداری ئەو بەجێ دەهێڵێت، سەرەڕای ئەو نەخۆشییە كوشندەیەی كە بووە هۆی مردنی لەتەمەنی (38)ساڵیدا، بەڵام بەیاتی بەجۆرێكی تر ئەو ئازارەی دیوە، بەحوكمی ئەوەی كە تەمەنی درێژ بووە لەهەر ماوەیەكی زەمەنی دا ئازارەكانی سەیاب بەجۆرێكی تر لای بەیاتی سەر هەڵدەداتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە هەردووكیان بەهۆی چالاكیە سیاسیەكانیانەوە بەردەوام ئاوارە بوونو تەنانەت لەمەنفاش مردوون، سەیاب لەكوەیت مرد، بەڵام مەنفای بەیاتی لەنێوان مۆسكۆو قاهیرەو مەدریدو عەمانو دیمەشق دا خۆی دەبینێتەوە تا لەكۆتایی دا لەدیمەشق

دەمرێت، لەكاتێك دا سەیاب كۆمەڵێكولاتی زۆری بینیوە، بەڵام نەك بۆ گەشتوگوزار بەڵكو بۆ چارەسەری نەخۆشییەكەی، حاڵی (مەحمود دەرویش) یش لەوان باشتر نیەو چەند جارێك بەهۆی سیاسەتەوە لەكارەكانی دوور خراوەتەوەو تا ماوەیەكی زۆر ئەویش لەمەنفا ژیاوە.

لێرەداوا بەدەردەكەوێت كە هەریەكێك لەو سێ شاعیرە شتێكی تایبەتی ژیانی خۆیان لە (لۆركا)دا بینیوەتەوەو هەرسێكیان بەهۆی كاری سیاسیەوە لەوەزیفە دەركراونو هەرسێكیان بۆماوەیەكی دیاریكراو ئاوارەبوون، بەڵام مەحمود دەرویش لەئێستادا بەشاعیری ناو نوخبەی رۆشنبیرانی عەرەب دەناسرێت بەحوكمی ئەو ئاستە رۆشنبیریە بەرزەی كەهەیەتیو ماوەیەك سەفیری فەلەستین بووە لەپاریسو مەنفای ئەویش بەسەر بەیروت و قاهیرەو پاریس دا دابەش دەبێت.

هەرسێ شاعیر هاوبەشن لەقسەكردن لەسەر روداوێكی تراژیدی كەئەویش كوشتنی لۆركایە، بەڵام رەخنەگران پێ لەسەر ئەوە دادەگرن كەمەحمود دەرویش بەشێوەیەكی جوانتر لەسەر لۆركا قسەی كردووە ئەویش بەهۆی ئەو ئەزموونە گەورەیەی كە لەژیانیدا هەیبووەو كەسێكی داخراو نەبووە، چونكە ژینگەی دەرویش لە (حەیفا) ژینگەیەكی كراوە بووە بەحوكمی ئەوەی كە پەیوەندیەكی پتەوی هەبووە لەگەڵ رەگەزی بەرانبەرو روخسارێكی جوانی هەبووە. مەنفای ئەو لەدوو شاعیرەكەی تر درێژتر بووە بەتایبەتی لە بەیروتو پاشان بوون بەسەفیر لەپاریس یاخود لەشاری شۆڕشو عەترو جوانیو گوڵو شوێنی دێرین، ئەمانە هەموو كاریگەربوون بۆئەوەی كە دەرویش ئامانجی تەواوەتی بپێكێت لەقەسیدەكەیدا. بەڵام سەیابو بەیاتی زۆر داخراو بوونو هیچ هاوڕێیەكی

کچیان نەبووەو تەنانەت پێش زەواج نەیانتوانیوە ئافرەتێك بناسن چ بۆ سێکس بێت یاخود هاوڕێیەتی کە ئەمە کاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر داخرانی دنیای شیعری ئەو دوو شاعیرە بە بەراورد بە دەرویش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەیاتیو سەیاب بەشێوەیەکی قوڵتر قسەیان لەسەر لۆرکا کردووە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان لەکۆمەڵێکدا ژیاونو کەزیاتر چەپێنراونوەك لەکرانەوە.

باپێکەوە قەسیدەکەی دەروێش بخوێنینەوە:

عفوَ زهرِ الدم يا لوركاءشمسٌ فی يديکْ
وصليبٌ يرتدي نارَ قصيدةْ
أجملُ الفرسانِ فی الليلِ يحجّون إليکْ
بشهيدٍءشهيدةْ.
هكذا الشاعرُ زلزالٌءإعصارُ مياهْ
ورياحٌ إنْ زأرْ
يهمسُ الشارع للشارعِ قد مرّت خطاهْ
فتطايرْ يا حجرْ .
هكذا الشاعرُ موسيقیءترتيلُ صلاهْ
ونسيمٌ إنْ هَمَسْ
يأخذُ الحسناءَ فی لينِ إلهْ
وله الأَقمارُ عُشٌّ إنْ جلسْ.
لم تزلْ إسبانيا أتعسَ أمِّ

أرخت الشعرَ على أكتافها

وعلى أغصانِ زيتونِ المساءِ المدلهمِّ

علّقتْ أسيافها.

عازفُ الجيتارِ في الليلِ يطوفُ الطُرُقاتْ

ويغني في الخفاءْ

وبإشعاركَ يا لوركا يلمُّ الصَدَقاتْ

من عيون البؤساءْ.

العيون السودُ في إسبانيا تنظرُ شَزّراً

وحديث الحبِ أبكمْ

يحفرُ الشاعرُ في كفيهِ قبراً

إنْ تكّلمْ.

نسيَ النسيانُ أنْ يمشي على ضوءِ دمكْ

فاكتستْ بالدمِّ بسماتُ القمرْ

أنبلُ الأسيافِ... حرفٌ من فمكْ

عن أناشيد الغجرْ

أجملُ البلدانِ إسبانيا،علوركا يا صبايا

أجملُ الفتيانِ فيها

يا مغنى النارعزّعْ للملايين شظايا

إننا من عابديها.

قەسیدەكە زۆر بەشێوەیەكی سادە نووسراوە، زۆر دوورە لەفیكرە ئاڵۆزەكانی سەیابو دونیا پڕ لە تەسەوفەكەی قەسیدەكەی بەیاتی، ئەو رەمزانەی سەیابو بەیاتی بەكاریان هێناوە دەرویش خۆی ئەدزێتەوە لێیانو قسە لەسەر ئەنكیدۆو عەشتارو كۆلۆمبس ناكات بەهەمان شێوە قسە لەسەر ئیسپانیا دەكات، بەڵام بەبێ زۆرانبازی گا. پاشان دەرویش قسەیەكی بەردەوام لەسەر رۆمانسیەتو گیتار دەكاتو بەتەواوی دەچێتە ژێر كاریگەری سەمای قەرەجەكانی ئیسپانیا كاتێك كەسەمای (فلامینگۆ) دەكەن، قسەی دەرویش لێرەدا قسەیە لەسەر رۆمانسیەتو جوانی ئافرەتو مۆسیقاو خۆشەویستی نەك بەكارهێنانی رەمزو چوونە نێو دنیای پڕ لەتەسەوف، لەلایەكی ترەوە تەسەوفیش بۆخۆی جۆرێكە لە عەشق، بەڵام چۆن عەشقێك؟ تەنها لەگەڵ خود، یاخود دروستكردنی خوداوەندێكیوەهمییە لەلایەن كەسی متەسەوفو نزیك بوونەوە لێی لەكاتی تەسەوفدا، كە لەمجۆرە عەشقەدا كەسی متەسەوف بەردەوام كەسێكی چەپێنراوە.

لێرەدا ئێمە نابێت ئەم سێ شاعیرە بخەینە تای یەك تەرازوو یان پێكەوە بەراوردیان بكەین، چونكە دەرویش پێش ئەوەی كەقەسیدەی (لۆركا) بنوسێت هەموو شیعرەكانی نزار قەبانی خوێندۆتەوە كە بۆ ئیسپانیاو ئەندەلوسو غەرناتەو ئافرەتی نوسیوە، بەڵام سەیابو بەیاتی پاش بیركردنەوەیەكی قوڵ قەسیدەكانی خۆیان نووسیوە هەر بۆیە لەشیعرەكانی ئەواندا زیاتر تەمو مژو غموزیەت بەدی دەكرێت.

**سەرچاوەكان:**

1- د . عدنان الظـاهر، شـاعر إسـبانيا القتيـل في شـعر السـيّاب والبيـاتي ومحمود درويش، الموقع الالكتروني (تحياتي).
2- بدر شاكر السياب، ديـوان بـدر شـاكر السـياب/ دار العـودة ، بـيروت 1971.
3- عبد الوهاب البياتي، ديوان عبد الوهاب البياتي/ المجلـد الثـاني، دار العودة، بيروت الطبعة الرابعة 1990.
4- طـه بـاقر/ ملحمـة جلجـامش، الصـفحة 142. دار المـدى للثقافـة والنشر. بيروت 2001.
5- محمود درويش، ديوان محمود درويـش/ دار العـودة، بـيروت، الطبعـة الثالثة 1971.
6- ئینجیلی یوحەننا.

**تێبینی:** سودێكی زۆرم لەوێنەو بابەتە رەخنەییەكانی سەرچاوەی یەكەموەرگرتووەو پێشتر دیدارێكی (د. عدنان الظاهر)م لەهەفتەنامەی چاودێردا بەشی (رەخنەی چاودێر) بڵاوكردەوە كە لەزمانی عەرەبییەوەوەرمگێڕا بوو، چونكە (د. عدنان الظاهر) یەكێكە لە رەخنەگرە گەورەو روناكبیرە دیارەكانی عێڕاق‌و شایەنی رێزو خۆشەویستییەكی زۆرە لای من، هەر بۆیە بەباشم زانی كە لەم تێبینییەداوەك حورمەتێك بۆ ئەو ماندووبون‌ووتارە بە نرخەی هیوای تەندروستییەكی باش‌و بەردەوامی بۆ بخوازم لە كارە رەخنەییەكانیدا.

# كاتێك كافكا دەبێتە
# قالۆنچەیەكی غول پەیكەر !!



"خەبات کردن چێژی سەرکەوتنی تواناکانی خۆمم پێ دەبەخشێت بەسەر هەرشتێکدا بێت، پێموایە لەکۆتایی دا من ناکەومە ژێر ناسۆری‌و ئازاری ئەم خەباتکردنە بەڵکو دەکەومە ژێر تەنگژەی خۆشنودی". بەمجۆرە فرانز کافکای پێشەوای نووسینی کابوسیەت دەنووسێت، ئەو نووسەرەی ژیانی لێوان لێو بوو لەبیرکردنەوی قووڵ‌و ئاڵۆزو گۆشەگیر بوون.

کافکا لەدایك بووی‌وڵاتی چیکەو سەر بەدینی یەهودیەتەو بەئەڵمانی دەینووسی ئەم پێناسەیە هەمیشە کافکای ئازار دەدا، چونکە ئەو نەگبەتە لەچیك پێیان دەگووت تۆ ئەڵمانیت لەئەڵمانیا پێیان دەگوت تۆ جولەکەیت‌و جولەکە فەندەمێنتاڵیستەکانیش پێیان دەگوت سێکولاریست (عەلمانی). ئیحساسی گەورەی کافکا بەرامبەر بەگۆشەگیری لەو پەیوەندییە ئاڵۆزەوە سەرچاوەی گرتبوو کەبەرامبەر بەدایك‌و باوك‌و کۆمەڵگەوە هەیبوو، هەمیشە بێزاری‌و رەشبینی سیمایەکی دیاری ژیانی خۆی‌و کارەکتەرەکانی نێو چیرۆك‌و رۆمانەکانیەتی بەڵام کافکا تەنها لەرێی نووسینەوە ئەو رەشبینییەی فەزح‌و نابووت کردووە.

لە "سێ"ی ژولای ساڵی 1883دا لەدایك دەبێت‌و دوای "چل‌و یەك " ساڵ‌و لەساڵی 1924دا لەهەمان رۆژدا (سێ ی مانگ) کۆچی دوایی دەکات!! سەیرە!! لەهەمان رۆژ "موفاجەئەیەکی قەدەریی خاوەن کۆمەڵێك دەلالات".

کافکا ئینتیمای بۆ ئەو چینە ناوەندییەی یەهودیەت هەبووە کەتوانیویانە بەزمانی ئەڵمانی بدوێن، ساتی چوونە خوێندنگەی نزیك دەبێتەوە هەربۆیە باوکی (هێرمان کافکا) کەبازرگانی توحفە دێرینەکان بووە کوڕەکەی دەنێرێتە خوێندنگەیەکی حکومی‌و پاشان بۆ زانکۆی ئەڵمانی لەپراگ تاوەکو قانون بخوێنێت. ئەوانەی کەنزیك بوون لێی دەڵێن: " کاتێك دەکەوتە ئاخاوتن ئیستیعانەی بەهەموو ئەندامانی


جەستەو دەمو چاوی دەکرد، شەرمنو تێکشکاوو ئازارچەشتوو بوو".
خەسڵەتی دیاری ژیانی کافکا ئەو تووڕەبوونە بووە کە گومڕایی دروست کردووە. لەسێپتەمبەری ساڵی 1917 بەدواوە نیشانەکانی نەخۆشی سیل لەکافکادا دەردەکەوێتو ئەو بۆ خۆی دەربارەی نەخۆشیەکەی دەڵێت:"ئازاری سییەکانم چ نیە جگە لەڕەنگ دانەوەی ئازارە مەعنەویەکانم". کافکا ئارەزووی لەخوێندنەوەی (دیستۆفیسکیو تۆلسۆیو گۆرکی) بووەو هەر زوو چۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبی رووس" ئەدەب لای کافکا هونەری ڕاکردن بووە، چونکە ئەدەب لەزیهنی ئەودا ڕاکردنە لەواقیع هەربۆیە دەبینین کتێبەکانی سەرەتای نوسینی کافکا موناجاتێکی ناوەکی خۆیەتی کە لەڕێی ئەو موناجاتەوە ئیحساسو خەسڵەتو سیمای ژیانی دەخاتەڕوو، هەروەك چۆن چیرۆکنووسی میسری (یوسف الشارونی) دەڵێت: کافکاوێنەی ئەو رووداوە ناواقیعیانەی کێشاوە کەبەڕێگەیەك لەڕێگەکان دەبێتەواقیعی هەروەکو چۆن لە کابوسێك دا روودەدات. پاڵەوان لەکارە ئەدەبییەکانی دا ژیانێکیوا دەژی کەلێوان لێوە لەڕووداوی کابووس ئاسا، گریگۆر سامسای پاڵەوانی مەسخ بەدیارترین نمونە دەژمێردرێت. ئیتر ئەمە کارەکانی کافکایەو نابێت شرۆڤەی سەقەتی بۆ بکەین، ئیحساسێکی قووڵ بەرانبەر بەیەئسو تاریکیو تێکشکانی مرۆڤەکان هەمیشە لەکارەکانیدا ئامادەگی هەیە.



لە ڕۆمانی (مەسخ) دا ڕوئیایەکی ڕەشی مرۆڤ پیشان دەدات کاتێك بەیانیەك فەرمانبەرێك بەناوی گریگۆر سامسا (کەوێنەیەکی راستەقینەی ژیانی کافکا خۆیەتی چونکە بۆ خۆی دەڵێت:" من لەناو چیرۆکەکانمدا دیارم ئەگەر دەم‌و چاوی خۆشم برنم" لەجێگای نووستنەکەی هەڵدەستێت دەبینێت بووە بەقالۆنچەیەکی غول پەیکەرو زەبەلاح، ئەم حەشەرەیە کە بەسیسرك دەچێتوردەوردە توێکڵێکی رەق لەپشتیدا دروست دەبێتو ئیتر بەزەحمەتیش بێت هەر ناتوانێت بجوڵێت، سامسا پارە پەیداکەری ماڵە بەڵام کاتێك لەلایەن خێزانەکەیەوە بەمجۆرە دەبینن کوڕەکەیان بووە بەدەعبایەکی ترسناك ئامادەگی تەواووەردەگرن بۆ فلیقانەوەو لەناوبردنی، ئەوکاتەی باوکی لەسەر مێزی نان خواردن دانیشتووە سێوێك دەگرێتە پشتە ڕەق بووەکەی سامسا، پاشان دەستبەجێ قرچەیەك دێت، چۆن سێوی تێ ناگرێت؟ با.. تێی دەگرێت، چونکە لەپێش دا سامسا ماڵەوەی دەژیاندو پارەی بۆ پەیدا دەکردن، بەڵام ئێستا توانای بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی نیە، ئەگەرچی تەنها خوشکەکەی دێتە ژوورەوەو پیساییەکەی پاك دەکاتەوە، بەڵام پاش ماوەیەك ئەویش‌وەك دایكو باوکی ئەو ڕقەی لا دروست دەبێت، تف لەو باوك و بنەماڵە سەخیفەی کەمرۆڤ دۆست نیە.

ئەگەر بەردەوام بیت لەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەبینیت کاتێك سامسا دەمرێت خوشکەکەی بەکەیفو سرورەوە ماکیاژ دەکات، چونکە گریگۆر لەکڕینی کەمانچەیەك بۆ خوشکەکەی دەستەوەستان دادەمێنێت. گریگۆر مەئموری بوونگایەکی بازرگانیەو زۆربەی ژیانی لەسەفەردا بەسەردەبات، بەڵام شەوێکی کە ئەم رووداوە سەیرو سەمەرەیە ڕوودەدات بەڕێکەوت خۆی لە جیٚوبانەکەی خۆیدا لە ماڵی بابی

دەبینێتەوە کەخەوتووە، لە ئاخروئۆخری وەرزی پایزدا لە خەونێکی ئالۆزو ناخۆش رادەپەڕێو خۆی لەقالۆنچەیەکی گەلێك ناقۆلاو ناشریندا دەبینێت، دایكو باوكو خوشکەکەی ترسو وەحشەتێکی بێ ئەوپەڕ دایاندەگرێت. درێژەی داستانەکە ئەوەمان پێدەڵێت کە گریگۆر کەمترین هۆگری سەبارەت بە ئیشە کەسەلبارو ماندووکەرەکەی کە ناچار بوو لەپێناویدا بەردەوام لە سەیرو سەفەردا بێت، نەماوە. سروشتییە کە گریگۆر بە بوونە قالۆنچە دەستی لەکار کێشاوەتەوەو ئیتر توانای دابینکردنی بژێوی بنەماڵەی نییە، بنەماڵەش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم زیانەی کەبەهۆی ئەم ئالوگۆڕە جنسییەوە ڕووبەڕووی بۆتەوە هەندێك رێو شوێن دەگرنەبەر.



لە سالآنی چلەكانی سەدەی رابردوو (سادقی هیدایەت) بەحوكمی ئەوەی زمانێكی فەڕەنسی باشی زانیوە، پاش ئەوەی لەكتێبخانەیەكدا ڕۆمانی مەسخ دەبینێت ئارەزووی خوێندنەوەی دەكاتو پاش خوێندنەوە دەست دەكات بەوەرگێڕانی ڕۆمانەكە بۆ فارسی، بەلآم هەروەكو (عەلی ئەمینی نەجەفی) دەڵێت دەبوو هیدایەت پەلەی نەكردایە لەوەرگێڕانی ڕۆمانەكە لەفەڕەنسییەوە بۆ فارسی چونكە هەندێك هەڵەی تێكەوتووە كەگوناهی هیدایەتی تێدا نیە، بەڵكووەرگێڕە فەرەنسییەكە بەهەڵە لەئەڵمانیەوەوەری گێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی، (عەلی ئەمینی نەجەفی) بەوپەڕی ڕێزەوە بەرامبەر بەوەرگێڕانەكەی هیدایەت دەڵێت:" هیدایەت ڕۆمانێكی بەسەقەتوەرگێڕدراوی لەئەڵمانی بۆ فەڕەنسی بەشێوەیەكی زۆر جوانو هەست بەمەسئولیەت كردن لەفەڕەنسییەوەوەردەگێڕێت بۆ فارسی" ئەگەرچی زۆر كەس دەیان گووت ئەمە بەرهەمێكی تری هیدایەتە یان هیدایەت كۆپی كراوی دیوە فارسییەكەی كافكایەو شتێك نیە لە مەسخ دا هەبێتو لە كوندەپەپووی كوێردا نەبێت، لای خۆشمان لەكوردستان بەداخەوە كاك (جەلیل كاكەوەیس) زۆر بەنەشیاویو لە چاپێكی ناشریندا كە شیاوی گەورەیی كافكا نیە لەعەرەبیەوە ڕۆمانەكەیوەرگێڕاوە (دیارە سودی لەوەرگێڕانەكەی منیر بعلبیكیوەرگرتووە)و ناوی ناوە بەدگۆڕان، هەڵبەت پاش كەمێكی تر من قسە لەسەر هەردوو موفرەدەی بەدگۆڕانو مەسخ دەكەم، لە زمانی عەلی ئەمینی نەجەفیەوە.



ئینجا كاك جەلیل دەڵێت: شیاوترین وەرگێڕان ئەو وەرگێڕانەیە كە سادقی هیدایەت لە ئەڵمانییەوە وەریگێڕاوە، دیارە هەموومان دەزانین كە ئەم قسەیە هەڵەیە چونكە هیدایەت فەڕەنسی زان بووەو لە فەڕەنسییەوە ڕۆمانەكەی وەرگێڕاوە، لێرەدا من وەك هەستكردن بە مەسئولیەت ئەم ڕوونكردنەوە درەنگ وەختەم بەیان كرد تاوەكو خوێنەری كورد بەلاڕێدا نەبرێت.

من بۆ خۆم بەسێ شێوەوەرگێڕان ئەم ڕۆمانەم خوێندۆتەوە (مەبەستم لەوەرگێڕانی ڕۆمانەكەیە لەئەڵمانیە بۆ ئینگلیزی نەك فەڕەنسی یاخود زمانێكی تر)، بەڵام هەر سێوەرگێڕەكە هەریەكەو بەجۆرێكوەریان گێڕاوە بۆ ئینگلیزی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە ئەمانەتەوەوەریان گێڕاوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كەوەرگێڕانی ڕۆمانەكەم بەعەرەبیو كوردیش خوێندۆتەوەو لەهەردووەوەرگێڕانەكەدا زمانی كافكا ئەتك كراوە، كەواتە

تۆی خوێنەر ئەگەر ئەڵمانی دەزانیت بۆئەوەی زیاتر چێژ لەرۆمانەکە بینیت پێم باشە کەبەزمانی خودی کافکا بیخوێنێتەوە یان دەتوانیت یەکێك لەو سێوەرگێڕانە ئینگلیزییە بخوێنێتەوە کەزۆر شیاوو جوانەو لەووەرگێڕانەدا زمانی کافکا حورمەتێکی زۆری لێگیراوە.

## دوا تێبینیم سەبارەت بەوشەکانی مەسخ و بەدگۆڕان:

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم دوو موفرەدەیە تەنها ئەم چەندووشەیەی عەلی ئەمینی نەجەفی دەنووسم کە زۆر بەجوانی ئامانجی پێکاوەو بەئەمانەتەوە بڵاوی دەکەمەوە:

"...... بەڵام مەسخ مانایەکی دیکەی هەیە ئەمواژەیە لە (فەرهەنگی موعین)دا وەك ئاوەژووکردنەوەی رواڵەتێك بۆ رواڵەتێکی دزێوتر هاتووە. بەشێوەیەکی ڕوونتر مەبەست لە مەسخ گۆڕانی شتێك بۆ بارێکی خراپترو بێبایەختر لە چەشنی خۆیەتی، لەحاڵێکدا لێرە مەبەست گۆڕان و بوونی شتێك بەشتێکی دیکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا فیعلی لێکدوری: "مەسخ بوون" هەڵگری باری مەنفییە، کەوایە ناتوانێ پڕاو پڕوەرگێڕانی سەر دێڕی داستانەکەی کافکا بێت. شیاوی ئاماژەیە، لەدرێژەداو بەچەشنێکی ڕوونتر دەبینین کەواتای سەردێڕی کتێبەکە لەهەوەڵین رستەی داستانەکەدا دووپات بۆتەوەو هیدایەت ئەمجارە "بوون بە"ی وەك وەرگێڕانی "مەسخ" بەکارهێناوە کە دروست ترە، لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەشدا، سەردێڕی مەسخ لەناو خوێنەرانی کتێبی ئێرانی داوەها ناوبانگێکی بەدەست هێناوە کە باشترە بۆ خۆ بواردن لەئەگەری هەر سەرلێشێوانێك ئەم داستانەی کافکا هەروا لەژێر مەسخ دا بخوێنرێتەوە".

لەکۆتایی دا منیش دەڵێم نەك بەتەنها لەناو نووسەرو خوێنەرانی ئێرانو کوردستانی ئێران بەڵکو لەناو عەرەب خوێنەرانی کوردستانی عێراقیشدا هەر بەمەسخ ئاشناین، چونکە ناوی رۆمانەکە بەئینگلیزی بریتییە لە: Metamorphosis بەواتای گۆڕان نەك بەدگۆڕان ئەگەرچی گریگۆر بەشێوەیەکی زۆر خراپ دەگۆڕێتو شێوەی قالۆنچەوەردەگرێتو دەبێتە حەشەرەیەکی غول پەیکەر.

## سەرچاوەکان:


1-The MetamorPhosis, Franz Kafka, Translated by Edwin and Willa Muir; revised by Arthur S. Wensinger Copyright Schocken Books, Inc.

2- بیرەوەریەکانی کافکا، ململانێ لەگەڵ نەخۆشیو تەنهاییو ئەدەبدا، نوسینی ابراهیم العریس،وەرگێڕانی هێمن مەحمود، رۆژنامەی الحیاة.

3- کافکا صهیونی یلون العالم بالسواد!!، وسام الدویك، باحث وشاعر مصری. (لەئینتەرنێتوەرم گرتووە — زمناکۆ).

4- سادق هیدایەت و کافکا، نوسینی: عەلی ئەمینی نەجەفی،وەرگێڕانی سەعید ئەمانی، سایتی دەنگەکان.

5- فرانز کافکا— تألیف: رونالد جرای — ترجمة: نسیم مجلي، المجلس الاعلى للثقافة — المشروع القومي للترجمة.

## تێبینی:

**یەكەم:** لێرەدا پێویستە كەسوپاسی كاك (سەعید ئەمانی) بكەم بۆ ئەو وەرگێڕانە جوانەو بۆ ئەو ئیختیارە باشەی كەهەستاوە بەوەرگێڕانی بابەتەكەی (عەلی ئەمینی نەجەفی)و لەم نووسینەمدا سودێكی باشم لێوەرگرت.

**دووەم:** وشەی (غول) بە مانای زەبەلاح یان مانای ئەفسانەیی دێو دێت، دیارە كاتێك گریگۆر ئەو گۆڕانكاریە جنسییە ناقۆڵایەی بەسەردا دێت لە هەمان قەبارەی ئاسایی خۆی دا دەمێنێتەوە لەبەرئەوە هەڵەیەكی گەورەیە ئەگەر بڵێین تەنها دەبێتە قالۆنچەیەك یان سیسركێكی ئاسایی چونكە لە ڕووی ڤۆلیۆمەوە گۆڕانكاری بەسەردا نایەتو لە دەقە ئینگلیزیەكەدا (gigantic insect) بەكار هاتووە كە لەزمانی كوردیدا بەرامبەر بە حەشەرەیەكی یان مێروویەكی زەبەلاح دێت، پێموایە نووسەرە بیانیەكان هێندەی قسەیان لەسەر قەبارەی ئەو حەشەرەیە كردووە هێندە قسەیان لەسەر ئیحساسی كافكا نەكردووە.

## فلادیمێر مایکۆفسکی...
## لەبارەی خۆیەوە دەدوێت !!



شاعیری خۆكوشتووی روسی مایكۆفسكی لەپاڵ ناوی (سێرگی یەسەنین)ی هاورێ‌و هاوتەمەنی دادەنرێن بەدوان لەگەورەترین شاعیرانی روس. قسەی رەخنەگران لەسەر ئەم دوو شاعیرە ئەوەیە كە لەزۆر رووداوی ژیان‌و لەزۆر لایەنی دونیای شیعردا كۆپی كراوی یەكدین، دەربارەی خۆكوشتنی یەسەنین (1895–1925) مایكۆفسكی دەڵێت: هەسارەكەمان سازو تەیار نەكراوە بۆ خۆشنودی، ئەمە ئەووێنە رەشبینەیە كە لەزۆربەی قەسیدەكانی هەردووكیاندا بەدی دەكرێت.

لەم وتارەدا مایكۆفسكی دەیەوێت لەزاری خۆیەوە كۆمەڵێك ئیعترافی جوان بكات‌و هەندێك لایەنی شاردراوەی ژیانی خۆی‌و خۆكوشتنەكەی باس دەكات (چونكە پێش خۆكوشتن هەندێك كاغەزی نووسراو بەجێ دەهێڵێت).

مایكۆفسكی پێنج ساڵ دوای خۆكوشتنەكەی یەسەنین خۆی دەكوژێت‌و پێدەچێت كاریگەری خۆكوشتنەكەی یەسەنین لەزیهنی مایكۆفسكیدا رەگێكی قوڵی رەشبینی داكوتابێت ئەگەرچی فاكتەری سەرەكی لەخۆكوشتنەكەی مایكۆفسكیدا خۆشەویستەكەی بووە (لیلیا یۆریڤنا بریك).

## شاعیر لە پاش خۆكوشتنەكەی ئەم نامەیە بەجێدەهێڵێت:

– بۆ هەمووان–

كەس تاوانبار مەكەن لەمەرگی من، تكا دەكەم كە لەخۆتان مەدەن، چونكە كۆچكردوو شایەنی ئەوە نیە، دایكە، خوشك‌و براكانم، هاورێیانم، لێمببورن، ئەمە رێگەیەكی راست نیە (و ئامۆژگاری كەس ناكەم پەنا بەرێتە بەر ئەم رێگەیە) بەڵام چیبكەم، هیچ شتێكم لەدەسەڵاتدا نەبوو.

ليليا (مەبەستی لەخۆشەويستەكەيەتی) خۆشت بوێم. هاوڕێيان — ئەی حكومەتو دەوڵەت: خێزانەكەم بريتيە لە: (ليليا بريك، دايكم، خوشكو براكانم لەگەڵ ڤيرۆنيكا فيلتۆدۆڤنا بولونسكايا (كچە ئەكتەرێكی سۆڤيەتی بەناوبانگ بووە ساڵی 1908 لەدايك بووە–وەرگێڕی عەرەبی نوسينەكەی فلاديمێر مايكۆفسكی)، ئەگەر ژيانێكی پەسەندتان بۆ دابين كردن ئەوكاتە سوپاستان دەكەم.

ئەم قەسيدەيە بدەن بە بنەماڵەی (ليليا بريك) ئەوان خۆيان تێدەگەن.

– وەكو دەگوترێت –

**"بەلەمی خۆشەويستی لەسەر بەردی ژيان تێكدەشكێت**
**لەگەڵ دونيادا لێپرسينەوەم لەگەڵدا كرا**
**چ سودی نيە، ژماردنی**
**ئازارە ئاڵوگۆڕكراوەكانو**
**موسيبەتو**
**سوكايەتی پێكردنەكان"**.

**هيوای خۆشيتان بۆ دەخوازم لەگەڵ مانەوەدا..**
**فلاديمێر مايكۆفسكی** 12/**ی نيسانی** 1930.

ئەمە دەقی ئەو نامەیە بوو كەمایكۆفسكی بۆ خێزانەكەی خۆیو هاوڕێكانی نووسیبوو دوو ڕۆژ پێش خۆكوشتنەكەی. لەراستیدا قەسیدەكە پێشتر بەناوی ( هەموو شتێك تەواو) بووە، بەڵام مایكۆفسكی جارێكی تر ناونیشانی قەسیدەكەی گۆڕیوەو كردوویەتی بە (وەكو دەگوترێت).

ئەمەی خوارەوەش قسەكردنی شاعیرە لەسەر ژیانی خۆیو ئیعتراف كردنە لەسەر هەندێك لایەنی تایبەتی ژیانی خۆی:

– بابەت –

من – شاعیرم، لەبەرئەوە من جێگەی سەرنجم،و لەبارەی ئەوەوە من دەنووسم، لەرۆژی 7ی تەمموزی 1894 لەدایك بووم (یان 1893 – لێرەدا رای دایكم لەگەڵ تۆماریوەزیفەكەی باوكم ناگونجێت، بەهەرحاڵ پێش ئەو زەمەنە نیە). نیشتیمانەكەم – گوندی بەغدادی، ناوچەی (كۆتایسی)یە لەجۆرجیا (سەر بەڕوسیای قەیسەریو پاشان یەكێتی شوورەوی پێشوو، بەڵام ئێستاوڵاتێكی سەربەخۆیە –وەرگێڕی عەرەبی نوسینەكەی مایكۆفسكی).

– پێكهاتەی خێزان –

باوك: فلادیمێر كۆنستاتینۆڤیچ (مەئمور لەگوندی بەغدادی) ساڵی 1906 مردووە.

دایك: ئەلیكساندرا ئەلیكسیڤنا

خوشكو برا: – لۆدا – ، – ئۆڵا –.

ئەندامانی تر لەخێزانی مایكۆفسكی، پێدەچێت نەبن.

– رەگی رۆمانسیەت–

یەكەمین ماڵ كە بەجوانی بیرم دەكەوێتەوە، لە دوو قات پێكهاتبوو، قاتی سەرەوە، كە ئێمە تیای دەژیاین،و قاتی خوارەوە، كە كارگەیەكی بچوكی دروستكردنی شەراب بوو، ساڵی جارێك چەند ئۆتۆمبیلێك تریێ – یان دەهێنا، ئەوان فشاریان دەخستە سەرم، من تەنها تریێ–م دەخواردو ئەوانیش شەرابیان دەنۆشی،– بەمجۆرە دەگوزەرا– لە یەكێك لە كۆنترین قەڵاكانی جۆرجیا لە نزیك گوندی بەغدادی، قەڵاكەش چەند شكلێكی چوارگۆشەی تێدابوو، لە پشتمانەوە دارستانو گورگ هەبوون، لەسەروو دارستانەكان شاخ هەبوو، دەچووومە سەر بەرزترینیان، شاخەكان بە ئاراستەی باكور نزم دەبوونەوە تا ئەو رادەیەی لەو شوێنەدا شاخەكان نەدەمان، خەونم دەبینی – پێدەچێت ئەوە روسیا بێت – زۆر حەزم دەكرد بچم بۆ روسیا، بەشێوەیەك كە باوەڕ نەدەكرا.[1]

– خوێندن –

دایكمو كچەكانی مامو ئامۆژنمو كچەكانی خاڵو خاڵۆژنم خوێندنیان فێركردووم،وانەی ماتماتیك بۆ منوانەیەكی راستەقینە نەبوو، بەهۆی سێو– ەوە فێری ماتماتیك بووم، ئەو سێوەی دەدرا بە منداڵ بەردەوام

[1] (لێرەدا مایكۆفسكی تەنها ئەوە نیە كە بە شێوەیەكی سادەو ساكار باس لە منداڵی خۆی بكات بەڵكوا بەدەردەكەوێت كە ئارەزووی گۆڕینی شوێنو جوگرافیا هەر لە منداڵیەوە لای شاعیر خولقاوە– زمناكۆ).

دەیاندا بە من، لە قەوقاز بڕێكی زۆر لەمیوە هەبوو، بە چێژێكی زۆرەوە فێری خوێندنەوە بووم.

– یەكەمین كتێب –

كتێبێكی بێ نرخ "ئەگافیا – بەخێوكەری باڵندە". ئەگەر كۆمەڵە كتێبێكی لەم چەشنەم چنگ بكەوتایە، لەوانەیە بۆ هەتا هەتایەوازم لە خوێندنەوە بهێنابا، بەڵام خۆشبەختانە كتێبی دووەم– "دۆنكیشۆت"،وای لەو كتێبە!! دوای خوێندنەوەی كتێبەكە هەستام بەدروستكردنی شمشێرێكو قەڵغانێك لە تەختە، هەرچییەك بهاتایەتە بەر دەستم لەتو پەتم دەكرد.

– تاقیكردنەوە–

لە بەغدادییەوە بۆ شاری كۆتایسی گواستمانەوە، تاقیكردنەوەی چوونە خوێندنگەی ئامادەییم بڕی، – قەشە– كەدەربارەی مانایوشەی "oko" پرسیاری لێكردم –وەڵامم دایەوە: "سێ رتڵ" (ئەمە ماناكەیەتی بەزمانی جۆرجی)، بەڵام ئەو بەڕێزانەی كەئیمتیحانیان دەكردم، مانایوشەی "oko"یان بۆ روونكردمەوە– مانای "چاو" دەگەیەنێت لەزمانی سلاڤی كلێسا كۆنەكان–، بەهۆی ئەووشەیەوە خەریك بوو لەتاقیكردنەوەكان بكەوم، لەبەرئەوە بەپەلە دەستم كرد بە كۆششكردن بۆ زانینی هەرچ شتێكی كۆن هەیە، هەموو ئەو شتانەی كە پەیوەندی بەكلێساو سلاڤییەكانەوە هەیە، پێموایە كە لێرەوە هەڵوێستەكانم لەبواری فیوتۆریزمو سێكۆلاریزمو ناسیۆنالیزم سەریان هەڵدا.

– قوتابخانەی سەرەتایی–

هەردوو پۆلی گوێگریی (پۆلی یەکەم و دووەم) بەپلەی نایاب (امتیاز) لەهەمووانەکاندا بڕیم، (جۆلْ ڤێرن)م دەخوێندەوە، چەند جوانە!! پیاوێکی ریشن توانایوێنەکێشانی لەمندا دۆزییەوە، بەوپەڕی بێهودەییەوە خۆی لەگەڵمدا ماندوو دەکرد.

## – جەنگی روسی یابانی–

لەماڵەوەماندا ژمارەی گۆڤارو رۆژنامەکان زیادی کرد، "زانیارییە روسیەکان"، "وشەی روسی"،و "دەوڵەمەندی روسی"و شتی تر، هەر کتێبێك بهاتبایە بەردەستم دەمخوێندەوە.

## – قۆناغی کاری نهێنی –

خوشکەکەم لەمۆسکۆوە هاتو بەنهێنی چەند کاغەزێکی دوورودرێژی پێدام و جێگەی سەرنج بوون لای من، "جێگەی پڕ مەترسییە ئەو کاغەزانە" ئەوە قسەی خوشکەکەم بوو، تائێستا بیرم ماوە لەدێڕەکانی سەرەتادا نووسرا بوو:

"راپەڕە، ئەی هاوڕێ، دەی راپەڕە، ئەی برا
خێرا تفەنگەکە فڕێدە سەر زەوی...."

## – ساڵی 1905–

چەندین رێپێوانو خۆپیشاندانی جەماوەری سازدرا، بەهەمان شێوە منیش چووم، کارێکی باش بوو، رووداوەکە بەڕێگەیەکی هونەری روویدا، ئەنارشیستەکان بەڕەنگی رەش، شۆڕشگێرە سۆشیالیستەکان بەڕەنگی سوور، شۆڕشێگڕە دیموکراتخوازەکان بەڕەنگی شینو یەکێتییەکان بەڕەنگەکانی تر.

## – سۆشیالیزم–

خیتابەکان– رۆژنامەکان، بەکورتی ئەووشەو مەفهومانەی کەتێیدەگەیشتمو تێینەدەگەیشتم، هەوڵمدەداو داوای تەفسیرم لەخۆم دەکرد، دەچووم رۆژنامەو بڵاوکراوە شۆڕشگێڕییەکانم دەکڕی، رۆژنامەکانی "بۆریفیتسنیك"و ئەوانی تر، لە کاتژمێر شەشی بەیانییەوە بەخەبەر دەبوومو هەموویيم دەخوێندەوە، .. بۆ هەتا هەتایە توانای سۆشیالیستەکان بۆ روونکردنەوەی راستیەکانو رێکخستنی جیهان لەیادەوەریمدا چەسپا، پاشان پەیوەندیم کرد بەبازنەیەکی مارکسییەوە،وام لێهات خۆم بەسۆشیالیستێکی دیموکراتخواز حیساب دەکرد.

– ساڵی 1906–

باوکم مرد.

دوای ناشتنی باوکم تەنها (سێ رۆبڵ) مان هەبوو، هەستاین بەفرۆشتنی هەموو کەلوپەلەکانی ناو ماڵ..و بەرەو مۆسکۆ بەڕێکەوتین، بۆچی؟ تەنانەت لەوێ هیچ ناسراوێکمان نەبوو.. لەشەقامی "برۆنایا" شوقەیەکمان گرت.

– ئیش‌وکار–

خێزانەکەمان هیچ پارەی نیە، ناچار بوومو‌ێنەبکێشم، ئەوەی زۆر لەیادەوەریمدا ماوەوێنەی هێلکەی رەنگاورەنگ بوو بۆ جەژنی سەری ساڵی تازە، هێلکەکانم برد بۆ یەکێك لەمەخزەنەکان، بەرانبەر بەهەر هێلکەیەك (10–15 کوبیك) یان پێدەدام، لەو رۆژەوە رقم لەهەڵسوکەوتی خەڵکی روسیو ئیشی دەستە.

– قوتابخانەی ئامادەیی–

گەیشتمە قۆناغی چوارەمو نمرەکانم دابەزین

–خوێندنەوە–

هەرگیز رۆمانی پەخشانئامێزم پێ قبوڵ نەبووە، تەنها فەلسەفە، هیگڵو مارکسیەتو زانستی سروشت بەشێوەیەکی سەرەکی، پاشان هیچ کارێکی هونەری بەقەدەر پێشەکییەکەی مارکس راینەکێشاوم، ئەو خوێندکارە سۆشیالیستانەی کەژووری شوقەکەی ئێمەیان بەکرێ دەگرت لەگەڵ خۆیاندا زۆربەی بڵاوکراوە نهێنییەکانیان دەهێنا لەوانە "تەکتیکی شەڕی شەقامەکان"و ئەوەی بەجوانی بیرم دێتەوە کتێبەکەی لینین بوو "دوو پلان لەتەکتیك دا" کە بەرگێکی شینی هەبوو.

– ناونیشان–

لە29ی ئازاری ساڵی 1908 کەوتینە بۆسەیەکەوە، ناچاربووین دەفتەری تێبینیەکانو ناونیشانی سەربەرگەکان بدڕین، دەستگیرکراین..، ئازادبووم..،و دوای ساڵێك لەکاری حیزبی سەرلەنوێ دەستگیرکرامەوە.

دەربارەی ژیانی مایکۆفسکی لەزینداندا، (ن. هلیستۆڤ)ی هاوڕێی مایکۆفسکی کە لەژووری زینداندا پێکەوە بوون دەڵێت: مایکۆفسکی لەزینداندا "نیکراسۆڤ و هیگڵو فیورباخ"ی دەخوێندەوەو زۆرجار قەسیدەکانی "نیکراسۆڤ"ی بەدەنگی بەرز دەخوێندەوە بەتایبەتی

هەردوو قەسیدەی "رێگای پۆلایین"و "ژیان لەڕوسیا بۆ كێیە بەشێوەیەكی باش؟".

لە 27ی شوباتی ساڵی 1909 دا ئازادكرام.

– سێهەمین دەستگیركردن–

ئەو شۆڕشگێڕانەی لای ئێمە بوون "موراشادزە، هیرولایتیس"و ئەوانی دی، لەزیندانی "تاگانكا" هەستان بەهەڵكەندنی چاڵێكی گەورە بەمەبەستی دەربازكردنی ئەو ئافرەتانەی كەدەستگیركرابوونو سزا درابوون بەكاری سەخت، توانیمان كۆمەڵێك لەو ئافرەتانە رزگار بكەین، من بەو هۆیەوە دەستگیركرامو بەهۆی ئەوەی كە كەسێكی هەڵەشە بووم لەزیندانێكەوە بۆ زیندانێكی تر دەیانگواستمەوە، تا لەكۆتاییدا لەزیندانی "پۆتیركی" مامەوە.

– یازدە مانگ لەزیندانی پۆتیركی–

بەنیسبەت منەوە گرنگترین ساتەوەختەكان "دوای سێ ساڵ لە تیۆرەو مومارەسە" ئەوە بوو هێرشم كردە سەر پەخشان، هەموو شتێكی تازەم خوێندەوە، "رەمزگەراكان، ئەلیكساندەر بێڵی، پالمۆنت"، نوسینم تاقیكردەوە، بەڵام سەركەوتوو نەبووم،وەك ئەم نووسینە:

دارستانەكان رەنگاڵە بوون بەڕەنگی ئاڵتوون/ بەڕەنگی ئەرخەوان/و خۆرەتاو یاری لەسەر سەری كلێساكان دەكرد/ منیش چاوەڕێ دەكەم/ بەڵام رۆژەكان لەنێو مانگەكانداون بوون/ سەدان رۆژی ماندوو.

یەك دەفتەری تەواوم نووسی، زۆر سوپاسی پشكنەرەكان دەكەم كەدەستیان بەسەر ئەو دەفتەرەدا گرت كاتێك كە لەزیندان هاتمە

دەرەوە. پاش ئەوەی کە کتێبە هاوچەرخەکانم خوێندەوە چووم نووسەرە کلاسیکیەکان (بایرۆن، شکسپیرو تۆڵستۆی) بخوێنمەوە، دواهەمین کتێب "ئاناکارینینا" بوو، تا کۆتاییەکەیم نەخوێندەوە، ئێستاش نازانم چیرۆکەکە دەربارەی خێزانی "کـارینـینا" چۆن تەواو بوو.

– سەرەتای دەست رەنگینی–

هەستم کرد ناتوانم شیعر بنووسم، چونکە ئەزمونە شیعرییەکانم فاشل بوون، هەستام بەموماره‌سەی‌وێنەکێشان، شاعیرە پەسەندکراوەکەی من (ساشا چیورنی) بوو، مەزهەبی دژە جوانییەکەی (ESTHETISM ANTI) دڵی خۆش دەکردم.

– دوایین پەیمانگە–

پەیوەندیم کرد بەپەیمانگەی‌وێنەکێشانو پەیکەرسازی‌و بیناسازی، تەنها شوێنێك بوو کەداوای بڕوانامەی رەوشت باشی سیاسییان لێنەکردم، بەڵام ئەوەی کەسەیر بوو ئەوەبوو کەئەوان دەست خۆشییان لەو کەسانە دەکرد کەتەقلیدیان دەکرد، بەڵام ئەوانەی کەپشتیان بەخۆیان دەبەست بەرەنگاری دەکران، من پشتگیریم لەبەرەنگار کراوەکان دەکرد.

– دیڤید پۆرلۆك–

لە پەیمانگە، پۆرلۆك دەرکەوت، دیمەنێکی ناشرینی هەبوو، بەچاویلکەیەکو پاڵتۆیەکەوە بوو، دەڕۆشتو مینجەمینجی دەکرد،

چوومە پێشەوە، خەریك بوو دەست بكەین بەشەڕ ڕۆژێكیان چوین بۆ ئاهەنگێكی خێرخوازی، لەو ئاهەنگەدا پارچە مۆسیقای (دوورگەی مردوان)ی ڕەحمانینۆڤ دەژەنرا، چوومە دەرەوە، پاشان پۆرلۆكیش هاتە دەرەوە، بەیەكتری پێدەكەنین‌و چوین تۆزێكمان خواردەوە، شەوێك بوو لەبیرناكرێت، لەدەنگە دەنگو ڕاڕاییو مۆسیقاكەی ڕەحمانینۆڤەوە چوینە سەر بابەتی قوتابخانە، لەقوتابخانەشەوە بۆ سەرجەم ئەو دەنگە دەنگەی كە كلاسیكیەت دروستی كردبوو، لای دیڤید تووڕەیی ئەو مامۆستایەی هاوچەرخەكانی خۆی تێپەڕاندووەو لای منیش گڕوتینی سۆشیالیزم كەحەتمییەتی داڕمانی هەموو شتێكی كۆن دەزانێت، بەمجۆرە بزاوتی فیوتۆریزمی ڕوسی لەدایك بوو.

– دیداری داهاتوو–

بەرۆژ قەسیدەیەكم نووسی، بەشێوەیەكیوردتر بەشێكی قەسیدەكە زۆر خراپ بوو (لاواز بوو)، تائێستا بڵاونەبۆتەوە، شەوەكەی دیڤید پۆرلۆكم لەناوچەی گەشتیاری (سریتینسك) بینی، قەسیدەكەم بۆ خوێندەوە، پاشان ئەوەم ئیزافە كرد كە ئەوە قەسیدەی یەكێك لەهاوڕێكانمە، دیڤیدوەستا، چاوێكی لێكردم و گوتی:

نەخێر ئەوە قەسیدەی خۆتە، چ شاعیرێكی داهێنەریت؟! ئەم‌وەسفە چەندە دڵخۆشی كردم ئەگەرچی پێویست نەبوو، پاشان لەشیعردا نقوم بووم، لەو شەوەوە بووم بەشاعیر.

**سەرچاوە:**

1- فلاديمر مايكوفسكى في ذكرى انتحاره، د. ابراهيم استنبولي، صوت الثورة وضحيتها (1893–1930).

2- صحيفة الوطن السعودية – الاثنين 15 ربيع الاخر 1426 هـ الموافق 23 مايو 2005 م العدد (1697) السنة الخامسة.

**سەیاب و جیكۆر...**
**مرۆڤێك و گوندێك گۆرانی بۆ**
**تارمایی ساڵەكان دەچڕن!!**



له دواین  ڕۆژەکانی مانگی دوازدەی ساڵی 1926دا له گوندی (جیکۆر) ی سەر بە پارێزگای بەسره (بەدر شاکر سەیاب) ی شاعیری گەورەی عێڕاقی دەبێته منداڵی نۆبەرەی کەریمەو شاکر. ئەو دایكو باوکەی کە تەنها هەژاریو نەگبەتیو ئاوارەییو جەستەیەکی لاوازییان بۆ منداڵەکەیان بەجێهێشت. ژیانی منداڵی سەیاب بە بارتەقای ژیانی گەورەیی لێوانلێو بوو لە ناسۆریو دەربەدەریو هەژارییەکی کوشندە، ئەو بۆ خۆی بەمجۆرەوەسفی ئەو تەمەنەی منداڵی خۆیدەکات:

اه يا أمي!! عرفت الجوع والالام والرعبا

و لم أعرف من الدنيا سوى أيام أعياد

فتحت العين فيها من رقادي

لم أجد ثوباً جديداً أو نقوداً لامعات تملاء الجيب

لأن أبي فقيرا كان

سەیاب لە (جیکۆر) لەو گوندەی کە پڕ بووە لە خانووی قوڕو دارخورماو هۆڕو بەندەری کەشتیو ئاوی زۆر گەورە بووەو لە تەمەنی شەش ساڵیدا کە دایکی دەمرێت ئیتر چیرۆكو حیکایەتەکانی باپیرو نەنکی جێگەی هەستو سۆزی دایکی دەگرنەوە. دایکی لەدوای ئەوەی چوار منداڵی دەبێت کە دوایین منداڵی کچ دەبێت هەر لەو ساڵەداواته ساڵی 1932 خۆیو کچەکەی جیکۆرو بەدرو دارخورماو خانووی قوڕوژیان بەجێدەهێڵن. مردنی دایکی کاریگەرییەکی دەروونی خراپی لەسەر بەجێدەهێڵێت هەربۆیە دراوسێکانی هەمیشە پێیان دەگووت: بەدر گیان سبەینێ دایە دەگەڕێتەوە.

ئەو كاتە جیكۆر بەبێ قوتابخانە دەژیاو باوكی بەدریش منداڵەكەی دەبرد بۆ گوندێكی تەنیشت جیكۆر بۆ خوێندن كە ئەویش گوندی (باب السلیمان) بوو، هەموو رۆژێك ئەو منداڵە بێنازە بەپێ دەچوو بۆ قوتابخانەو دووری ئەو رێگەیە هەمیشە ئەوی برسی دەكرد. لەو قوتابخانەیە تا پۆلی چواری سەرەتایی هەبوو، دەبوو بۆ تەواوكردنی پۆلی پێنچو شەش رووبكاتە قوتابخانەی (المحمودیة) لە (أبی خصیب).

لە (أبی خصیب) بەدر شەناشیلەكان دەناسێت كە باڵكۆنی تەختەنو پەنجەرەی شووشەی رەنگاورەنگیان تێدایەو قوتابخانەكەی بەدر ماڵی كابرایەكی دەوڵەمەند بوو بەناوی (محمود باشا عبدالواحد)، ئەم پیاوە ماڵەكەی خۆی بەخشی بوو بەو خوێندنگایە هەر لەبەر ئەوەبوو كە ناونرابوو (المحمودیة). ئەم كوڕە جوتیارەی جیكۆر توشی تێكشكانێكی تر بوو كاتێك باوكی دوای ماوەیەكی كەم لە مردنی دایكی بەدر چوو ژنێكی تری هێنا، لەبەر ئەوە لە ساڵی 1935دا ماڵی باوكی بەجێدەهێڵێتو رووەو ماڵی باپیری سەری خۆی هەڵدەگرێتو لەوێ لەگەڵ منداڵانی گەڕەكدا لە (منزل الاقنان) دا یاریدەكرد، ئەو خانووە كۆنەی كە تا ئێستاش جێگاو شوێنەوارەكەی ماوەو لەرۆژانی (4-2006/1/5)دا كاتێك كە زانكۆی بەسرە یادێكیان بۆ سەیاب سازكرد یەكەم شوێن كە سەردانیان كردئەو شوێنەو گۆڕەكەی سەیاب بوو كە دواتر بوو بەناوی یەكێك لە دیوانە شیعرییەكانی.

لە هاوینی ساڵی 1938دا خوێندنی سەرەتایی تەواو دەكاتو بۆ خوێندنی ناوەندی دەچێتە ناو شار "بەسرە" بەڵام هەر دڵی لای جیكۆر دەبێت:

**جیكور، جیكور أین الخبزء الماء ؟!**
**اللیل وافی وقد نام الادلاء**
**و الركب سهران من جوع و من عطش**
**و الریح صر وكل الافق أصداء**

سەیاب هەمیشە لەرۆژانی پشوودا لەگەڵ باپیرو کچە مامەکەیدا (وفیقة) دەچوو رانە مەڕەکەی ماڵی باپیری دەلەوەڕاند، کە ئەوەش بەسەرەتای قۆناغی عەشقی سەیاب دادەنرێتو چەند شیعرێکی بۆ ئەو کچە مامەی نوسیوە. بۆ خوێندنی زانکۆ روودەکاتە بەغداو دەچێتە کۆلێژی (دار المعلمین العالیة)واتە کۆلێژی پەروەردەی ئێستاو لەبەشی زمانی عەرەبیدا دەخوێنێتو دوایی دەچێتە بەشی زمانی ئینگلیزیو لەو کاتەدا دیراسەیەکی تەواوی ئەدەبی عەرەبیو روسیو ئینگلیزی دەکاتو دەچێتە ژێر کاریگەری (ت.س.ئەلیۆت)ووێرانە خاك (الارض الخراب) دەکاتە ئەزمونێك بۆ ژیانی خۆی.

لەرووی سیاسییەوە سەیاب لەسەرەتادا ئیلتیزامێکی تەواوی هەبوو بە رێکخستنەکانی حیزبی شیوعییەوەو کەسێکی روناکبیری ناو ئەو حیزبە بوو، بەڵام هێندەی ئەو حیزبە ئازاریدا نەخۆشییە کوشندەکەی هێندە ئازاری نەدا، هەر بۆیە زوو پاشگەز بۆوەو یادگارییەکانی لە کتێبێکدا بە ناوی (شیوعی بووم) چاپکردو بەتەواوی خۆی گۆشەگیر کرد لە چالاکییە سیاسییەکان، بەڵام هەر لە خۆپیشاندانو ڤێستیڤاڵە ئەدەبییەکاندا هەمیشە شیعری دەخوێندەوەو بەردەوام لەلایەن داموو دەزگاکانی حکومەتەوە دەردەکراو ئیهانە دەکرا.

سەیاب هەموو تەمەنی بە نەخۆشیو ئاوارەییو هەژاری بەسەر بردو بەشێکی تەمەنیشی ئەگەرچی کەم بوو لە زینداندا بوو، ئەو بۆ خۆی بەمجۆرەوەسفی تەمەنی گەنجی دەکات  ئەو تەمەنەی کە بارگاویو رەنگرێژ بوو بە نەخۆشی:

**أهذا شبابي ؟ و أين الشباب ؟**

**ألا حب ؟ لا زهو ؟ لا عنفوان ؟**

بۆ چارەسەری نەخۆشییەكەی زۆربەی نەخۆشخانەكانی كوەیتو بەیروتو رۆماو پاریسو لەندەنو شارەكانی تری دونیای بینیوەو خاوەنی جەستەیەكی بچوك بوو بەڵام نەخۆشییەكی گەورە لەو جەستە بچوكەدا خۆی حەشاردابوو. مؤید عبدالواحد كەیەكێك بوو لەهاوڕێ خۆشەویستەكانی شاعیر لەیەكێك لە نەخۆشخانەكانی لەندەن لەگەڵی دەبێتو دەڵێت: بەدر هەمیشە حەزی لە دانیشتنی چوار مشقی بووەو كاتێك كە چاكەتو پانتۆڵی لەبەر دەكرد چونكە جەستەی لەڕو لاواز بوووەك ئەوەوابوو كە چاكەتو پانتۆڵەكە بەبێ جەستە بە بزمارێكدا هەڵبواسرێت، لە نەخۆشخانەكەدا شەوێكیان هەر باسی بارانی دەكردو قەسیدەی (أنشودة المطر) ی بۆ خوێندمەوە تا لە ناكاو باران باری ئینجا بەدر گوتی ئەوەندە باسی بارانم كرد هەتاوەكو باری كەواتە ئێستا باسی شیفا دەكەم بەڵكو شیفام بۆ بێت. شیفا... شیفا... شیفا...

لەماوەی ئەو تەمەنە كورتە پڕ لە ناخۆشییەیدا لەچەند شوێنێك كاریكردووە لەوانە: كاتب بووە لە كۆمپانیای نەوتی بەسرەو مامۆستا بووە لە ئامادەیی رومادیو پاسەوان لە بەندەری كەشتییەكانی باشور لە بەسرەو فەرمانبەر لە كۆمپانیای خورمای عێڕاقیو ...هتد. لەساڵی 1961دا لە كۆنگرەی رۆمای پایتەختی ئیتالیا بەوتارێك بەشداریدەكات بە ناوی (پابەند بوونو پابەند نەبوون لە ئەدەبی عەرەبی نوێدا). بەدر سەیاب جەستەیەكی لاوازو چاوێكی بچوكو نەخۆشییەكی گەورەو دەستو خەتێكی خۆشی هەبوو، لە ساڵی 1955دا بڕیاری ژنهێنان دەداتو لەرۆژی 1955/6/19دا خوشكی ژنە مامێكی خۆی بە ناوی (اقبال) مارە دەكات كە دوایی ئەم ناوەش دەبێت بە ناوی دواهەمین دیوانە شیعری شاعیر. كچە نۆبەرەكەی (غیداء) لە رۆژی

1956/12/24دا له دایكدەبێت، سەیر لەوەدا بوو رۆژی لەدایكبوونی كچەكەی هەمان رۆژی مردنی شاعیر بوو لەدوای هەشت ساڵواتە 1964/12/24. ساڵی 1959 (غەیلان) ی كوڕیو لە تەمموزی 1961دا (الاء) ی كچی له دایكبوون.

سەیاب رابەرو پێشەوای بزوتنەوەی شیعری نوێی عەرەبییەو لەگەڵ نەوەی خۆیدا (نازك الملائكة، عبدالوهاب البیاتي، بلند الحیدري)و نەوەی دوای خۆی (جان دەمۆو سعدی یوسف) دا خزمەتێكی زۆری شیعری عەرەبییان كردووە. پاش مردنی له نەخۆشخانەی (ألامیری) له كوەیت له 1964/12/24دا حكومەتی ئەو كاتە لە رۆژی مردنەكەیدا خێزانەكەی له ماڵەكەی خۆیوەدەر دەنێتو دەریاندەكات، لە چەند كەسێكی كەم زیاتر كەسی دی لە تەعزێكەیدا نابینرێت چونكە سەیاب پەنجاوسێ دینارو سەدو سیو سێ فلسی ئەو كاتەی حكومەت قەرزار بوو، ئەو پارەیەش حەقی خوێندنەكەی ئەو كاتەی سەیاب بوو كە لەساتەوەختی دەرچوونی لە زانكۆ تا كاتی مردنەكەی نەیتوانی ئەو پارەیە بداتەوە بە حكومەت.

بە مردنی سەیابوبەیاتیو حەیدەریو جان دەمۆ شیعری نوێی عەرەبی تا رادەیەكی زۆر بەرەو ئیفلیج بوون رۆشت.وەك رێزلێنانێك بۆ سەیاب لە رۆژانی 4–2006/1/5دا لە شاری بەسرەو بە سەرپەرشتی زانكۆی بەسرە یادێكی گەورە بۆ ئەم شاعیرە مەزنە كرایەوەو بە ئامادەبوونی بەشێكی زۆر لە نوسەرانی عەرەبیو عێراقیو دكتۆر (عەلی عەباس عەلوان) ی سەرۆكی زانكۆی بەسرە یادەكە بەڕێوە چوو كە رۆژێكیان تەرخانكردبوو بۆ سەردانی ماڵە كۆنەكەی سەیابو گۆڕەكەی لە گۆڕستانی (حسن البصری)و هەروەها سەردانی (منزل الاقنان)یان كردو

ڕۆژەكەی تریش چەند دیراسەیەكی نایاب پێشكەشكرا كە لەووتارانەدا باس لە ڕۆمانسییەتو جیكۆرو منداڵی لای سەیاب كراو هەر لەو ڕۆژەدا سەردانی پەیكەرەكەی شاعیریان كردووتاری بنەماڵەكەی سەیابیش لەلایەن عادل سەیابەوە خوێندرایەوە.

بەدر شاكر سەیاب لە ماوەی ئەو 38 ساڵەی تەمەنیدا دە دیوانی شیعری بە چاپگەیاند كە ئەمانە بوون:

1- أزهار ذابلة (1947).
2- أساطير (1950).
3- المومس العمياء (1954).
4- الاسلحةءالاطفال (1955).
5- حفار القبور.
6- أنشودة المطر (1960).
7- المعبد الغريق (1962).
8- منزل الاقنان (1963).
9- شناشيل ابنة الجلبي (1964). ئەم دیوانە لە ڕۆژی مردنەكەیدا لە بازار بڵاوكرایەوە.
10- اقبال (1965). شاعیر ئەم دیوانەی بە چاپكراوی نەبینی.

هاوڕێ ناودارەكانی سەیاب بریتی بوون لە : (أدونيس، محمد الماغوط، يوسف الخال، جبرا ابراهيم جبرا، أنسي الحاج، صلاح عبدالصبور و نازك الملائكة). دوای مردنی شاعیر لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندندا بایەخێكی زۆر بە شیعرەكانی سەیاب دراو قسەیەكی زۆر

لەسەر نەخۆشییەکەی کرا، کەچی کاتێك کە زیندوو بوو ئەو کەناڵانە هەوڵیان نەدەدا کە بیناسن.

وەك ڕێزلێنانێك بۆ سەیاب ئەم وتارەم نوسی.

**سەرچاوەکان:**


1- قيس كاظم الجنابي، مواقف في شعر السياب، مطبعة العاني، بغداد- 1988.

2- مدني صالح، هذا هو السياب، دار الرشيد للنشر، بغداد- 1981.

3- سيمون جارجي، بدر شاكر السياب، الرجل والشاعر، منشورات أضواء- 1966.

4- بدر شاكر السياب، ديوان أنشودة المطر، (ط2) دار العودة، بيروت- 1981.

5- بدر شاكر السياب، الاعمال الشعرية الكاملة، (المجلد 1-2)، بغداد- 2003.

6- بدر شاكر السياب، ديوان المعبد الغريق، (ط2) دار العودة، بيروت- 1981.

7- الصباح (جريدة- بغداد) العدد (742) في 9 كانون الثاني- 2006.

# فریدریك هۆڵدەرلین...
# شیزۆفرینیاو عەشقی زۆزێت !!



یۆهان کریستیان فریدریك هۆڵدەرلین (1770–1843) بەیەكێك لە بەناوبانگترین شاعیرانی نێو ئەدەبی ئەڵمانی دەژمێردرێت، لە شارۆچکەی (Lauffen) سەربە کەناری روباری (Neckar) لەدایك بووە. هۆڵدەرلین لەژێر کاریگەری ئارەزووەکانی دایکیدا لەچەند قوتابخانەیەکی ئایینیدا چەند ساڵێك زانستی (لاهوت) ی خوێندووە بەڵام بەردەوام لەنێو تەقسە ئایینییەکاندا هەڵهاتووەو ئارەزووی لەدونیای ئەدەب هەبووە. شۆڕشی فەرەنسی کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر کتێبە ئەدەبییەکانی بەجێدەهێڵێت. پێش ئەوەیوەكواعیزێکی ئایینی کاربکاتویستویەتی کە تواناکانی خۆیوەك مامۆستایەکی تایبەت بخاتەگەڕ، لە ساڵی 1796دا لە فرانکفۆرت لە ماڵی یاکۆب گۆنتارد دەبێتە مامۆستای تایبەتی منداڵەکانی، بەڵام لە جیاتیوانە گوتنەوە بە منداڵەکانی گۆنتارد، هۆڵدەرلین دێت عاشقی ژنەکەی (زۆزێت گۆنتارد) دەبێتو بە تەواوی لە رۆمانی (Hyperion) دا لەرۆڵی (دیۆتیما) دا کارەکتەری زۆزێت گۆنتارد بەرجەستە دەکات، بەڵام پاش ئاشکرابوونی ئەو پەیوەندییە ناشەرعییەی هۆڵدەرلین لەگەڵ خێزانەکەی گۆنتارد دا ناچار دەبێت کە ئەو ماڵە بەجێبهێڵێتو سەری خۆی هەڵبگرێت بۆ شوێنێکی دوورتر لە ماڵی زۆزێت.

بارودۆخی شلۆقی سیاسی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر کارە ئەدەبییەکانی شاعیر بەجێدەهێڵێت، لەنێوان ساڵانی 1797 بۆ 1799 دا بەشی یەکەمی رۆمانی (Hyperion) دەردەچێتو ماوەیەك دوای ئەوە، دروستتر، دوای ئەوەی کە هەواڵی مەرگی (زۆزێت) دەبیستێت، توشی نەخۆشییەکی دەرونی ئاڵۆز دەبێتو لەیەکێك لەو نەخۆشخانانەی کە تایبەتە بە نەخۆشی دەرونی لە شاری (Tübingen) داغڵی دەکەن. لە ساتەوەختی توشبونی

بەو نەخۆشییە دەرونییە سەختە تاوەکو رۆژی مردنەکەی لە (Tübingen) لە 1843/5/7 دا لە ماڵی دارتاشێکدا دەژی کە شوێنێکی بچوکی حەوانەوەی لەسەر کەناری رووباری (Neckar) بۆ دابیندەکاتو ناوی دەنێت بورجی هۆڵدەرلین. بەهۆی ئەو نەخۆشییە دەروونیەوە نیوەی تەمەنی لەنێو شێتخانەو نەخۆشخانە دەروونییەکاندا بەسەر دەبات، بەواتایەکی تر هۆڵدەرلین (73) ساڵ ژیاوە، (37) ساڵ وەك مرۆڤێکی ئاساییو (36) ساڵ وەك شێتێك لەنێو شێتخانەو نەخۆشخانە دەروونیەکاندا هاتوچۆی کردووە.

لە قەسیدە سەرەتاییەکانی شاعیردا کە بەناوی (سروودەکانی توبینگن)ەوە بڵاوبونەتەوە، بایەخێکی زۆری هۆڵدەرلین بۆ پەندە مرۆڤایەتییە ئیغریقیەکان بەدیدەکرێتوەکو جوانی، خۆشەویستی، سەربەستیو هاوڕێیەتی، لەهەمان کاتتدا هەردوو مەدلولی سروشتو جوانیش جەوهەری کتێبە شیعرییەکانی تەشکیل دەکەن. بەگەڕانەوە بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی نێوان هۆڵدەرلینو زۆزێت گۆنتارد کە هۆڵدەرلین لەبەشی دووەمی رۆمانەکەیدا لە کارەکتەری دیۆتیمادا (کە ناوێکی یۆنانییە) رۆڵەکەی بەرجەستە دەکات، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تێکچوونی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی نێوانیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە قۆناغێکی ترسناك لە نەخۆشی شیزۆفرینیا ببڕێت ئەویش بەوەی کە کاتێك هەواڵی مەرگی زۆزێت لەساڵی 1802 دا دەبیستێتوەك مێژوونوسان دەگێڕنەوە دەڵێن: هۆڵدەرلین خوێندنەکەی لە (بۆردۆ) ی فەرەنساوە بەجێدەهێڵێتو بەپێ دەچێت بۆ نۆرتینگن، دیارە بڕینی ئەو مەسافە زۆرە بە پێ ئەوپەڕی پلەی شێتبوونی هۆڵدەرلین پیشاندەدات کە (36) ساڵ بەو ئازارەوە تلایەوە. هایدگەری فەیلەسوف لەڕێگەی خوێندنەوەی قەسیدەکانی هۆڵدەرلینەوە چەندین

دیراسەی بەپێزی نوسیوە کە هیچان کەمتر نین لەو دیراسانەی کە لەسەر فەیلەسوفو شاعیرانی دی نوسیویەتی. بەهۆی ئەو کاریگەرییە قووڵەی کە هۆڵدەرلین لەسەر زیهنی هایدگەر دروستی دەکات، خوێنەر لەسەر ئەو ئیفێکتە ئەم سێ پرسیارەی لا دروست دەبێتو یەکەمین پرسیار بەمجۆرە دەکات: ئەو دیراسە زۆرانەی هایدگەر لەسەر ئەو شاعیرە چ فاکتەرێکی لە پشتە؟ دووەم : شوێنی ئەم تەفسیرانە لە پرۆژەی فەلسەفی هایدگەر دا کوێیە؟ سێهەمین پرسیارو دوا پرسیار ئەوەیە کە میتۆدی شرۆڤە لای خودی هایدگەر پێویستی بە چ بایەخدانێکە؟.

لەنێوان هەرسێ پرسیارەکەدا بەستەرێك هەیە، پێدەچێت پرسیاری سێهەم کۆنتاکتی تەواوەتی لەنێو دوو پرسیارەکەی یەکەمدا دروست بکات، میتۆدی شرۆڤەگەری هایدگەر هەر لەسەرەتای کارە فەلسەفییەکانیەوە بەدیدەکرێتو مەحاڵە جیابکرێتەوە لەهەر هەنگاونانو کارێکی فەلسەفی تری هایدگەر، زۆرجار پێدەچێت خوێنەر نەتوانێت بەشێوەیەکیورد کەشفی ئەو میتۆدە بکات لە نوسینەکانی هایدگەر دا چونکە پەیوەندییەکی قووڵ هەیە لەنێوان فیکری هایدگەر بۆ فەلسەفەو دروستکردنی تەماسێكو جۆرێك لە ریلەیشن لەگەڵ شیعردا، لەبەرئەوە هایدگەر لە رێی خوێندنەوەی شیعرەکانی (هۆڵدەرلین، رێنیە ماریا ریلکەو جۆرج تراکل)ەوە لەروویەکی فەلسەفییەوە بەردەوام قسەی لەسەر زمانی شیعریی کردووە، پاشان لەرێی کۆمەڵێك دیراسەوە دەربارەی هۆڵدەرلین چانسێکی باشمان دەداتێ بۆ کەشفکردنی ئەو ریلەیشنە کە لەراستیدا تەماسو کۆنتاکتێکی لێوان لێوە لە ئیشکالیەت چونکە پۆلێنکردنی ئەو دیراسانە بەجۆرێکە کە بایەخدان بە ئیستاتیکاوجودی نییە بەڵکو بە پلەی یەك ئیشکردنە لەسەر میتۆد پاشان کردنەوەی دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە دوو پرسیاری کۆتایی نێو سێ پرسیارەکەی پێشوو کە

ئەوانیش زانینی شوێنی ئەو تەفسیرانەن کە هایدگەر بۆ ئیشەکانی هۆڵدەرلینی کردووە لەگەڵ ئەوەی ئایا ئەو تەفسیرانە لە پرۆژە فەلسەفیەکەی هایدگەردا چ جوگرافیایەك داگیر دەکەن؟ پاشان ئەگەر کرا بڕی ئەو بایەخدانە چەندە کە میتۆدی شرۆڤە لای خودی هایدگەر پێویستیەتی؟. بە چوونە نێو ستایلی ئیشکردنی هایدگەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە حەقیقەتی ئیشکردنی میتافیزیکی هایدگەر زۆر نزیکە لە شێوازی ئیشکردنی هیگڵ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (فینۆمینۆلۆژیای رۆح) چونکە هیگڵ ئیشی لەسەروەعی کردووە لە حاڵەتێکدا ئیشی هایدگەر ئیشکردنە لەسەروجودو کەینونە، کەواتە هۆڵدەلینیش پێش هایدگەر زۆر بەتەواوی درکی بەو حاڵەتە کەینونییە کردووە، چونکە ئەوەی کە هایدگەر لە ئیشەکانی هۆڵدەلیندا کەشفی کردووە ئەوەیە کە هۆڵدەرلین ئامادەگیی راستەوخۆیوجودو کەینونە تەئسیس دەکات.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا بۆچی هایدگەر ئەم هەموو بایەخە دەدات بە هۆڵدەرلین؟ چونکە زۆرێك لە رەخنەگرانی رۆژئاوا پێیانوایە کە ئەم بایەخدانە چ نییە بێجگە لە سەرلەنوێ سیاغەکردنەوەی فیکری هۆڵدەرلین، یان ئەم دیراسانەی هایدگەر تەنها دەیانەوێت ببنە مەرجەعێك بۆ زیاتر مەوسوق کردنو متمانە بەخشین بە ئیشەکانی هۆڵدەرلین.

دواجار، هۆڵدەرلین دەبێتە بابەتێکی گەورە لەنێو دیراسەکانی زۆربەی فەیلەسوفو رەخنەگرانی ئەڵمانیاو هەموویان کۆکن لەسەرئەوەی کە لەنێو شاعیراندا خاوەنی قووڵترین فیکر بووە لە بواری شیعر نوسینداو دایدەنێن بە گەورەترین شاعیری ئەڵمانی لە مێژوودا.

## سەرچاوەکان:

1- الوفاق- صحيفة ايران الدولية- السنة التاسعة – العدد2373 – الاحد17 شوال 1426 –2005/11/20.

2- هاشم صالح، عندما يرثي هولدرلين جان جاك روسو، على هامش اعترافات روسو وأناشيد هولدرلين، موقع الالوان الالكتروني.

3- بول دي مان، تفسير هيدغر لهولدرلين، ترجمة: سعيد الغانمي، موقع نزوة الالكتروني.

4-Friedrich Holderlin: Essays and Letters on Theory, 1988 (trans. by Thomas Pfau).

# نازك الملائكة...
# دارخورما گەورەكەی عێراق
# لە میسر وشك بوو !!



رۆژی (2007/6/20) له قاهیرەی پایتەختی میسر  ژنه شاعیری گەورەی عێراق (نازك الملائكة) له ئەنجامی دابەزینی سوڕی خوێنەوەو له تەمەنی 84 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ژنه شاعیری عێراقی (ریم قیس کبە) که سەر به بنەماڵەی مەلائیکەیه لەدوای مەرگی نازك رایگەیاند: نازك به هۆی نەخۆشیو پیرییەوه له دوا رۆژەکانی کۆتاییی ژیانیدا تەندروستی به تەواوی تێکچووبوو که بووه هۆی گیان له دەستدانی، رۆژێك دوای ئەوه له نیوەڕی (2007/6/21) له گۆڕستانێکی رۆژئاوای قاهیره تەرمەکەیان ناشت.

نازك له 23 ی ئۆگەستی ساڵی 1923 له بەغدا له بنەماڵەیەکی روناکبیرو شیعردۆست لەدایك بووەو دایكو باوكو خاڵیشی هەر شاعیر بوون، دایکی که ناوی (سلمى عبدالرزاق) بوو له رۆژنامەو گۆڤاره ئەدەبیەکاندا به ناوی دایکی (نزار الملائكة) شیعرەکانی بڵاو دەکردەوەو باوکیشی (صادق الملائكة) چەندین کتێبی مەوسوعی گرنگی لەدوای خۆی بەجێهێشت لەوانه (دائرة معارف الناس) که له بیست بەرگدا خۆی دەبینێتەوە.

نازناوی مەلائیکه که بەسەر ئەم بنەماڵەیەدا سەپێنراوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی که ئەم بنەماڵەیه خانەوادەیەکی هێمنو لەسەرخۆ بوونو هەربۆیه دراوسێکانیان له بەغدا به مەلائیکەوەسفیان کردوونو پاشان ئەم نازناوه بۆ هەموو نەوەکانی ئەم بنەماڵەیه دەگوێزرێتەوەو له هەمان کاتدا دەبێته نازناوی ئەدەبی (نازك) یش. ئەم ژنه شاعیره گەورەیەی عێراق له خانەی مامۆستایانی باڵا زمانی عەرەبی خوێندوەو ساڵی 1944 بڕوانامەی دەرچوونی بەدەست هێناوەو له پەیمانگای هونەره جوانەکانیش مۆسیقای خوێندوەو زمانەکانی ئەڵمانیو ئینگلیزیو فەڕەنسیو لاتینی بەباشی زانیوەو ساڵی 1954 لەوڵاته یەکگرتووەکانی

ئەمریكا خوێندنی تەواو كردووەو دوای دوو ساڵ (1956) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی بەراووردكاریدا لە زانكۆی (وسكنسن) بە دەست هێناوە. بەدر شاكر سەیاب خۆشەویستترین هاوڕێی نازك بووەو گوتوویەتی " كاتێك كە لە ئامادەیی رومادی مامۆستابووم جارێكیان نازك نەخۆش كەوتو منیش لەگەڵ كۆمەڵێك لە هاوڕێكانم سەردانی نازك مان كردو بەردەوام لەبارەی ئەدەبو شیعرەوە بیروڕامان ئاڵوگۆڕ دەكرد". سەیاب 38 ساڵ ژیا نازكیش 84 ساڵ تەمەنی بوو.

مەلائیكە لە بواریوانەوتنەوەدا لە كۆلیژی پەروەردە (دار المعلمین العالیة) ی ئەو كاتە لە بەغداو پاشان لە زانكۆی بەسرەو دواتر لە زانكۆی كوەیت كاری كردووە، لە پاڵ سەیابدا بە دیارترین پێشەوای شیعری نوێی عەرەبی دادەنرێت كە هەردووكیان شۆڕشێكی یاخیگەرانەیان بەرپا كرد بەسەر شیعری ستونی تەقلیدیو فۆڕمی شیعریان نوێ كردەوە لە كاتێكدا كە بە ڕیتمی تەفعیلە دەیاننوسیو بۆ یەكەمجار شیعری عەرەبییان دەرباز كرد لەوەزنو قافیە.

شاعیر لە ساڵی 1947 دا قەسیدە بەناوبانگەكەی خۆی (كۆلێرا) بڵاوكردەوەو لەهەمان ساڵدا (بەدر شاكر سەیاب) یش قەسیدەی (هل كان حباً)ی بڵاوكردەوەو رەخنەگرەكان ئەم دوو قەسیدەیەیان بە سەرەتای شیعری نوێوەسف كرد ئەگەر چی بەردەوام رەخنەشیان لێدەگیرا.

نازك لە كتێبەكەیدا (قضایا الشعر المعاصر) یان كە لە هەندێك شوێندا بە (قضایا الشعر الحدیث) بڵاوبۆتەوە دەڵێت:" سەرەتای شیعری نوێی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1947 لە عێراقداو هەر لە عێراقەوەو بگرە لە بەغداوە ئەم بزاوتە شیعرییە پەلو پۆی هاویشتووە بۆ سەرجەم‌وولاتانی عەرەب (بیرمان نەچێت كاتێك نازك دەڵێت لە بەغداوە ئەم بزاوتە پەلو پۆی هاویشتوە ئێمە نابێت ئەوە لە بیر بكەین كە سەیاب خەڵكی بەسرە بووەو لە گوندی جیكۆرەوە هاتووە بەڵام

سەرەتای چالاکیەکانی سەیاب لە ناو بەغدای پایتەخت بووەو لەویێ خوێندویەتی) هەر لەو کتێبەدا نازك ئاماژە بە قەسیدەی کۆلێرا دەدات کە باس لەو پەتایە دەکات کە لەووڵاتی میسردا بڵاوبۆتەوە. یەکەم دیوانی شاعیر دیوانی (عاشقة اللیل) بوو لە ساڵی 1947 پاشان دیوانەکانی تری بەمجۆرە لە رووی زەمەنەوە ریز دەکرێن:

(شظايا ورماد- 1949) ، (قرارة الموجة- 1957) ، ( شجرة القمر-1968) ، (يغير الوانه البحر-1970) ،و (مأساة الحياة وأغنية للأنسان-1970 ).

پاشان لە ساڵی 1997 دا لە قاهیرە کۆمەڵێك قەسیدەی بە ناوی (الشمس التي وراء القمة) بڵاوکردۆتەوەو کۆی بەرهەمە شیعرییەکانیشی بێجگە لەم کۆمەڵە قەسیدەیەی ساڵی 1997 لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی (دار العودة)ی لوبنانیەوە لە ساڵی 1971دا لە دوو بەرگی گەورەدا بە ناوی (ديوان نازك الملائكة) بڵاوبۆتەوە چونکە لە ساڵی 1971 تاوەکو 1997 هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبوو لە بواری شیعردا. لە نێو دیراسە ئەدەبیەکانیدا دەتوانین ئاماژە بە چەند کتێبێکی بدەین لەوانە: (قضايا الشعر المعاصر-1962 )، (سايكولوجية الشعر-1992) سەرەڕای دیراسەیەکی سۆسیۆلۆژی بە ناوی (التجزيئية في المجتمع العربي-1974).

مەلائیکە لە شۆڕشی 1958ی عەبدولکەریم قاسمدا بە ئاشکرا خۆشحاڵ بوونی خۆی ڕادەگەیەنێتووەکو سەیاب پێشوازی لە شۆڕشەکە دەکات بەڵام ساڵێك دوای ئەوە هەردووکیان دەبنە نەیاری قاسمو هەریەکەیان بەرەوووڵاتێك ڕا دەکەن سەیاب بۆ ئێرانو مەلائیکە بۆ لوبنان. سەرەڕای غیابی مەلائیکە لەم ساڵانەی دواییدا لە کۆڕو کۆبونەوە روناکبیرییەکان، بەڵام لە ساڵی 1996 خەڵاتی (البابطين)وەردەگرێت

ئەمەش لەپاش ئەوە هات كە لە چلەكانی سەدەی رابردوودا خزمەتێكی زۆری كردووە بە شیعری عەرەبی.

لە 1999/5/25 خانەی ئۆپێرای میسری ئاهەنگێكی رێزلێنانی بەبۆنەی تێپەڕ بوونی نیو سەدە بەسەر دەركەوتنی بزاوتی شیعری نوێ لە نیشتیمانی عەرەبدا سازكردو دەبوو لەو ئاهەنگەدا نازك بەشدار بووایە بەڵام بەهۆی نەخۆشیەوە نەیتوانی بەشداری بكات، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێكی زۆر لە شاعیرو رەخنەگرە دیارەكانی میسرو عەرەب بەشدارییان لەو ئاهەنگەدا كرد، ئەمە سەرەڕای ئامادەبوونی مێردەكەی نازك دكتۆر (عبدالهادي محبوبة) كە تەنها كوڕێكی لە نازك هەبوو بە ناوی (البراق ).

## تێبینی:

سەرچاوەكانی ئەم وتارە تەنها ماڵپەڕەكانە، چونكە ئەم وتارە رۆژێك لە دوای مەرگی نازك بۆ كۆچی ئەو ژنە شاعیرە مەزنە نوسراوە.

1- http://news.bbc.co.uk

2-http://www.elaph.com

3- http://www.poetsgate.com

4- http://www.alarabiya.net

## جۆرج تراكل...
## لەنێوان كۆكایینو خۆكوشتندا !!



له دووهم رۆژی مانگی فێبرایەری ساڵی 1887دا شاعیرێکی ڕەشبین‌و تێکشکاو له شاری سالزبۆرگی وڵاتی نەمسا لەدایك دەبێت، شاعیرێك که تەنها دەیەوێت (27) ساڵ بژی‌و هیچی تر، بەڵام لەو (27) ساڵەدا هەموو ئەوروپاو جیهان به شیعرەکانی خۆی ئاشنا دەکات.

تراکل، له ڤییەنای پایتەختی نەمسا دەرمانسازی دەخوێنێت‌و له رۆژه سەرەتاکانی جەنگی جیهانی یەکەمداو له نێو ئەو جەنگه کارەساتبارەدا له خزمەتی سەربازیدا دەبێته برین پێچ، بەڵام تراکل بەشی دەرمانسازی لەبەرئەوه ئیختیار ناکات کەبیەوێت ببێت به دکتۆرێکی ناودار بەڵکو تەنها لەبەر ئارەزوویەکی شێتانه ئەو بەشه هەڵدەبژێرێت ئەویش ئەوەیه که دەیەوێت بزانێت پاش خواردنی چ بڕێك له کۆکایین دەتوانێت کۆتایی به ژیانی بهێنێت؟ سەیره!! ئەمه ئەو پەڕی پلەی شێتییه!! هەربۆیه پاش دروست بوونی کۆمەڵێك تەنگژەی فیکری‌و پاش دووچار بوونی به زنجیره نەخۆشییەکی دەروونی یەك له دوای یەك که بەهۆی بینینی ئەو کەلـلـەسەرو خوێن‌و لەشه شێوێندراوه بێشومارەی جەنگی جیهانی یەکەمەوه تووشی دەبێت بەبڕێکی زۆر له کۆکایین له شەوی سێ لەسەر چواری نۆڤەمبەری ساڵی 1914 لەشاری (کراکۆف) ی پۆڵەنداو لەنێو نەخۆشخانەیەکی ئەو شارەدا (نەخۆشخانەی گارنیسۆن) که تایبەته به نەخۆشییه دەرونییەکان کۆتایی به هەموو تراژیدیاکان دەهێنێت، بەڵێ، تەنها لەبەرئەوه بەشی دەرمانسازی هەڵدەبژێرێت که بزانێ بڕی پێویست چەنده بۆ کوشتنی شاعیرێکی نائومێدو بێهودەو تێکشکاو! هەربۆیه قسەکردنی بەردەوامی تراکل لەسەر خۆکوشتن شاعیر دەخاته ناو بازنەیەکی شیعریی تایبەت‌و سەیروسەمەره که له کۆتاییدا به تەواوی گۆشەگیری دەکات.

ژیانی كارەساتباری نێو ڕۆژە سەرەتاكانی جەنگی جیهانی یەكەم فاكتەری سەرەكییە لەئیختیاركردنی خۆكوشتن لای تراكل. پاش ئەوەی لە ڤییەنا خوێندن تەواو دەكات (ئەگەرچی لە خوێندندا سەكەوتوو نابێتو ناتوانێت بڕوانامەی ئامادەیی بەدەست بهێنێت بەڵام پاش مومارەسەی ئیشی دەرمانسازی لە ڤییەنا دەست دەكات بە خوێندن) بەدوای ئیشو كاردا دەگەڕێتو هەر لەو ماوەیەدا لەشاری (أنسبروك) لێپرسراوی گۆڤاری (Brenner) ی ئەدەبی (لۆدفیگ فیكەر) دەناسێت، گۆڤارەكەی فیكەر هەموو دوو هەفتە جارێك دەردەچوو، تراكل بەردەوام لەلایەن فیكەرەوە هاندەدرێتو سەرجەم قەسیدەكانی بۆ بڵاودەكاتەوە، هەر لەو ماوەیەدا كۆمەڵێك نوسەرو هونەرمەندی ئەوكاتەی نەمساو ئەوروپا دەناسێت لەوانە شاعیرو نوسەری ئۆتریش (كارل كراوس)ونیگاركێشو نوسەری ناودار (ئۆسكار كۆكشكا)، پێش خۆكوشتنەكەشی بە ماوەیەكی كەم ژنە شاعیری ئەڵمانی (ئەلێزا لاسكەر شیلـلـەر) دەناسێت.

تراكل، لەساڵانی (1904–1906) لەچەند حەلەقەیەكی ئەدەبیدا ئەندام دەبێت لەوانە بازنەی ئەدەبی (ئەپۆلۆ) لەگەڵ (مینێرڤا)و هەر لەم ماوەیەدا یەكەمین قەسیدەی خۆی كەسەر بە بزاوتی ئێكسپریشیۆنیزمە دەنوسێت، یەكەمین دیوانی خۆی كە ناوی (شیعر) ی لەخۆگرتبوو لەساڵی1913 دا بڵاودەكاتەوە، یان دروستتر ساڵێك پێش خۆكوشتنەكەی (1914)، پاش ئەوە لەساڵی 1915واتە ساڵێك دوای ئەو تراژیدیا گەورەیەی كە لەڕێی كۆكایینەوە دەیخولقێنێتوكۆتایی بەخۆی دێنێت كۆمەڵێك قەسیدەی تر لەژێر ناوی (سباستیان لە خەوندا) بڵاودەكاتەوە.

جۆرج تراكل سەرەڕای تەمەنە كورتەكەی بە یەكێك لە هەرە گەورەترینو ناودارترین شاعیری نەمسا دادەنرێت كە نوێنەرایەتی

قوتابخانەی تەعبیری کردووە، لەپاڵ ناوی تراکلدا پێویستە ئیشارەت بەناوی نوسەرگەلێکی تریوەك (فرانس فیرفل)و (رێنیە ماریا ڕیلکە)و (هۆگۆفۆن هۆفمانستال) بدەین. خانەی چاپو بڵاوکردنەوەکانی نەمسا لە ساڵی 1919دا سەرجەم کارە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە گەورەیە بە ناوی (چەند قەسیدەیەکی شیعریی) بڵاودەکەنەوەو ساڵێك دوای ئەوەش (1920) هەمان خانەی چاپو بڵاوکردنەوەکانی ئەووڵاتە کۆمەڵە شیعرێکی تری بە ناوی (پاییزی گۆشەگیری) بڵاودەکەنەوە کە غەمبارترین کۆمەڵە شیعری تراکلەو پاش ماوەیەکی کەمیش دواهەمین کۆمەڵە شیعری خۆی لە بەرگێکی نوێتردا بڵاودەبێتەوە.

شاعیر لەپاڵ شیعرداو لەژێر کاریگەری (هێنریك ئەپسن)و (ستریندبێرگ) دا کۆمەڵێك دەقی شانۆیی دەنوسێتو هەردوو دەقە شانۆییەکەی بە ناوەکانی (Totentag)و (Fata Morgana) لەشاری سالزبۆرگ لە دوو نمایشی شانۆییدا نمایش دەکرێن بەڵام هەردوو دەقەکە فەوتاونو تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە چونکە کاتی نمایشکردنەکە شاعیر لە ژیاندا بووەو نمایشەکانی بینیوە بەڵام دوای خۆکوشتنەکەی هەردوو دەقەکە فەوتاون، پێدەچێت بە چەشنی کافکا ئەوەی خواستبێت کە بەرهەمەکانی لەناو ببرێنو بسوتێنرێن بەڵام ئەمەش سەد دەر سەد ریوایەتێکی باوەڕ پێکراو نیەو گومان هەڵدەگرێتو دوورە لە یەقین.

تراکل بەردەوام لە قاوەخانەکانو کۆگای مەشروبو ماڵە لەشفرۆشەکاندا بینراوەو کەسێکی بۆهیمی بووەو ئینتیمای بۆ هیچ شتێك نەبووە، لەبواری شیعریشدا بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری شاعیرە فەڕەنسییە ڕەمزگەراکانو شاعیرو فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی فریدریك نیچەو نوسەری گەورە دیستۆیفسکی، بەڵام ئەو شاعیرەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەرییەکی بێ ئەوپەڕی لەسەر بەجێدەهێڵێت (رامبۆ)

ی فەرەنسی بووە كە لەرێی كۆمەڵە دەقێكیوەرگێڕدراوی لەلایەن (K.L.Ammer) لەساڵی 1908 دا ئاشنا دەبێت بە رامبۆ.

فەیلەسوفی ئەڵمانی (مارتن هایدگەر) دەڵێت:"كاتێك قەسیدەی (ئێلس) ی تراكلم خوێندەوە قەسیدەی (گۆرانیبێژە كوێرەكە) ی هۆڵدەرلینم بیركەوتەوە"، لێرەدا هایدگەر مەبەستی لە نرخو بەهای هونەری قەسیدەكەی تراكلە.

گۆشەگیریو رەشبینیو تەنهاییو ترسو تێكشكانی خودو مەرگ لە رەمزە دیارەكانی نێو قەسیدەكانی (جۆرج تراكل) ن. شاعیر نوێنەرێكی ئەكتیڤی بزووتنەوەی ئەزمونگەری نەمساوی بووەو بە داینەمۆی ئەو تەوژمە شیعرییە دادەنرێت، لەماوەی ئەو تەمەنە كورتەیدا كە چەند شاعیرێكی رووسیامان بیردێنێتەوە لە چەشنی (لیرمەنتۆڤ )و (سێرگی یەسەنین)و (مایكۆفسكی) كە ئەم دووانەی كۆتاییش هەریەكەیان بە جۆرێك خۆیان كوشتووە، توانیویەتی كۆمەڵێك بەرهەمی ناوازە لە بوارەكانی قەسیدەو نامەو دەقی شانۆیی پێشكەش بكاتو لە ئەنجامی بینینی رۆڵی پێشەوایی لە بزوتنەوەی ئەزمونگەری نەمساوی دا دەوڵەتی نەمساوەك رێزلێنانێكوێنەكەی دەخاتە سەر پولی بەریدیوڵاتەكەو لەساڵی 1945 بەدواوە سەرجەم كارەكانی چەند جارێك بۆ لەچاپ دەدەنەوە.

دواجار تراكل بۆ ئەوە ژیا كە بیستو حەوت ساڵ زیاتر نەژی.

**سەرچاوەكان:**

1-http://www.nizwa.com
2-http://www.jehat.com
3-http://www.tirej.net
4-http://www.inciraq.com

5- جورج تراكل قصائد وسيرة حياة ـ قاسم طلاع، الموقع الالكتروني (ألف) لحرية الكشف في الانسان والكتابة.

# ڕەشبینیو خۆکوشتن لای سێرگی یەسەنینو مایکۆفسکی!!





ئەگەرچی لەگەڵ ئەو ڕایە دام کە لەدونیادا دوو شاعیر نیە هەمان ئەزمونی شیعرییان هەبێت بەڵام دەکرێت هەندێکوێناو توانای شیعریی‌و تەنانەت تا ڕادەیەك بایۆگرافیای دوو شاعیر بەیەك بچوێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی پلەی گەمژەییە گەر بڵێین دوو شاعیر ئیش لەسەر هەمان ستایل دەکەن‌وهەمان باکگراوندی مەعریفییان هەیە لەسەر دونیای شیعر.

ئەموتارە دەیەوێت قسە لەسەر هەندێك لایەنی شاردراوەی نێوان دوان لە گەورەترین شاعیرانی روسیا (یەسەنین‌و مایکۆفسکی) بکات، لە هەمان کاتدا قسە لەسەر هەندێك تراژیدیاو هەندێکوێنەی تاریکی نێو فەزای نوسینی ئەو دوو شاعیرە دەکات کە لەسەرەکیترین خاڵدا یەکدەگرنەوە ئەویش خۆکوشتنە، دواجار هەر ئەموتارە دەیەوێت لەدەرگای ئەو تەمەنە کورتە بدات کە تێیدا هەردوو شاعیر بڕیاری کۆتایی هێنانێکی پێشوەختە دەدەن، هەر لەنێو ئەم نوسینەدا خەمۆکییەکی قوڵی روسی ئامادەگی هەیەو فەزای پڕ لە غروری یەسەنین هەندێك لایەنی بچوکی نوسینەکە بارگاویی‌و ڕەنگرێژ دەکات‌و لە هەندێك شوێندا هەوڵم داوە بە جۆرێك بنوسم کە کاریگەری نێگەتیڤ لای خوێنەر دروست نەکات.

کارەسات لەوەدایە کە هەردوو شاعیرەکە لە رۆژگارێکدا دەژین کە شۆڕشی روسی‌و جەنگی جیهانی یەکەم دەکەوێتە ئەو ماوە زەمەنییەو ئەوانیش‌وەك میراتێك (دوای تەمەنێکی کورت) ڕەشبینی‌و تێکشکانێکی فیکری بۆ خوێنەری روس بەجێدەهێڵن، ئینجا ئەگەر ئەم دوو شاعیرە تەمەنیان درێژ بووایە چ کارەساتێك دەخوڵقاو چەند نوسەرو شاعیری تریان پەلکێش دەکردە ناو بازنەی خۆکوشتن؟

خاڵی هاوبەشی ئەزمونی هەردوو شاعیرەکە ڕەشبینیو خۆکوشتنە، بەڵام لەرووی بیرکردنەوەو کەسایەتییەوە بە ئیعترافی زۆربەی رەخنەگرو نوسەرانی روس یەسەنین کەسێکی لە خۆبایی بووەو مایکۆفسکی تاسەر ئێسقان سادە، یەسەنین گوتویەتی: مایکۆفسکی شاعیرێکی بیٚ تواناو بچوکە بەڵام مایکۆفسکی بە گەورەو داهێنەرووەسفی دەکاتو لە قەسیدەیەکیدا بە ناوی (بۆ سێرگی یەسەنین) کە بەبۆنەی خۆکوشتنەکەی یەسەنینەوە نوسیویەتی دەڵێت:

**توانیت بەجۆرێک بمریت**
**کە ئەوانی دی لە جیهاندا**
**نەیانتوانی بەو جۆرە بمرن**

یەسەنین دواهەمین شاعیری گوندنشینی روسیایەو هەردووکیان لەیەك سەردەمدا ژیاونو رۆژەکانی شۆڕشی روسیاو جەنگی جیهانی یەکەمیان بینیوەو مایکۆفسکی لە ساڵی 1893 لەدایك بووەو یەسەنین ساڵی 1895. بارودۆخی ناو خێزانو ژیانی گوند بەتەواوی لە ئیشەکانی یەسەنیندا رەنگی داوەتەوەو (حسب شیخ جعفر)ی شاعیرو نوسەر لە کتێبەکەیدا بەناوی (یسینین قصائد مختارة) دا دەڵێت: شاعیر لەساڵی 1895 لە گوندێکی روسیدا کەلە هێلانە دەچێتو دەکەوێتە ناوچەی (ریازان) بەناوی (کۆنستانتینۆڤۆ) لەدایك دەبێت، منداڵێکی قژ زەردی چاوشین کە خەمۆکییەکی قوڵی روسی پیشان دەدات بەوێنەی شەوە درێژەکانی مۆسکۆ لەو گوندە هێلانە ئاسایەدا دێتە بوون. بەڵام دکتۆرە (حیاة شرارة) لە کتێبەکەیدا بەناوی (مایکۆفسکی) دەڵێت: قەوقاز بە جوانییە ئەفسانەییەکەی دەناسرێتەوە، ناوچەیەك پڕە لە شاخو دۆڵودەریاچەو ئاوی خوڕو درەختی هەمیشە سەوز کە مرۆڤ پەلکێش

دەكات بۆ رۆمانسییەت، كەواتە هەر ئەم دیمەنانەیە كەوای لە مایكۆفسكی كردووە رۆمانسی تر بێت لە یەسەنین. خلدون جاوید كە یەكێكە لە رەخنەگرە دیارەكانی عەرەب لەوتارێكیدا بە ناوی (ئایا یەسەنین مایكۆفسكییەكی ترە؟)و بە پشت بەستن بە دیراسەیەكی رەخنەگری روسی بەناوبانگ (زیلینسكی) دەڵێت: یەسەنین هەروەكو منداڵانی گوندەكەی خۆی چەتوون و چەقاوەسوو بووەو هەمیشە بەسەر درەختدا سەردەكەوت بۆ تێكدانی هێلانەی باڵندەكان و هەموو رۆژێكی یەك شەممان لەگەڵ نەنكیدا دەچوو بۆ كلێسا، هەر نەنكی یەسەنین بوو كە منداڵە پێخاوس و ئاوارەو برسییەكانی لە ماڵەكەی خۆیدا كۆدەكردەوەو چیرۆكی ئەفسانەیی بۆ دەگێڕانەوە، لێرەدا دیمەنی ئەو منداڵانە دەبێتە سەرەتایەك بۆ دروستبونی كۆمەڵێكوێنەی ترسناكوپڕ لە رەشبینیو بێهودەیی لە هزری ئەو شاعیرەی كە بوو بە یەكێك لە گەورەترین شاعیرانی روس. هەردوو شاعیر لە تەمەنێكی زۆر كورتەوە دەست دەكەن بە خوێندنەوەو نوسین و دایكی مایكۆفسكی لە نوسینی یادگارییەكانیدا دەڵێت: ڤۆلۆدیا (مایكۆفسكی) لەتەمەنی چوار ساڵییەوە كتێبی دەگرت بە دەستییەوەو هەمیشە پێی دەگوتم كە بۆی بخوێنمەوە كاتێكیش كە من سەرقاڵی ئیشی ماڵ دەبووم و نەمدەتوانی داواكارییەكەی جێبەجێ بكەم دەستی دەكرد بە گریان.

مایكۆفسكی پێش ئەوەی ببێت بە شاعیر بەرهەمی چەند نوسەرو شاعیرێكی گەورەی خوێندبۆوە ئەوانیش لە چەشنی (كریلۆڤ، پۆشكین، نیكراسۆڤ،و لیرمەنتۆڤ)،وەك دەگێڕنەوە هەركاتێك ئەگەر تەنها بۆ یەكجار شیعرێكیان بۆ خوێندبێتەوە دەستبەجێ لەبەریكردووە. مایكۆفسكی لەساڵی 1905 بەدواوە لەسەر شەقامەكان لەبەرخۆیەوە گۆرانی شۆڕشگێڕی دەگوتەوەو لەساڵی 1908 دا زیندانی دەكرێت و پاش ماوەیەك ئازاد دەكرێت بەڵام سەرلەنوێ لە ساڵی 1909 دا

دەستگیر دەکرێتەوەو هەر لەنێو زینداندا سەرجەم نوسینەکانی (بایرۆن، شکسپیر، پۆشکین‌و دیستۆیڤسکی) دەخوێنێتەوە، بەلاّم یەسەنین لەسالآنی سەرەتای خوێندنیدا سەرکەوتوو دەبێت‌و دەچێتە خوێندنگەی مامۆستایان کە تایبەت بووە بە کلێساکانی ئەوسەردەمەی روسیاو ئەمیش بەهەمان شێوە دەچێتە ژێر کاریگەری ئەلیکساندەر پۆشکین‌و لیرمەنتۆڤ کە ئەمەش خالێکی تری هاوبەشی نێوانیانە بەدەر لە خۆکوشتن، بەلاّم لە رووی هەلوێستی شۆڕشگێڕییەوە چەند جیاوازییەك لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە مایکۆفسکی هەر لەتەمەنی منداڵییەوە توشی دەستگیرکردن‌و چەوساندنەوە دەبێت بەهۆی تێوەگلانی بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانەوە هەروەها ژیانی گوندنشینی لای مایکۆفسکی هیچ کاریگەرییەك بەجێناهێلێت لەسەر دونیای شیعریی ئەو ئەمە لە حالەتێکدایە کە لای یەسەنین سەوزاییی‌و شاخ‌و دیمەنی گوندەکەی خۆی بە تەواوی کاریگەری لەسەر بەجێدەهێلێت‌و زۆر رقی لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بووەو باشترین بەلگە بۆسەلماندنی ئەم قسەیە بینیی ئەو شەمەندەفەرەیە کە بەگوندەکەیدا گوزەر دەکات‌و یەسەنین لە قەسیدەیەکیدا کە بۆ ئەو دیمەنە نوسیویەتی دەلێت:

**ئەو شەمەندەفەرە پێ پۆلاّیینەتان بینی؟**
**کە بەنێو مێرگ‌و دۆلەکاندا**
**بەونبوویی**
**لەنێو تەم‌و مژی دەریاچەکاندا**
**گوزەری دەکرد**

پاشان بەردەوام دەبێتو دەڵێت:

**ئەزیزم... ئەی شێتە كۆمیدییەكە**
**بۆ كوێ ؟**
**بۆ كوێ پێشبڕكێی لەگەڵ دەكەیت؟**
**ئەوە بە راستتە كە نازانیت**
**ئێسترە زیندووەكان بەسەر سوارچاكە پۆڵاییینەكاندا**
**سەركەوتن؟**

كەواتە لێرەدا ئاشكراو روونە كەسەوزاییو دیمەنی گوندەكەی بەتەواوی كاریگەریی لەسەر دەرونی یەسەنین بە جێدەهێڵێت جیاواز لە مایكۆفسكی. تا ئێرە قسە لەسەر خاڵی هاوبەشو جیاوازی نێوان دوو شاعیرەكە كراوە، بەڵام هەر لێرەداوتارەكە دەخوازێت كەئاراستەیەكی پڕ لە رەشبینیوەربگرێتو قسە لەسەر نا ئومێدییەكی بەردەوام بكات.

یەسەنین لە ساڵی 1923 بەدواوە (دووساڵی كۆتایی تەمەنی) كۆمەڵێك قەسیدە دەنوسێت كە تەمومژێكی زۆر لە روئیای فیكری شاعیردا دەردەخات، لە نێو هەردوو قەسیدەی (نامەیەك بۆ باپیرم)و (گەڕانەوە بۆ نیشتیمان) بە ئاشكرا هەست بە تێكشكانی شاعیر دەكرێت، تێكشكانێك كەئارەزووی خۆكوشتن لەتەمەنێكی گەنجیدا لای شاعیر دروست دەكات، لە یەكێك لەو قەسیدانەدا دەڵێت:

**ئیرەیی بە كەسانگەلێک دەبەم**
**كە ژیانیان لە جەنگەكاندا بەسەر بردو**
**بەرگرییان لە فیكرە گەورەكان كرد**
**وەلێ من، منێک كە گەنجی خۆمم كوشت**
**هیچ شک نابەم**
**تەنانەت هیچ یادگارییەک**

هەردوو شاعیر لەتەمەنێکی گەنجیداو پاش بەسەربردنی ئەزمونێکی کورت (بەلاّم گەورە) لە بواری شیعردا زۆر بە زویی ئاراستەی شیعریی خۆیان دەگۆڕن بۆ فەزایەکی پڕ لە رەشبینی، کە پێدەچێت رۆژەکانی شۆرشی روسیو جەنگی جیهانی یەکەم فاکتەری سەرەکی بن لە خەلّق بوونی ئەو ئەتمۆسفیرە پڕ لەحوزنەی نێو قەسیدەکانیان، بەلاّم رەشبینییەکە لای مایکۆفسکی بە ئەندازەیەکی زیاترە چونکە خۆکوشتنی یەسەنین پێش خۆکوشتنەکەی مایکۆفسکی دەکەوێتو ئەم قەسیدەیەی یەسەنین کاریگەری زۆر لەسەر دەروونی مایکۆفسکی بەجێدەهێلّێت کە دەلّێت:

**پێویستە خۆشنودی لە رۆژانی داهاتوو**
**دابمالّین**
**لەم دونیایەدا**
**هێندە قورس نیە کە بمریت**
**وەلیٚ بینای ژیان**
**قورسترە**

مایکۆفسکی بەردەوام رۆژژمێرێکی پێبووەو لەسەردەمی شۆڕشو جەنگدا شیعرەکانی تێدا نوسیوەو لە دوای خۆی نزیکەی (73) رۆژژمێری بەجێهێشتووەو هەندێکی تریشی فەوتاون. شاعیر لە قەسیدەکانی کۆتایی تەمەنیدا بە چەشنی یەسەنین عەبەسییەتو بوونگەرایی بەتەواوی لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە ئەگەرچی هەندێك جار یەسەنین ویستوویەتی لەو قالّبە شیعرییە بێتە دەرەوەو قسە لەسەر خۆشنودی بکات بەلاّم لە قەسیدەیەکیدا کە باس لە نامۆ بوونی خۆی دەکات دەلّێت:

**نا ... هەرگیز من لەگەڵ خۆم ناگونجێم**
**من چ شتێک نیم**
**جگە لە پیاوێکی نامۆ**
**دەمەوێت بخوێنمەوە ...وەلێ**
**کتێبەکە لە دەستم قووتار دەبێتو**
**باوێشک دەدەمو**
**بەمجۆرە**
**چاوانم دەنوقێنمو لەبەر پەنجەرەکەوە**
**دەبینم.. رەشەبایەک مەرگی خۆی هەڵگرتووە**
**هەروەکو ئەوەی**
**هەست بە نزیک بوونەوەی جەنازەیەک بکەم**

لە 28 ی دیسەمبەری ساڵی 1925 دا جەستەیەکی ساردی خۆکوشتوو لەنێو یەكێك لە میوانخانەکانی لینینگراد دا (میوانخانەی ئینگلیتێر) دەکەوێت، ئەو جەستەیەش جەستەی یەسەنینی شاعیرەووەك دەگێڕنەوە پێش مردنەکەی بە لەحزەیەکی کەم ئەم قەسیدەیەی نووسیوە:

**ماڵئاوا ئەی هاوڕێ**
**بەبێ تەوقە کردن**
**بەبێوشە**
**دڵتەنگ مەبە!!و برۆکانت مەدە لەیەک**
**لەنێو ئەم جیهانەماندا**
**شتێکی تازە نیە کە بمریت**
**بێگومان لەوەش تازەتر نیە**
**کە بژین**

فاكتەری سەرەكی خۆكوشتنی مایكۆفسكی ئەو ئافرەتە بووە (لیلیا یۆریڤنا بریك/1891–1978) كە لەگەڵی ژیاوە چونكە بەهۆی پەیوەندیی مایكۆفسكی لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە ئافرەتانی تر خۆشەویستەكەی خۆی حاشای لێدەكاتو بەجێیدەهێڵێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە شاعیر بە یەكجاری نائومێد دەبێت لە گەڕانەوەی لیلیا.

پاش خۆكوشتنەكەی لە 14 ی ئاپریلی 1930 دا (كە فیشەكێك دەنێت بەسەر دڵی خۆیەوە) لەنێو كەناڵە ئیعلامییەكاندا پڕوپاگەندەیەكی زۆر ناراستو نا تەندروست بڵاودەبێتەوەو گومان هەڵدەگرن لە خۆكوشتنەكەی بەڵام پاش پشكنینی حاڵەتەكە لەلایەن پۆلیسو دكتۆری شەرعی تایبەت بەو رووداوە بەهۆی ئەو خوێنە زۆرەی كە لێی رۆیشتووە لەو ساتەوەختە كەمەدا ئەوەیان لا ئاشكرا دەبێت كە شاعیر دەستبەجێ لەحاڵەتێكی ئاسۆیی دا لەسەر پشت دەكەوێت. لێرەدا هەست دەكرێت كە ئەم دوو شاعیرە لە زۆر لایەنی ژیانیاندا لەیەك دەچن هەر لە تەمەنی كورتەوە بیگرە تا ئەوەی كە لە گوندەوە هاتوونو تا ئەو رادەیەی كە هاوبەشن لە پرۆسەی خۆكوشتندا پاشان ئەو نوسەرە هاوبەشانەی كە هەردووكیان چونەتە ژێر كاریگەرییان، بەڵام خۆكوشتنی ئەمان جیاواز بووە لە (ژاك فاشێ) ی دادایستو سوریالیست كە ئەویش بە هەمان شێوەی (جۆرج تراكل) ی شاعیری نەمسا بە خواردنی بڕێكی زۆر لە كۆكایینو ماددەی بێهۆشكەر كۆتایی بەخۆی دەهێنێت.

دواجار یەسەنین خۆی دەكوژێتو مایكۆفسكی سەرزەنشتو ئیدانەی ئەو خۆكوشتنە دەكات بەڵام دوای پێنچ ساڵ ئەویش هەمان كردەوەی هاوڕێكەی دووبارە دەكاتەوە.

**سەرچاوەكان:**

1- لمايكوفسكى: بدايات الخيبة والانتحار، ابراهيم العريس، جريدة الحياة 2004/12/30.

2- لشاعر يسينين.. هل هو مايكوفسكى آخر؟ - خلدون جاويد، موقع البيت العراقي.


3- كيف يمكن للانسان ألا يحب فولوديا؟ بورتريهات نسائية لمايكوفسكي، أحمد عبدالعزيز، موقع جهة الشعر الالكتروني.

4- صحيفة الوطن السعودية_ الاثنين 15 ربيع الآخر 1426هـ الموافق 23 مايو 2005م العدد(1697) السنة الخامسة.

5- فلاديمير مايكوفسكي في ذكرى انتحاره، صوت الثورة و ضحيتها، د.ابراهيم استنبولي، مدونات مكتوب، السبت 14 تموز 2007.

## لەنێوان گییوم ئەپۆلینێر و لویس ئەراگۆندا ..
## سوریالیەت و بۆهیمیا !!





هەرچۆنێك بێت، باوكێكی ئیتالی كە ئەفسەرە لە سوپای ئیتالیا لەگەڵ دایكێكی پۆڵۆنی كە ئەرستۆكراتییەكی رەسەنە منداڵێكی سوریالی لێوانلێو لەشێتی دەخەنەوە بە ناوی ئەپۆلینێر، شێتی ئەم منداڵەش پاش تەمەنێكی كەم بارگاوی دەبێت بە داهێنانێكی بێ ئەوپەڕ. ئەپۆلینێر یەكێك بوو لە شاعیرە سوریالییە گەورەكانی فەرەنسا، لەساڵی 1880دا لەدایك دەبێتو دەیەوێت لە ساڵی 1918دا بە شێوەیەكی شێتانە بمرێت كە ئەویش لە جیاتی ئەوەی تراژیدیایەك بخوڵقێنێت كۆمیدیایەك بەرجەستە دەكات.

پێش ماوەیەك بە كۆتایی هێنانی جەنگی جیهانی یەكەم لای هاوڕێ سوریالییەكانی دەڵێت: "دەمەوێت بچمە نێو ئەو جەنگە نەگریسەو بە فیشەكێكی وێڵ كاسەی سەرم هەڵبگرم"، پاش چەند رۆژێك دەچێتە نێو رووداوەكانی جەنگەكەو مردنێكی سوریالی دەمرێتو بەوپەڕی كۆمیدیاوە چارەنوسی خۆی دیاریدەكات، بەڵی.. فیشەكێكیوێڵ كەلـــەسەری هەڵدەگرێتو هەر لەو ماوەیەدا بەهۆی كاریگەری ئەو فیشەكەوە گیان لەدەست دەدات، بیرمان نەچێت ئەپۆلینێر كۆمەڵێكوێنەی هەیە كە لە هەموویدا سەری شكاوەو بەردەوام لەفافی لەسەریەوە پێچاوە.

شاعیر خوێندنی ئامادەیی لە فەرەنسا تەواو دەكاتو ساڵێك لە ناوچەی (الاردین)ی بەلجیكی دەمێنێتەوەو پاشان روودەكاتە ئەڵمانیاو لەوێ عاشقی كچێكی ئینگلیز دەبێتو لەژێر كاریگەری خۆشەویستی ئەو كچەدا قەسیدەی (سترانی عاشقی سەختگەر) دەنوسێتو پاش ماوەیەك دەگەڕێتەوە بۆ پاریسو دەبێتە ئەندامی بزاوتی تەلیعییەكان لە بواری شیعرو هونەرداو هەر لەوێ (پاریس) لە گۆڤارو بڵاوكراوەكاندا كۆمەڵە بابەتێك لەسەر هونەری تازەگەر دەنوسێت كە لە (بیكاسۆو جۆرج براك) دا تەجسیدی دەكات.

دكتۆر عبدالحميد الجيدة سەبارەت بە ئەپۆلینێر لەكتێبەكەیدا بە ناوی (دەربارەی ئاراستە تازەكانی شیعری عەرەبی) دەڵێت: "ئەپۆلینێر كۆمەڵە قەسیدەیەكی نوسیوە كە تەنها دەتوانرێت بە دوكەڵی جگەرەو بۆینباخو كاتژمێرو نافوری ئاو یان باران بچوێنرێت"، چونكە پێشتر ئەپۆلینێر دەربارەی ئەو قەسیدە سوریالییانەی خۆی كەمۆركێكی بۆهیمی هەڵدەگرێت گوتویەتی: "ئەو قەسیدانە لە ماوەی جەنگی جیهانی یەكەمدا لەسەر پولی پۆست نوسیومن، ئەو پۆستانەی كە لە جەنگەوە دەمناردنەوە". ئەم ئیعترافكردنەی ئەپۆلینێر كۆمیدیاو پێكەنینێكی گەورەی خولقاند لە نێوان هاورێ هونەرمەندو شاعیرەكانیدا. رەنگدانەوەی شێتیو سوریالیەتو نائینتیمابوون لە شیعرەكانی ئەپۆلینێردا دەگەرێتەوە بۆ ژیانە سەیرو سەمەرەكەی، چونكە سەرەرای شاعیربونی ئەو بلیمەتە دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت كەیەكێك بووە لەوێنەكێشە سوریالییەكانی ئەو كاتەی پاریس.

سوریالیزم بە تەواوی قوتابخانەیەكی یاخیگەر بووەو یەكێك لە هونەرە پڕ لەسەیرو سەمەرەكانی ئەم رێبازە هونەری (كالیگرام) بووە، هونەرەكەش بریتیبووە لە دزینیوێنەی كەسێك یان خێزانێك (زۆرجار بنەماڵەیەكی ناودار) بەبێ ئاگاداری كەسەكە یان بنەماڵەكە پاشان دەهاتن لەسەروێنەكە كۆمەڵێك قسەی حەلەقو مەلەقیان دەنوسیو دوای ماوەیەكوێنەكەیان لە رۆژنامەیەك بڵاودەكردەوە كە زۆرجار دەبووە هۆی دروستبونی كێشەی كۆمەڵایەتی لە نێوان شاعیرو خاوەنوێنەكەدا، كەواتە ئەمە ئەوپەڕی پلەی نائینتیمابونو بۆهیمیەتی ئەو شاعیرە سوریالیانەی ئەو سەردەمەمان بۆ دەسەلمێنێت كە بەردەوامویستویانە لەرێی كارەكانیانەوە رۆژە ناشرینەكانی سەردەمی جەنگو كارەسات بەشێوەیەكی یاخیگەرانە فەرزو نابوت بكەن.

لەساڵانی هەشتاكانەوە ئەو تەوژمە عەبەسیو سوریالییە بەشێوەیەكی بەرچاو لەلایەن شاعیرە عەرەبەكانەوە ئیشی پێدەكراو تا كار گەیشتە ئەوەی كەهەندێك لەشاعیرانی كوردیش بەو ئاراستە پڕ لەرەشبینیو نائینتیمابوونو سوریالیەتەدا رۆشتنو تەنانەت هەندێك لە شاعیرانی كوردوەك تەقلیدێكی سەقەتوناشرینی ئەو بلیمەتانە هەردوو ئاراستەی شیعرووێنەكێشانیان گرتەبەر.

پانتاییەكی تری جوگرافیای ئەم نوسینەم بۆ قسە كردن لەسەر لویس ئەراگۆن تەرخانكردووە ئەو بلیمەتەی كە بە چەشنی ئەپۆلینێر لێوانلێو بووە لە شێتیو سوریالیەتو بێئینتیما بوونو بۆهیمیەت.

شاعیر لە ساڵی 1897 لە (پاریس) ی پایتەختی جوانیو هونەرو عەتر لەدایك دەبێتو دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریا دەیەوێت لە بواری پزیشكیدا بخوێنێت بەڵام كاتێك لەتەمەنی بیست ساڵیدا (ئەندرێ بریتۆن) ی پێشەوای رێبازی سوریالیزم لە (ڤاڵ دی گراس) دەناسێت بەیەكجاریواز لەخوێندن دەهێنێتو دەڵێت: "ناسینی بریتۆن بۆ من لە كاری پزیشكی باشترە"، پاشان بەتەواوی ژیانی خۆی تەرخان دەكات بۆ شیعر.

یەكێك لە دیوانە شیعرییە سەرنجڕاكێشەكانی كە ناوێكی سوریالی لەخۆگرتووە دیوانێكە بەناوی (میوە بە تامی لم)، لەپاڵ ناوی بلیمەتێكیوەك ئەراگۆندا هەمیشە ناوی ئەم شاعیرانەش ئامادەگییان هەیە كە هەریەكەیان نرخو بەهای لەوانیتر كەمتر نیە ئەوانیش لە چەشنی (جیرار دۆنێرڤال، چاڕلس بۆدلێر، لۆتەریامۆن، مالارمێ، رامبۆ لەگەڵ ئەپۆلینێر).

ئەراگۆن لەسەرەتای كارە ئەدەبییەكانیدا لەگەڵ كۆمەڵێك خەیاڵی سوریالیدا پەلكێش دەكرێتە ناو حیزبی شیوعی فەرەنسی، بەڵام چونكە شاعیر دەیەوێت بەشێوەیەكی سوریالی كار لەناو حیزبی شیوعیدا بكاتو ئەوانیش رێگەی نادەن، هەربۆیە لە ساڵانی كۆتایی تەمەنیدا بەتەواوی لە

حیزبی شیوعی پاشگەز دەبێتەوە، ئەگەرچی لەچاو شاعیرانو نوسەرانی تری فەرەنسادا ئەراگۆن زۆرترین سالْ لەناو ئەو حیزبەدا مایەوە.

له سالانی سەرەتای رێبازی سوریالیزمدا هەریەك له ئەندرێ بریتۆنو لویس ئەراگۆنو فیلیپ سۆپۆ گۆڤاری (ئەدەب) دەردەكەنو بریتۆنی پێشەوای ئەو رێبازە به پشتبەستن بەتیۆرەكانی فرۆیدو بەهاوكاری فیلیپ سۆپۆ (كەتەمەن درێژترین سوریالیست بوو) كتێبی (كایە موگناتیسییەكان) دەردەكەن، پێش ئەو ماوەیەش كاتێك دادائیەت دروستبوو هەریەك له ئەراگۆنو بریتۆنو پۆلْ ئێلوار چونە ناو ئەو بزاوتە یاخییە بەلام هەر ئەم گروپە سێ كەسییە دەستێكی بالایان هەبوو لەهەلوەشاندنەوەی دادائیەتو توانەوەی ئەو بزاوتە لەناو بۆتەی سوریالیزمدا.

سوریالییەكان دەیانگووت: "سوریالیزم گەمەیەكی بەلاش نیە، بەلكو بزوتنەوەیەكە دەیەوێت كەشفی موخاتەبەی عەقلێكی شاردراوە نەك ئاشكرا بكات". لەیەكەم مانیفێستی سوریالیەكاندا (رۆنێ كرۆفیل) دێتە ناو كەشوهەوای سوریالیەتو بریتۆنیش دەربارەی كرۆفیلو شوناسی بزاوتەكە دەلێت:"سوریالیزم پاپۆرێكە رۆنێ كرۆفیل لەناو شەپۆلەكانی دەریادا دەیهاژوێت".

ئەراگۆن سەرەڕای ئەووێنە سوپەرواقیعیانەی كە لەژیانیدا هەبووە كەسێكی شیك بووەو زۆر مەیلی بەلای ئافرەتاندا چووە به تایبەت لەگەلْ ژنە نوسەری روسی (ئێلزا) كەسەر به بنەمالەی شاعیری روسی خۆكوشتوو (مایكۆفسكی) بووەو هاوڕێی هەموو تەمەنی ئەراگۆن بووەو بۆ یەكەمجار لەسالی 1928دا له قاوەخانەی (مۆنبارناس) بەیەك دەگەن.

دواجار دروستبوونی سوریالیزم بوو بەهۆی دەركەوتنی كۆمەڵێكی زۆر لە قوتابخانەی یاخیگەرو بۆهیمی.

**سەرچاوەكان :**


1- مجلة الأدب الإسلامي/ المجلد الأول/ العدد الرابع/ ربيع الثاني (1415هـ) ص44-46.

2- اندرية بروتون والسريالية، المعرف الحديثة، الآداب1 ، المجلد الثالث.

3- عصام محفوظ، لقاءات شخصية مع الثقافة الغربية، دار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع- 1983.

4- أراغون، المعرف الحديثة، المشاهير1، المجلد السابع.


**ماڵپەڕەكان:**


www.nizwa.com

www.islamweb.net

**سوپاس بۆ:** برایانی بەڕێزو خۆشەویستم لە ڕەخنەی چاودێر، کە ئەم کتێبەیان بە پرۆژەیەکی خۆیان قبوڵکرد.